# ڕێزمانی پاشگری دووپاتی

## ((ەوە))

د. شێرکۆ بابان

چاپی یەکەم

2001


**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**کوردستان/ هەولێر ت. (٢٢٢٩٩٩٢)**

e.mail:mukriani@yahoo.com

- **کتێبی ژمارە:** (٥٠)
- **کتێب:** ڕێزمانی پاشگری «ەوە»
- **نووسینی:** د. شێرکۆ بابان
- **هونەرکاری:** قاسم قادر
- **چاپی یەکەم:** ٢٠٠١
- **ژمارەی سپاردن** (٢١١)ی ساڵی ٢٠٠١ دراوەتێ.
- **چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**

# ناوەرۆك


دەستپێك 5
بەشی یەکەم : جۆرەکانی پاشگری (ەوە) 9
١ :١– لەگەڵ ریێژەی کاردا 9
١ : ٢– پاشپرتی ئامرازی پەیوەندی 11
:٣– لەگەڵ ئاوەڵکاری شوێن دا 12
١ :٤– لەگەڵ وشەی (دیسان)دا 12
١ :٥– هەڵەی لاکۆڵان. 14
١ :٦– پوختەیەك بۆ بەشی یەکەم 14
بەشی دووەم : پانۆرامەیەك بۆ پاشگری‌کار (ەوە) 17
٢ :١– لە رووی دەنگسازی‌یەوە 17
٢ :٢– لە رووی وشەسازی‌یەوە 21
٢ :٣– روخساری (ەوانێ) 23
٢ :٤– ناوی (بکەر) 25
٢ :٥– لە رووی رستەسازی‌یەوە. 26
بەشی سێیەم : لاروخسارەکانی پاشگری (ەوە) 29
٣ :١– سەرەتایەك 29
٣ :٢ – لاروخساری (رەوە) 30
٣ :٣– لاروخساری (تەوە) 31
٣ :٤– لاروخساری (یەوە) 33
٥:٣– لاروخساری (وەوە) 34
٣ :٦ – پوختەیەك بۆشی سێیەم. 35
بەشی چوارەم : پاشگری دژواتایی "ەوە" 39
٤ :١– دووبارە بوونەوە بەنیو سوورٍ (دژواتایی): 39
٤ :٢– نەخشەی دژ ئاراستەیی: 40
٤ :٣– جۆرەکانی دژواتایی 44
٤ :٤– رووکارەکانی دژئاراستەیی 45

٤ :٥- میكانیزمی واتادانەوە لە دژواتاییدا. 47
بەشی پێنجەم : پاشگری دووپاتی "ەوە" 51
٥ :١- دووپات بوونەوە بە (وچان). 51
٥ :٢- دووپات بوونەوە بە (سوور). 53
٥ :٣- میكانیزمی واتا دانانەوە لە دووپاتیدا. 55
بەشی شەشەم : پاشگری واتاگۆڕی "ەوە" 61
٦ :١- واتای بنجی لە چاوگی یەكلۆدا. 61
٦ :٢- واتای بنجی لە چاوگی دوولۆدا. 64
٦ :٣- جۆرەكانی واتای گۆڕاو. 67
٦ :٤- واتای ئەنجامدانی بە تەواوی. 68
٦ :٥- واتای ریتم و بەردەوامی. 73
٦:٦- باری تایبەتی 75
بەشی حەوتەم : واتای خوازراو 79
بەشی هەشتەم : لیستەی چاوگی دوولۆ: تێنەپەڕ 87
بەشی نۆیەم: لیستەی چاوگی دوولۆ: تێپەڕ 109
بەشی دەیەم: بەرەنجام و شرۆڤەكاری 137
١٠ :١- لە بەرەنجام دا . 137
١٠ :٢- گەمەیەكی واتاسازیانە 139
١٠ :٣- ئاكاری دژواتایی 142
١٠ :٤ـ ئاكاری واتا گۆڕی. 143
١٠ :٥- گەمەیەكی سێلایەنە. 145
١٠ :٦- زاڵبوونی واتایی لە پاشگری (ەوە)دا. 146
١٠ :٧- پانۆرامای واتاكانی پاشگری (ەوە). 147
سەرچاوەكان 149
فەرهەنگۆك 153
پاشكۆ 166

# دەستپێك

هەر لە سەرەتای ئیشەکانەوە، ئێمە هەستمان دەکرد کە پاشگری دووپات کردنەوە (ەوە) رۆڵێکی گرنگ و سیمایەکی تایبەتی هەیە لە زمانەکەدا. هەر لەبەر ئەوە بایەخێکی تایبەتیمان پیّ‌ی دەدا و دەمان خستە نێو گۆشەی بیرەوە. بیّ گومان، هەستمان بە ئەوە کرد کە ئەم رەگەزە رێزمانی‌یە گشتی‌یە و دەچێتە سەر هەر هەموو کاری زمانەکە و لە هەر کارێکیش دا، دەچێتە سەر هەر رێژەیەك، یان هەر ناوێك کەلە سەر بنجەکەی رۆنرابێت. لەپاشتردا، هەست کرا کە کاری (بوون) و دارشتە هاورێزمانەکەی (هەبوون)، خۆیان جودا دەکەنەوە و ئەم رەگەزە گرنگە وەرناگرن. ئەم دیاردەیەش بوو بە هۆی ئەوەی کە پاشگری (ەوە) ببێت بە یەکێك لە ئەو چرایانەی کە ریّ‌ی ئێمە روون دەکەنەوە لە دارستانە چڕو ئەستورەکەی زمانەکەدا.

لەساڵی ١٩٩٤دا، روومان کرد لە ئەم رەگەزە رێزمانی‌یە و خستمانە ژێر میکرۆسکۆپی لێکۆڵینەوە. بە وردی و بە کوردی و لە هەموو کۆشەنیگایەك و لە هەموو پێچ و پەنایەکەوە وێنەمان دەگرت. لە سەرەتادا، جیّ‌یەکەی دیاری‌کرا، بە خانەی [–٨]، کە دەکەوێتە پاش خانەی [–٧]، کە ریزە جێناوی ( م، یت، ێت، ین، ن، ن ) هەڵ دەگرێت. لە پاشتردا، باری دەنگسازی و وشەسازی لێکدرایەوە و ئەمجار رووکرا لە ئاستی واتاسازی. لە راستی‌دا، ئەم ئاستەی دوایی کێشەی زۆری لە خۆی گرتووە و بارەکە زۆر لێڵ و تەمومژدارە و بە ئاسانی لێك نادرێتەوە و رێزمانی زمانانی دیکە دادی نادات. واتە، لە ئاستی واتاسازی‌دا، پاشگری (ەوە) بە جوانی روو دەکات لە مۆرکی تایبەتی و لە ئاکارە دەگمەنەکانی زمانەکە. لە ئەم ئاستەدا، بینرا کە زمانەکە چەند هەژار و بیّ رێزمانە، چونکە ئەو چەند لێکۆلینەوەیەی کە ئەنجام دراوە، باری قووڵی دەرناخەن و هەر خەرمانێکی گەورە لە نموونە و لە بارەکانی ئەم رەگەزە پیشان دەدەن. هەر لەبەر

ئـەوە، ئێمە ئەو بابەتانەمان کرد بە (کەرەستەی خاو) و لە نێو زمانەکەدا بۆ ڕێچکەیەکی بیردۆزەیی گەڕاین و لەئەنجامدا سێ ڕێچکەی واتایی دەست نیشان کران، وەك :

ڕێچـکەی یەکـەم : واتـای دووپـاتی، کـە هەموو کاری زمانەکە دەگرێتەوە، چونکە گشتی‌یە، (بەشی‌پێنجەم).

ڕێچکەی دووەم : ئاکاری دژواتایی، کە تایبەتی‌یە و تەنها ئەو کارانە دەگرێتەوە کە دژواتا، یان دژاراستەیان هەیە، (بەشی چوارەم).

ڕێچـکەی سـێیـەم : ئاکـاری واتـاگۆڕی، کـە زۆر تایـبەتی‌یە و تـەنها هـەندێك کار دەگرێتەوە و لە ڕێچکەی واتای خۆیان دەیان ترازێنێت، بەرەو واتایەکی دیکە، (بەشی شەشەم).

لـە ڕاسـتی‌دا، وردەکاری‌یـەکی زۆر و شـرۆڤەکاری‌یەکی فـراوان لـە سـەر ئـەو سێ ڕیـچـکەیە ئـەنجام دراوە. تەنانـەت، هـەندێك لـە ئـەو ئیشـانە نەخراوەنەتە نێو ئەم کتێبە چونکە هێشتا وەك پێویست یەکلایی نەکراوەنەتەوە. لە گەڵ ئەوەش دا، هەستمان کرد کـە بابەتەکـە لـە ئـەو ئاسـتەدایە کـە بـە گشتی بڵاوبکرێتەوە. لە سەرەتادا، دوو نووسین بڵاوکـراونەتەوە و بیـنرا کە هەستی زۆر کەس دەهەژێنێت. هەر لەبەر ئەوە توانیـمان کە زۆربـەی زانیاری‌یـەکان مشـت و ماڵ بکەین و بی‌خەینە نێو ئەم کتێبە. بە ئەو هیوایەی کە منداڵە چاوگەشەکان بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

سـەبارەت بە باری بیردۆزەیی لە ڕێزمانی ڕستەدا، ئێمە ئەم جارەش ڕوودەکەینەوە لە کەرەستەی ڕێزمانی (پلیکانەی ڕستە) کە هەموو خانەکانی ڕستەی زمانەکە ریز دەکات و لـە نەخشـەیەك دا کۆیان دەکاتەوە. لە ڕاستی‌دا، ئێمە زۆر دەستمان پاراستووە لە ئاستی خانـەڕێژی و نـەمان ویسـتووە کـە بابەتـە گرانەکە زۆرتر خەست بکەینەوە و خوێنەری ئازیـز دڵـنامۆ بکـەین. بێ‌گومـان، ئەگـەر ئـەو پـلیکانەیە لە ئەو کتێبەدا کەڵکی نەبێت، هـەرهیـچ نـەبێت کـەڵکی ئـەوەی دەبێـت کـە خانەی بیرکاری‌یانەی ئەم ڕەگەزە دیاری بکـات، کـە بریـتی‌یە لـە خانـەی [–٨]. لـە لایەکی دیکەوە، وەك پاشگری دووپاتی لە

سەرەوە دەخشێت لە خانەی [-٧] لە کلکەوە دەخشێت لە خانەی [-٩]. ئەم خانەیەی دوایی ئامرازی پەیوەندی ئاراستەیی هەڵ دەگرێت، لە چەشنی (ـەسەر) لە نموونەی (خستمنەوە ـەسەری). لەسەر خشتەی داهاتوو ئەو کەرەستە ڕێزمانییە پیشان دەدەین، بۆ ئەوەی یەکەم هەنگاوی ئێمە و هی ئارەزوومەندان و هیڕیزماننووسان بە وردی و بەدروستی و بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە دەست پێبکات.

| خانە | ئەرکی ڕێزمانی |
|---|---|
| (-) | . |
| (+٦) | بکەری جودا |
| [+٥] | بەرکاری جودا |
| | جێبازی پێنجەم (بەرکار) |
| [ +٤] | خانەی ئامرازی پەیوەندی |
| | جێبازی چوارەم (ئامراز) |
| [+٣] | خانەی پێشگری واتا گۆڕ |
| | جێبازی سێیەم، (پێشگر) |
| [+٢] | خانەی نەرێ (نە، نا، مە، نی) |
| | جێبازی دووەم (نەرێ) |
| [+١] | خانەی پێشکاری بەردەوامی (دە،بـ) |
| | جێبازی یەکەم (بەردەوامی) |
| [سفر] | خانەی بنجی کار (سووت، گر ..هتد) |
| [-١] | خانەی ڕەگەزی تێپەڕاندن (ێن،ان) |
| [-٢] | خانەی بکەر نادیاری (ر) |
| [-٣] | خانەی نیشانەکانی ڕابردوو (ا،د،ت،ی،و) |
| [-٤] | خانەی ڕابردووی دوورو تەواو (بوو،و) |
| [-٥] | خانەی نیازداری وگومانداری لە ڕابردوودا |
| (-٦) | خانەی جێناوی لکاوی جێگۆڕ |
| (-٧) | خانەی جێناوی لکاوی جێنەگۆڕ |
| [illegible] | خانەی پاشگری دووپات کردنەوە (ـەوە) |
| [-٩] | . |

| | |
|---|---|
| (−) | ٠ |

**کەرەستەی ڕێزمانی: پلیکانەی ڕستە لە ناخی بیردا**

# جۆرەکانی پاشگری (ەوە)

## ١ :١- لەگەڵ ڕێژەی کار دا:

وەك بنەمەمایەك بۆ ڕەگەزی دووپات کردنەوە، دەتوانین بڵێین:

[لە ڕووبەری هەموو زمانەکە دا ڕەگەزی (ەوە) دەچێتە سەر هەموو چاوگێکی یەك لۆ دەی‌کات بە دوو لۆ. تەنها دوو کردار لە ئەم بنەمایە دەرباز دەبن، کە بریتین لە (بوون) و(هەبوون)].

بەپێی ئەم بنەمایە، بێ جگە لە (بوون و هەبوون) دەبێت ئەم ڕەگەزە بتوانێت بچێتە سەر هەموو چاوگێك لە زمانەکەدا، وەك:

نووسین: نووسینەوە

هەڵ گرتن: هەڵ گرتنەوە

نە ڕویشتن: نە ڕوشێنەوە

سووتێنران: سووتێنرانەوە

کردن : کردنەوە

خۆشۆردن: خۆشۆردنەوە

مان: مانەوە

دان: دانەوە

فرۆشتن: فرۆشتنەوە

ڕەگەزی (ەوە) وەك پسوولەی بڕیوە کە بچێتە سەر هەموو چاوگێکی زمانەکە، بۆی هەیە کە بچێتە سەر هەر ڕێژەیەك کە لە چاوگەوە گەردان کرابێت. ئەم ڕاستی‌یە، دەتوانین بی‌کەین بە بنەمایەك، وەك:

[ئـەو چـاوگانەی کـە ڕەگـەزی (ەوە) وەردەگرن هەر ڕێژەیـەك یـان هەر وشەیـەك کە ڕۆنرابێت لێیانەوە، دەتوانێت ئەو ڕەگەزە وەربگرێت].

بـۆ نموونـە، (سـووتان، سـووتاندن، سـووتێنران) دەبـن بە (سووتانەوە، سووتاندنەوە، سووتێنرانەوە). یان هەر ڕێژەیەك لە ئەو کردارانەوە پەیدا بووبێت دەتوانێت ئەو ڕەگەزە وەربگرێت، وەك:

جارێکی تر دارەکە سووتایەوە

جارێکیتر منداڵەکە دارەکەی سووتاندەنەوە

جارێکیتر دارەکە سووتێنرایەوە

بەرانـبەر بـە ئـەم بـۆ چوونە زۆرجار لێڵی پەیدا دەبێت. بۆ نموونە، ناوی بکەر لە ئەو سێ کردارە، بە ئەم چەشنە ڕیز دەبێت:

سووتان: سووتاو

سووتاندن: سووتێنەر

سووتێنران: سووتێنراو

ئێستا ئەو سێ ناوە دەبێت ڕەگەزی (ەوە) وەربگرن و ببن بە:

سووتاو: سووتاوەوە

سووتێنەر: سووتێنەرەوە

سووتێنراو: سووتێنراوەوە

ئـەم ڕوخسـارانەی دوایـی بـە ڕێـزمان دروسـت دەبن، بەڵام بێبرەون لە زمانەکەدا. ئەمـەش کێشـەیەکە پێویسـت بـە زۆرتـر دەکات و لەئێرەدا ئەوهەندە بەسە. بێ گومان، بێجگـە لە ئەم بەشە، هەموو بەشەکانی نێو کتێبەکە بەراستەوخۆیی تەرخان کراوە بۆ ئەم بابەتە.

## ٢:١- پاشپرتی ئامرازی پەیوەندی:

لەسەر خشتەی ئامرازی پەیوەندی، سێ روخساری جودا و سێ روخساری لکاو پاشپرتی (ەوە) هەڵ دەگرن، وەك:

بە-----ەوە: بە (نان)ەوە ناخورێت

لە-----ەوە: لە (گەرمیان)ەوە هاتووە

ـە نێو------ەوە: دەچێت [ ەنێو(گیرفان)ەوە]

پێ------ەوە: پێ (مان)ەوە ناهێت.

لێ------ەوە: لێ (تان)ەوە دیارە

تێ------ەوە: تێ (ی)ەوە گلاوە

لە ئەو شەش روخسارەدا، رەگەزی(ەوە) رەگەزێکی سەربەخۆ نییە بەڵکو پاشپرتێکە، یان کەرتێکە لە ئامرازەکە، چونکە ئەگەر ئەو رەگەزە لابرا، ئەوا ئامرازێکیتر دەردەکەوێت، کەوا لە ئەو بەکارهێنانە دیاری کراوەدا واتاکەی بەراویتە دەبێت، وەك:

بە (نان). دەخورێت

لە (گەرمیان). هاتووە

دەچێتە نێو (گیرفان).

پێ (مان). ناهێت

لێ ( تان).دیارە

تێ (ی). گلاوە

ئەم واتا لەنگانە لە رستەی یەکێك دەچن کەوا تازە فێری زمانەکە بووبێت. لە زۆر ناوچەش دا ئەو پارچۆلکەیە وەك (را) دەردەکەوێت، وەك:

لە (هەولێر)ەوە: لە (هەولێر) را

لە (گەرمیان)ەوە: لە (گەرمیان) را

### ١: ٣: لە گەڵ ئاوەڵکاری شوێندا:

وەك:

بەر: بەرەوە: بەرێ

سەر: سەرەوە: سەرێ

ناو: ناوەوە: ناوێ

ژێر: ژێرەوە: ژێرێ

ژوور: ژوورەوە: ژوورێ

دەر: دەرەوە: دەرێ

پێش: پێشەوە: پێشێ

پاش: پاشەوە: پاشێ

لە ئەوە وشانەدا چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەکەم: ئەوانەی رەگەزی (ەوە) هەڵ دەگرن (ناو)ن، وەك:

(سەرەوە) ناخۆشە (ناوەوە) خۆشترە

(ژوورەوە) گەرمە (دەرەوە) فێنکترە

برۆرە (پێشەوە)، مەچۆرە (پاشەوە)

دووەم: دەنگی (ێ) دەتوانێت جێی (ەوە) بگرێتەوە بە ئاوەڵکاری شوێن. ئەمەش رێگایەکی باشە بۆ جوداکردنەوەی لە جۆرەکانیتر، وەك:

چووە دەرەوە : چووە دەرێ

هاتە ژوورەوە: هاتە ژوورێ

### ١:٤- لە گەڵ وشەی (دیسان):

زۆر جار روخساری (ەوە) بە روخسارە جیاوازەکانی (دیسان) ەوە دەلکێت، وەك:

دیسان: دیسانەوە

هەمدیسان: هەمدیسانەوە

هەمیسان: هەمیسانەوە

هەمدیس: هەمدیسەوە

لە راستیدا، ئەم روخسارانە هەر چەند کە بە هەمە جۆری دەربکەون لە زمانی نووسین دا، بەلاّم وشەی (دیسان) کۆیان دەکاتەوە و واتای دووبارە بوونەوەی رووداوی کارەکان بە جوانی دەبەخشێت. کەواتە، لە هەنگاوی یەکەم دا دەبێت پاشگری (ەوە) هەڵ بگرین و لە هەنگاوی دووەم دا دەبێت پێشگری (هەم) لابەین. لە نموونەی سێیەم دا، دەنگی (دال) گۆنەکراوە و دەبێت گۆبکرێت و بنووسرێت وەك نموونەی دووەم. لە نموونەی چوارەم دا، لابردنی پێشگری (هەم) دەبێت بە هۆی مانەوەی کەرتی (دیس)، کە بێ واتایە لە بەکارهێنان دا. کەواتە، روخساری (دیسان) شیاوە و بە شێوەیەکی گشتی لە ئەو نموونانەدا، پاشگری (ەوە) بە هەڵە لکێنراوە بە ئەو روخسارانەوە. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین کە ئەم کەرەستەیە بەجێ‌گۆڕکێ بازی دابێت بۆ سەر ئامرازی (دیسان)، لە کارەوە، وەك:

دیسان (–) هات (ـەوە)

لە جیاتی

دیسان (ـەوە) هات (–)

لە بەرانبەر دا ئەگەر گوترا:

دیسان (ـەوە) هات (ـەوە)،

ئەوا هیچ ناگۆڕین لە واتای رستەکە، مەگەر ڕێژەکە پەرپووت بکەین بە کەرەستەیەکی چەل و سەربار.

## ١:٥-هەڵەی لاكۆڵان:

زۆر جـار بـە هەڵـە رەگـەزی (ەوە) لـە جـێی خـۆی دەتـرازێت و لە جێـیەکی تردا دەگیرسێتەوە کە جێی ئەو نیـیە، وەك:

–سوور (ەوە) کردن

–پاك (ەوە) بوون

–سارد (ەوە) بوون

–راست (ەوە) بوون

–چەوت (ەوە) بوون

–گەرم (ەوە) بوون

لـە راسـتیدا، نموونـەی ئاوها زۆرن و زۆرجار لە زمانی لاكۆڵانەوە دەپەرێتەوە بۆ نێو نووسـین، بـەبێ ئـەوەی نووسەرەکە بە خۆی بزانێت. لە ئەم روانگەیـەوە، دەتوانین بڵێین پاشـگری (ەوە) جـێی رەسـەنی خـۆی هەیـە. واتـە، خانەکـەی بەجێ هێشتووە بووە بە بارگەی گیرفانێك لە رستە دا، بە ئەم چەشنە:

شیلان خۆی (ی) چاك (ەوە) کرد (–)

ئەگەرنا، دەبا ئەم رستەیە بە ئەم چەشنە رێنووس کرابا:

شیلان خۆی (ی) چاك (–) کرد (ەوە)

سـەرنج: لـە بەشـی دووەم دا، جارێکی دیکە ئەم بابەتە سەودا دەکرێتەوە، لە رووی جێ گۆڕکێ و رستەسازیـیەوە.

## ١-٦: پوختەیەك بۆ بەشی یەکەم:

مامۆستا (رەئووف ئالانی)یش لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە کردار، دەڵێت:

[پاشگری (ەوە) کەرەستەیەکی رێزمانی گشتـیـیە]. واتە، دەتوانێت بچێتە سەر هەموو کردارێك. ئەو کردارەش چیبنجی، یـان سادە، یـان دارێژراو، یـان لێکدراو بێت.

**کەرەستەی (ەوە) دەچێتە سەر چاوگی ئەو کردارانە. واتە، دەچێتە سەر هەموو ڕێژەیەکی چالاکی کردارەکە، وەکوو لە بنەماکاندا باس کرا. ئەمەش چەند نموونەیەکە لەسەر ئەو ڕاستی‌یە:**

**کەوتن+ەوە ← کەوتنەوە**

**کەواندن+ەوە ← کەواندنەوە**

**کەوێنران+ەوە ← کەوێنرانەوە**

**یان، نووسین+ەوە ← نووسینەوە**

**نووسران+ەوە ← نووسرانەوە**

**ئەو پێنج نموونەیەی پێشاندراون، مەرج نی‌یە کە هەر بنجی بن، یان هەر سادە بن، دەتوانن لێکداوبن یان دارێژراو بە ئەم چەشنە:**

**دارێژاو: هەڵ گرتن ← هەڵگرتنەوە**

**هەڵ گیران ← هەڵ گیرانەوە**

**داکەوتن ← داکەوتنەوە**

**داکەواندن ← داکەواندنەوە**

**داکەوێنران ← داکەوێنرانەوە**

**ئەم کەرەستەیە گشتی‌یە و ژمارەی کرداری زمانەکە لە گەڵ ژمارە دوودا لێك دەدات. وەك لە سەرەوە دەرخراوە، ژمارەی ئەو(١٠) چاوگە بووە بە (١٠×٢). واتە، بیست چاوگ هەیە و هەر چاوگێکیش دەیان ڕێژەی چالاکی هەیە. بەئەم ڕێگایە ژمارەی کرداری زمانەکە چەندجارە دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەم کەرەستەیە وەك گشتی‌یە بۆ هەموو کردارێك، بەڵام لە (بووە و هەبوون) دا بێ‌بڕشتە. ئەمەش بریتی‌یە لە چەند نموونەیەك ، کە دەی‌سەلمێنن کە ئەو ڕەگەزە لە رووبەری ڕانەبردووی تەواودا نی‌یە، بە ئەم چەشنە:**

**شیرین و شیلان زۆر زیرەکن**

بەڵام ناگوترێت،

شیرین و شیلان زۆر زیرەکنەوە

ئەو کردارە (بوونی یاریدەدەر) ە نەك (بوونی بوونایەتی)، وەك:

شیلان زۆر زیرەك دەبێت

شیلان زۆر زیرەك دەبێتەوە.

یان، لەکرداری (هەبوون)دا، وەك:

ئێمە هەین

بەڵام ناگوترێت،

ئێمە هەینەوە

کرداری (بوون و هەبوون) هەر چەندە بە (تێنەپەر) لە ئێرەدا نموونە ریژ کراون بە دیوە تێپەرەکەیانیش هەمان رەفتاریان هەیە و کەرەستەی (ەوە) وەرناگرن.

بە کورتی پاشگری (ەوە) هەرچەندە لە جیٚی تردا دەربکەوێت، بەڵام مەبەستی ئەم بەشە بریتییە لە بارگەی خانەی (-٨) لە پلیکارنەی رستەدا. واتە ئەوەی دەربارەی پاشپرتی ئامرازو ئاوەڵکاری شوێن باس کرا هەر بۆ روون کردنەوە بوو بۆ ئەوەی باری لێلی ئەو روخسارە راست بکەینەوە.

# پانۆرامایەك بۆ پاشگری (ەوە)

لە ئەم بەشە دا، روودەکەین لە پاشگری کار (ەوە) کە بە پاشگری دووپات کردنەوە ناسراوە. ئەم کەرەستەیە لە هەموو ئاستەکانی زمانەوانیدا، کێشەی هەیە. هەر لە بەر ئەوە، لە رووی دەنگسازی و وشەسازییەوە شرۆڤەی دەکەین بە ئەو هیوایەی کە بتوانین رووبەرێکی فراوان لە رێزمانی ئەم مۆرفیمە گرنگە روون بکەینەوە.

## ٢ :١ لە رووی دەنگسازییەوە:

کەرەستەی (ەوە) لە سێ پیت پێك هاتووە. یەکێکیان (نەبزوێن)ە و دووانیان بزوێنە لەو چەشنی [ە]. ئێستا، ئەگەر پیتی ( v) لە جێی بزوێن و پیتی ( c) لە جێی نەبزوێن (کۆنسۆنت) بەکاربهێنن، دەبینین کە برگەی دەنگسازی (سیلابل) بە ئەم چەشنە دروست دەبێت :

| | | |
|---|---|---|
| V | C | V |
| ە | و | ە |

ئەم برگەیە زۆر ناتەبایە لەگەڵ برگەی دەنگساریدا، کە بە ئەم چەشنەیە:

| | | |
|---|---|---|

لە ئەو سیستەمەدا، ئەم راستیانە هەیە:

یەکەم: دەنگی دووەم هەموو کاتێك ڤاوڵە .

دووەم: دەنگی یەکەم هەموو کاتێك کۆنسۆنتە.

سێیەم: دەنگی یەکەم و دووەم دەبێت هەبن و ئاودیو نەبن لە برگەدا.

چوارەم: پیتی سێیەم دەتوانێت هەبێت یان نەبێت بەڵام ئەگەر هەبوو ئەوا کۆنسۆنتە.

**بـە ئـەم پیێـە، رەگـەزی (ەوە) لـە دوو بـڕگە پێـك هـاتووە چـونكە دوو بـزوێن هەڵدەگرێت، وەك:**

[(–) (ە) (و)] [(–) (ە) (–)]

**٢ ١**

**بـرگەی یەكـەم ناتەبایـە كێشـەیەكی دەنگسازی گەورە دروست دەكات لە ئەم دوو هەڵوێستەدا:**

**یەكەم: ئەگەر بزوێنەكەی یەكەم رەسەن نەبوو، ئەوا دەكرتێت و تەنها یەك بڕگە گۆ دەكرێت، كە بریتییە لە بڕگەی دووەم.**

**دووەم: ئەگـەر بزوێـنەكەی یـەكەم رەسەن بوو، ئەوا كرتاندن پەسەند ناكات و وەك ئەو نەخشەیەی سەرەوە بە دوو بڕگەیی دەخوێنرێتەوە.**

**ئەمـە و لـە زمانەكـەدا، كێشەیەكی زۆر هەیە لە سەر ئەو دوو روخسارە، بەڵام ئێمە خـاڵی دووەم پەسـەند دەكـەین و دەڵێـین بزوێـنی (ە) لە بەرایی رەگەزەكەدا رەسەنە و روخسـارەكە بریـتییە لـە روخسـارێكی دوو بـڕگەیی. ئـەم راسـتییە لە روخساری ئەم رەگـەزەدا بـووە بـە (ئـەندازە و پێوانـە) و دەتوانێـت كـەڵكێكی گـەورە ببەخشـێت بـۆ دۆزیـنەوەی دەنگە كپەكان (silents ) و دەنگە نیـمچە كپەكان. بۆ نموونە، دەتوانین ئەم رستانە شیتەڵ بكەینەوە:**

**دەگوترێت:**

**شیلان دەڕوا، یـان، شیلان دەڕوات.**

**بەڵام راستتر ئەوەیە كە بگوترێت (شیلان دەڕوات) چونكە دەگوترێت :**

**شیلان دەڕوا (ت) ەوە.**

**بە ئەم چەشنە، دەبینین ئەم كەرەستەیە وەك ئەندازەیەك روخساری جێناوەكان راست دەكاتـەوە و ئـەوەی لـە رۆخ دا دەرنەكـەوتووە لـە ناخەوە دەری دەهێنێت. نموونەیـەكی دیكە بریتییـە لە:**

شیلان  تۆ دەخەو (ی)

یان،  شیلان   تۆ دەخەو (یت)

لە ئێرەش رستەی دووەم راستترە چونکە دەگوترێت:

شیلان  تۆ دەخەوی (ت) ەوە

ئـەم رەگـەزە وەك توانـی ئەم روخسارە نیـمچە ئاودیو کراوانە بدۆزێتەوە، دەتوانێت ئـەو دەنگانەش بدۆزێتەوە کە بە تەواوی ئاودیو کراون لە روخساری جێناودا. بۆ نموونە لـە(رێژەی فەرمان) دا و بۆ کەسی دووەمی تاك  دەوترێت کە جێناوەکە بریتی‌یە لە(ـە)، بەڵام لە رەسەن دا بریتی‌یە لە (ـەر)، وەك لە ئەم نموونانەدا دیارە:

تۆ بخەوە ⟵ تۆ بخەوە (ەر) ەوە.

تۆ بی گرە ⟵ تۆ بی‌گر (ەر) ەوە.

تەنانـەت، لە هەندێك روخساردا جێناوی (ـە) ئاوێتە دەبێت، کەچی بە ئەم ئەندازەیە دەنگی (ر) دەدۆزینەوە، وەك:

تۆ مەچۆ ⟵ تۆ مەچۆ(ر) ەوە

تۆ بوەستێ ⟵ تۆ بوەستێ (ر) ەوە.

تۆ بڵێ ⟵ تۆ بڵێرەوە

ئـەوەی سەیرە، دوو ئەندازەی تر هەن کە شان بە شانی ئەم کەرەستەیە ئیش دەکەن، وەك:

یەکەم: ئامرازی پەیوەندی سواو (ێ).

دووەم: ئامرازی پەیوەندی (ە)، وەك:

تۆ   بی دە (–) بە ئەو

تۆ   بی دە (ر) ەوە بە ئەو

تۆ   بی دە (ر) ێ

تۆ   بی دە (ر) ە ئەو

له لایەکی ترەوە، رەگەزی (ەوە)، چونکە دەنگە بزوێنەکەی رەسەنە، دەتوانێت وەك ئـەو دوو ئەندازەکـەی تر روخساری تەواوی مۆرفیـمی ئێستایی بدۆزیتەوە بە روخساری (ـەت) لە جیاتی (ـە)، وەك :

شیلان کەوتووە(—): شیلان کەوتوو (ەت) ەوە.

من ناردوومە (—): من ناردووم (ەت) ەوە.

یان وەك:

من داومە (—) بە ئەو ← من داوم (ەت) یَ

← من داوم (ەت) ە ئەو

← من داوم (ەت) ەوە

ئـەوەی گوتـرا دەری دەخات کە دەنگی کپ هەیە لە روخساری هەندێك رەگەزدا، وەك (ر) لـە جێـناوی کەسـی دووەمـی تـاك لـەرێژەی فـەرماندا. یـان، دەنگـی (ت) لە مۆرفـیمی ئێستایی دا. بەڵام، ئەوەی بۆ ئەم باسە گرنگە ئەوەیە کە سەلمێنرا دەنگی (ـە) لـە بـەرایی رەگـەزی (ەوە) دا، دەنگێکـی رەسـەنە و ئاوێتە بوون پەسەند ناکات لەگەڵ بزوێنی تردا. لە پاش ئەم روون کردنەوەیە، دەتوانین بنەمایەکی تر دابرێژێن، وەك:

[لـە رەگـەزی دووپـات کـردنەوە دا (ەوە)، دەنگـی بەرایی (ـە) دەنگێکی رەسەنە و ئاوێـتە بـوون پەسـەند ناکـات و دەتوانـرێت وەك ئـەندازە و پێوانـە بوکاربهێـنرێت بـۆ دۆزینەوەی دەنگە کپەکان]

بـە پـیَ‌ی ئـەو بـنەمایە، بزوێـنەکەی بـەرایی دەنگـی کپ دەدۆزێتەوە. ئەدی، ئەگەر دەنگی کپ نەبوو لە روخسارەکەدا، چی دوو دەدات. لە وەڵام دا دەڵیَ‌ین دەنگی (ی) پەیدا دەبێت بۆ ناوگرایەتی، وەك:

دارەکە سووتا + ەوە ← دارەکە سووتا (ی) ەوە

سـەبارەت بە بزوێنەکەی‌کۆتایی، ئەم بزوێنە لە چەشنی ئەوەی بەرایی نی‌یە دەتوانێت ئاوێتە بێت و لەناو بچێت، بەڵام لە هەڵ و مەرجێکی دیاری کراودا، وەك:

دەرۆم.() ە دەرەوە

گەیشتم.() ە ئەویٚ

دەرۆم (ەوە) ە دەرەوە

گەیشتم (ەوە) ە ئەویٚ

لە ئێرەدا، ناگوترێت:

دەرۆم (ەوە) ـە دەرەوە

گەیشتم (ەوە) ە ئەویٚ

لە بەر ئەوەی کە دوو بزوێنەکە یەك دەگرن، بەلاٌم لە بزوێنی بەراییدا یەك گرتن نەبوو.

## ٢:٢- لە رووی وشە سازیەوە:

کەرەستەی (ەوە) جێگای ئەندازیاری خۆی هەیە لەناخی بیردا، کە بریتییە لە خانەی هەشتەم لە ژێر سفرەوە. واتە خانەی [-٨] لەپاش بنجی کار، وەك لە نەخشەیەی داهاتوودا نیگار کراوە.

[٠]: بنج

[-١]: ئاندن

[-٢]: بکەری نادیار

[-٣]: نیشانەی رابردوو

[-٤]: (بوو)

[-٥]: مەبەست

[-٦]: جێناوی جیٚ گۆر

[-٧]: جێناوی جیٚنەگۆر

[-٨]: پاشگری دووبات کردنەوە

وەك لە بەشی داهاتوودا باس دەكرێت، لەسەرانسەری زمانەكەدا ئەم رەگەزە بە چوار روخساری تەماوی دەردەكەوێت،وەك (تەوە)، (رەوە)، (تەوە)، (یـەوە). ئەگەر بە جوانی لـە ئـەو خالاّنـە ورد ببیـنەوە، دەبیـنین كە لە چوار روخسارەكەدا ناوگری (ر،ت،ی،و) پێویست بووە.

لـە سـەر نەخشـەی پێشتر وتراوە كە رەگەزی (ەوە) دەكەوێتە نێو خانەی [ -٨ ] لە ژێـر سـفرەوە، واتـە لـە نێـوان ئـەو دوو خانەیـەدا حـەوت خانەی بۆش هەیە و بە پیێ پێویستی

پر دەبنەوە، وەك:

| | [ بنج ] | -١ | -٢ | -٣ | -٤ | -٥ | -٦ | -٧ | [ ەوە ] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دە | نووس | | | | | | | م | ەوە |
| دە | سووت | یّن | | | | | | م | ەوە |
| دە | سووت | یّن | ر | یّ | | | | م | ەوە |
| | نووس | | | ی | بوو | | م | | ەوە |
| با | نووس | | | ی | بوو | با | م | | ەوە |
| | نووس | | | ی | وو | | م | ن | ەوە |
| | نووس | | | ی | وو | | م | ەت | ەوە |

لـە ئـەو نەخشـەیەدا هـەموو ئـەو مۆرفـیمانە دەرخـراون كـەوا ئەو حەوت خانەیە پر دەكەنەوە. واتە، پاشگری دووپات كردنەوە دوور دەخەنەوە لە بنجی كردارەكە. ئێستاش ئەگـەر دووری لـە بـنجەوە بكـەین بـە هێـزی مۆرفیـمەكان ، دەبینین كە پاشگری (ەوە) برینی‌یە لە بیێهێزترین رەگەز و هەموو ئەوانەی تر پاڵی دەدەن بەرەو كۆتایی رستەكە. بە ئـەم پیێـە بگۆری (ەوە) بگۆرێكی دەرەكی‌یە چونكە لە دەرەوەی سنووری رەگ دایـە و بگۆرێكی بیێ هێزە چونكە زوو خانەكەی دەگوێزرێتەوە لە گوفتاردا.

## ٢:٣- روخساری (ەوانێ):

لە ئەتیکێتی شێوەزاری سلێمانی دا مۆرفیمی (ەوانێ) پەرەی سەندووە. ئەوەش لە یاد نەکەین کە لە بەکار هێنانی ئەم کەرەستەیەدا چەند دەنگێك دەکەین بە سەربار بەبێ ئەوەی هیچ پاساوێك هەبێت. لەگەڵ ئەوەدا، دەتوانین لای ببەین، وەك:

شیلان ڕۆیشتەوە ⟵ شیلان ڕۆیشتەوانێ

ئەم دیاردەیە وادەکات کە ئەو کەرەستەیە بە مۆرفیمی بۆش بناسین چونکە دەنگی هەیە و رەنگی نییە. واتە، روخساری فیزیاوی هەیە، کەچی واتای نییە. لە راستیدا، جۆرە مۆرفیمی ئاوها وا دەکات کە وزە بە فیڕۆ بدەین، وەك چۆن لە شێوەزاری شاری هەولێر دا جێناوی (ێت) دەکرا بە (ێتن)، وەك:

شیلان دەرواتن ⟵ شیلان دەروات

هەر لە بەر ئەوە، ئێمە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئەم جۆرە کەرەستەیە بگات بە زمانی نووسین، چونکە جۆرە کەرەستەی ئاوها، تەنها هەر لە ئەلبوومی زاری ناوچەییدا رەنگین و سەنگینە.

لە لایەکی دیکەوە، مۆرفیمی (ەوانێ) هەر تایبەتی نییە بە ریژەی کار، چونکە دەلکێت بە هەموو ئەو کەرەستە ریزمانییانەوە کە پاشگری (ەوە) هەڵ دەگرن، وەك:

یەکەم: ریژەی کار، وەك:

هاتەوە ⟵ هاتەوانێ

نووستەوە ⟵ نووستەوانێ

دووەم: پاشپرتی ئامرازی پەیوەندی دا، وەك:

لێیەوە ⟵ لێیەوانێ

پێیەوە ⟵ پێیەوانێ

تێیەوە ⟵ تێیەوانێ

سێیەم: ئاوەڵکاری شوێن، وەك:

دەرەوە ⟵ دەرەوانێ

ژێرەوە ⟵ ژێرەوانێ

پێشەوە ⟵ پێشەوانێ

چوارەم: لە زۆر کەرەستەی دیکە دا، وەك:

دیسان : دیسانەوە: دیسانەوانێ

بە ئەم پێیە ئەم کەرەستەیە سیمای یەکبوون هەڵ دەگرێت و دەتوانێت بلکێت بە روخساری پاشگری (ەوە)وە، لە هەر جێیەك دا هەبێت. بێگومان ئەمە پێویست بە تۆێژینەوەی قووڵتر دەکات. لە لایەکی دیکەوە، سیمای ئەم مۆرفیمە بە چەند کەرەستەیەکەوە هەیە و ئەو کەرەستانە بە هیچ جۆرێك پاشگری (ەوە) هەڵ ناگرن، وەك:

کوا : کوانێ

کامەتا : کامەتانێ

ئەوەتا : ئەوەتانێ

ئەمەتا: ئەمەتانێ

**٢ : ٤ - ناوی بکەر:**

کێشەیەکی گەورە لە رێزمانی ئەم بابەتەدا بریتییە لە (ناوی بکەر)، کە نەختێك لێڵ و گڕ دەردەچێت، ئەگەر رەگەزی (ەوە) وەر بگرێت، وەك:

یەکەم: رێژەی تێنەپەڕ، وەك:

سووتان ⟵ [ سووت ][ – ] [ – ] [ ا ] [ و ]

نووسران ⟵ [ نووس ] [ – ] [ ر ] [ ا ] [ و ]

سووتێنران ⟵ [ سووت ][ ێن ][ ر ] [ ا ] [ و ]

سفر –١ –٢ –٣ –٤

لە پاش بارکردنی خانەی [ –٨ ]، میکانیزمی رۆنانی ئەم ناوانە بە ئەم چەشنەیە:

سووتاو ⟵ سووتاو [ ەوە ]

نووسراو ⟵ نوسراو [ ەوە ]

سووتێنراو ⟵ سووتێنراو [ ەوە ]

ئـەم ناوانـە نەختێك لەنگن، هەرچەند ڕێزمانین. ئەو لەنگیـەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ دووبـارە بوونـەوەی بـڕگەی [ وە ] وەك [ وە + وە ]. هەر لە بەرئەوەیە کە لە هەندێك بەکارهێنان دا دەکرێت بە:

[ سووتاوە، نووسراوە، سووتێنراوە ].

دووەم: ڕێژەی تێپەڕ، وەك:

نووسین ⟵ [ نووس ][ – ][ ەر]

سووتاندن ⟵ [ سووت ][ ێن ][ ەر ]

بە پێی یاساکانی ڕێزمان دەبێت ئەم دوو ناوە دەکرێن بە:

نووسەر : نووسەر [ ەوە ]

سووتێنەر : سووتێنەر [ ەوە ]

ئـەم ناوانـەش هـەر ڵێـڵ و گـڕن لـە بەکارهێـنان دا، بەڵام بەرانبەر بە ئەمانە هەندێك ڕێژەی جوانتر هەیە، وەك لە ئەم جۆرە ناوەدا دەرکەوتووە کە بەرکار هەڵ دەگرن، وەك:

مانگ ناس ⟵ مانگ ناس (ەوە)

نامە نووس ⟵ نامە نووس (ەوە)

دڵ سووتێن ⟵ دڵ سووتێن (ەوە)

وشـەی (مـانگ ناسـەوە :مانگاسەوە) بە بەردێك دەگوترێت و دەتوانین لە سەر کێشـی ئـەو زاراوەی تـریش دابـڕێژین. ئـەم بابەتـە هـەر بە ئەوهەندە کۆتایی ناهێت و پێویـست بە چەندین لێکۆڵینەوەی قووڵتر دەکات.

## ٥:٢- لە ڕووی ڕستەسازییەوە:

له رووی رستەسازی‌یەوە ئەم رەگەزە دەکەویتە پاش هەردوو خانەکەی جێناو لکاو:

– خانەی [ –٦ ] خانەی جێناوی جیٚگۆر

– خانەی [ –٧ ] خانەی‌جێناوی جیٚنەگۆر

سەبارەت بەجیٚ گۆرکیٚ، کە مۆرکێکی تایبەتی زمانەکەیە، ئەم رەگەزە هەندێك جار بە چەواشەیی دەکەویتە جیٚگۆرکیٚ، وەك لە پێشتردا باس کرا، (کۆپلەی ١:٥):

چاك بوونەوە: چاك (ەوە) بوون (–)

چاك کردنەوە: چاك (ەوە) کردن(–)

وەك دەگوترێت:

شیلان چاك (ەوە) بوو (–)

لەجیاتی:

شیلان چاك بوو (ەوە)

ئـەم جـۆرە نەخۆشی‌یـە سنتاکسی‌یـە دەبێت نەمێنێت، تا دەرگایـەکی تر نەکرێتەوە بۆ پەرپووتی. بۆ نموونە، رستەی:

شیلان گۆشتەکەی سوور (ەوە) کردبوو،

نەخـتێك سـووك دەبێـت لـە سـەر زمان، بەلاّم کاتێك کە بەرکارەکە (گۆشتەکە) لا دەچێت ئەوا رستەکە بە ئەم چەشنە نابووت دەکرێت:

شیلان سوور (ەوە)ی کردبوو

لە جیاتی:

شیلان سوور (ی) کردبوو (ەوە)

لە خۆشبەختی‌دا، ئەم جۆرە رێژە لەنگە نەگەیشتووە بە زمانی تووسین بە فراوانی.

بەشی سێیەم

# لاروخسارەکانی پاشگری ﴿ەوە﴾

## ٣-١: سەرەتایەك:

پاشـگری (ەوە) وەك بـە بـزوێن دەست پێدەکات هەموو جارێك لە ریزی گوفتاردا دەنگێکـی (نەبـزوێن) دەبچـرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە (برگەی چێوە تەواو) و بە زاردا تێبـپەرێت. لـە ئەم دیاردەیـەدا، زۆر جار دەنگە سەربارەکە رەسەنەکەی ناسراوە و کێشەی نییـە لە شیتەڵکاری دا. لە بەرانبەردا، لە هەندێك باردا سەرچاوەی پەیدا بوونی ئەو دەنگە ناوگرە لێڵە و تەم و مژ پەیـدا دەکات لە رێزمانی زمانەکەدا، وەك:

یەکەم: لاروخساری [ رەوە ]، وەك:

بخەوە + ەوە ◄ بخەوە [ رەوە ]

بکەوە + ەوە ◄ بکەوە [ رەوە ]

دووەم: لاروخساری [ تەوە ]، وەك:

رۆیشتووە + ەوە ⟵ رۆیشتووە [ تەوە ]

بردوومە + ەوە ⟵ بردوومە [ تەوە ]

سێیەم: لاروخساری [یەوە]، وەك:

راوەستا + ەوە ⟵ راوەستا [ یەوە ]

شكا + ەوە ⟵ شكا [ یەوە ]

چوارەم: لاروخساری [وەوە]، وەك:

چوو + ەوە ⟵ چو [ وەوە ]

بوو + ەوە ⟵ بو [ وەوە ]

### ٣-٢ لاروخساری ﴿رەوە﴾:

به پێی رێزمانی زمانەکە هیچ رەگەزێکی رێزمانی نییە کە دەنگی (ر) هەڵ بگرێت بە چەشنێك کە بخشێت لە بارگەی خانەی [-٨]، تەنها یەك جێناوێك نەبێت کە لە خانەی [-٧] دا دادەنیشێت لە رێژەی فەرمان دا. ئەو جێناوەش بریتییە لە (ـە) بۆ کەس دووەمی تاك. ئەم کەرەستەیە بە رواڵەت هەر لە یەك بزوێن پێك هاتووە بەلام لە ناخی بیر دا دەنگێکی کپ هەڵ دەگرێت لە چەشنی (رابردوو) واتە روخسارە رەسەنەکەی بریتییە لە (ەر). لە ئەم روانگەیەوە کاتێك کە بزوێنی برگە ناتەواوەکە دەخشێت لە بارگەی (ەر) لە خانە دراوسێکەی دا، یەکسەر ئەو دەنگە کپەی کە مێژوو وندای کردووە زیندووی دەکاتەوە و دەی خاتە بەر (بووژانەوە). هەر لە بەر ئەوەیە، کە لە هەر جێیەك دا لاروخساری (رەوە) دەربکەوێت، دەبێت رێژەکە بریتی بێت لە رێژەی فەرمانی راستەوخۆ بە سەر کەسی دووەمی تاك دا. یان، لە بەرانبەر دا لە هەر جێیەك کە فەرمان درا بێت بە سەر ئەو کەسە دا لاروخساری [ رەوە ] دەرنەکەوێت لە جیاتی [ ەوە ]، ئەوا یسارییەکی بچووك کراوە لە گەمە رێزمانییەکە دا. ئەمەش چەند نموونەیەکە بۆ ئەم لاروخسارە:

تۆ بکەوە + ەوە ⟵ تۆ بکەو (ە[ ر)ەوە ]

تۆ بیـنێره + ەوە ⟵ تۆ بی نێره (ە[ ر)ەوە ]

تۆ هەڵ بگره + ەوە ⟵ تۆ هەڵ بگره (ە[ ر)ەوە ]

تۆ مەی نووسه + ەوە ⟵ تۆ مەی نووسه (ە[ ر)ەوە ]

لە ئێرەدا ئەگەر لاسارییەکە پیادە کرا ئەوا ئەو دوو ڕێژەیە بە ئەم چەشنە دەرەنجێنرێن:

تۆ بکەوەرەوە ⟵ تۆ بکەوەوە

تۆ بی نێرەوە ⟵ تۆ بی نێرەوە

تۆ هەڵ بگره + ەوە ⟵ تۆ هەڵ بگره وە

تۆ مەی نووسه + ەوە ⟵ تۆ مەی نووسەوە

بە ئەم کردەوەیە، لە زمانی ڕێزمانی لادەدەین و زاری ئاخاوتنی ناوچەیی دەخەینە نێو زمانی نووسین. لەگەڵ هەموو ئەمەش دا، ئەگەر لە چەند بارێکی تایبەتی دا ئەو لاسارییە ڕێ درا، ئەوا دەبێت بریارێکی بالاّ درا بێت لە سەری. بەڵام لە لایەنی ئێمەوە بارە ڕێزمانییەکە دەخەینە بەردەست. لە گەڵ ئەوەدا، دەتوانین ئەو چوار نموونەیە بنووسینەوە، بۆ ئەوەی دەری بخەین کە چۆن جێناوی (ـەر) وەك خشتێك لە دیواری ڕستەکان دەر هێنراوە:

تۆ بکەوە + ەوە ⟵ تۆ بکەو (..[ ..)ەوە ]

تۆ بیـنێره + ەوە ⟵ تۆ بی نێر (..[ ..)ەوە ]

تۆ هەڵ بگره + ەوە ⟵ تۆ هەڵ بگر (..[ ..)ەوە ]

تۆ مەی نووسه + ەوە ⟵ تۆ مەی نووس (..[ ..)ەوە ]

## ٣-٣ لاروخساری ﴿ تەوە ﴾:

لە بابەتی ڕابردوو دا، تەنها هەر یەك میکانیزم هەبوو بۆ دەرکەوتنی لاروخساری [ ڕەوە] لەباتی ڕەگەزی (ەوە). لە بەرانبەر دا، بۆ لاروخساری [ تەوە ] دوو میکانیزم هەن، بە ئەم چەشنە:

یەکەم: کاتێك کە روخساری جێناوی (ێت) و ئەلەمۆرفەکەی (ات) پەرپووت دەکرێن بە روخساری (یٚ) و (ا) رێنووس دەکرێن. یان، جێناوی (یت) بە (ی) رێنووس دەکرێت، وەك:

ئەوەدەچیٚ + ەوە ⟵ دەچ (يٚ[ ت)ەوە ]

ئەوەدەنووسریٚ + ەوە ⟵ دەنووسریٚ (يٚ[ ت)ەوە ]

ئەو دەروا + ەوە ⟵ دەرو (ا[ ت) ەوە ]

ئەو دەبا + ەوە ⟵ دەبـ (ا[ ت) ەوە ]

ئەو دەرۆی + ەوە ⟵ دەرۆ(ي[ت)ەوە ]

ئەو دەی بەی + ەوە ⟵ دەی بە (ي[ت)ەوە ]

لە ئێرەدا، برگەی ناتەواوەکە (OVO) روخساری شێواوی جێناوەکە راست دەکاتەوە. واتە رێزمانەکە خۆی خۆی راست دەکاتەوە و ئێمەش ناتوانین رێ بگرین لە دەرکەوتنی دەنگی (ت)، چونکە دەنگێکی رەسەنە لە روخساری جێناوەکەدا. بە ئەم چەشنە دەبینین کە لاروخساری [ تەوە ] دەردەکەوێت.

دووەم: کاتێك کە رەگەزی [ ەوە ] بە راستەوخۆیی دەخشێت لە مۆرفیمی ئێستایی(ـە).

ئەم دیاردەیەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو راستی‌یەی کە ئەو مۆرفیمە لە ناخی بیردا دەنگێکی کپ، لە چەشنی (ت) هەلْ دەگرێت. واتە، روخساری رەسەنی ئەو رەگەزە بریتی‌یە لە (ەت)، وەك:

ئەو رۆیشتووە + ەوە ⟵ ئەو رۆیشتووە (ە [ت)ەوە]

من ناردوومە + ەوە ⟵ من ناردوومە (ە[ت)ەوە]

لە ئەو دوو نموونەیەدا، برگە ناتەواوەکە ( OVO) خشا بە راستەوخۆیی لە مۆرفیمەکە و دەنگی کپی (ت)ی بووژاندەوە بۆ ناوگرایەتی. واتە دەنگی (ت) لە ئەوێدا دەنگێکی دەرەکی‌و خوازراو نی‌یە، بەلْکو دەنگێکی رەسەنە لە روخساری

**مۆرفیمی ئێستایی‌دا، بەڵام بە کپی. لە ئێرەش دا، جارێکی تر دەتوانین بڵێین رێزمانەکە خۆی خۆی راست دەکاتەوە و رەگەزە رێزمانی‌یەکان خۆیان خۆیان ئارایشت دەکەنەوە.**

**لە رستەی (بکەر نادیار)دا، مۆرفیمی ئێستایی دەردەکەوێت لە کەسی سێیەمی تاك دا، وەك:**

**ئەو نووسراوە + ەوە ⟵ ئەو نووسراو ( ە [ ت )ەوە**

**بە پێ خاڵی پێشوو (خاڵی دووەم) نهێنی ئەم رستەیەش ئاشکرایە و دەنگی کپی (ت) بووژێنراوەتەوە لە روخساری مۆرفیمی ئێستایی‌دا. بەرامبەر بە ئەم دیاردەیە، لە هەر پێنج کەسەکەی تردا، کە مۆرفیمەکە نی‌یە لە ئارادا، لا روخساری [ تەوە ] دەردەکەوێت، وەك (٤):**

**من نووسراو م + ەوە ⟵ من نووسراوەم ( ە [ ت)ەوە]**

**تۆ نووسراو یت + ەوە ⟵ تۆ نووسرایت ( ە [ ت )ەوە]**

**ئێمە نووسرا وین + ەوە ⟵ ئێمە نووسراوین (ە [ ت )ەوە]**

**ئێوە نووسرا ون + ەوە ⟵ ئێوە نووسراون (ە [ ت )ەوە]**

**ئەوان نووسرا ون + ەوە ⟵ ئەوان نووسراون (ە [ ت )ەوە]**

**لە ئەم رستانەدا، نهێنی‌یەکی تر دەردەکەوێت چونکە مۆرفیمی ئێستایی (ە) بە هەر دوو دەنگەکەیەوە زیندوو دەبێتەوە و لا روخساری (تەوە) دەهێنێتەوە سەر روخی لێوان. ئەمە ئەوە پات دەکاتەوە کە جێناوی نێو ئەو رستانە (خاوێن) نی‌یەو ئاوەژوو بووە بە مۆرفیمی ئێستایی‌یەوە.**

## ٣:٤- لاروخساری (یەوە)

**لە ئاستی ئەم لا روخسارەدا،چەند میکانیزمێك هەیە بۆ دەرکەوتنی لە ریزی گوفتاردا، وەك:**

یەکەم: کاتێك کە بزوێنی بەرایی لە رەگەزی (ەوە) دا دەخشێت لە جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ی)، کە نیمچە بزوێنە، دەیگۆرێت بە دیوی (نەبزوێن)دا و دەی کات بە ناوگر، وەك:

ئەو کێلا (ی) + ەوە ⟵ ئەو کێلایەوە

دووەم: کاتێك کە هەر هیچ دەنگێکی (نەبزوێن) نامێنێت لە ئارادا و هەر دوو بزوێنەکە، (أ) و (ـە) لە یەکتر دەخشێن بە راستەوخۆیی، ئەوا ناوگرێکی دەرەکی لە چەشنی نەبزوێنی (ی) پەیدا دەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر جێناوی (ی) خرایە سەر بزاڤی جێگۆڕکێ، ئەوا لە ناوگرایەتی دەرباز دەبێت و لە جێیەکەی دا ناوگری (ی) پەیدا دەبێت، وەك:

ئەو نە (ی) کێلا (−) + ەوە ⟵ ئەو نە (ی) کێلایەوە

سێیەم: کاتێك کە ئەو رەگەزە دەخشێت لە نیشانەی رابردوو (ی)، ئەوا ئەو بزوێنە خۆی دەپارێزێت و کاژێکی (نەبزوێن) فڕێ دەدات بۆ ناوگرایەتی، وەك:

ئەو نە (ی) نووسی (−) + ەوە ⟵ ئەو نە (ی) نووسی(یـ)ەوە

لە ئێرە دا، ناتوانین بڵێین کە بزوێنی (ی) کەوتووە بە دیوی (نەبزوێن) دا بە تەواوی، چونکە ناگوترێت:

ئەو نووس یەوە : ئەو | نووس | یە | وە |

واتە کاژێکی (بزوێن) هەر دەمێنێت لە ئارا دا بەڵام بە شێوەیەکی کورتتر و بە وزەیەکی کەمتر.

### ٣-٥ لاروخساری « وەوە »:

لە ئاستی ئەم روخسارە دا، دەتوانین نیشانەی رابردوو (وو) وەربگرین کە خۆی دەپارێزێت و نابێت بە نەبزوێن، وەك:

چووە + ەوە ⟵ چو [ وەوە ]

لە ئێرەش دا، بزوێنی (وو) خۆ دەگرێت و کاژێکی (نەبزوێن) فڕێ دەدات بۆ ناوگرایەتی. واتە، ناتوانین بڵێین، کە بزوێنی (وو) وەك (نیمچە بزوێن) رەفتاری کردووە چونکە دوو لەت بووە بۆ بزوێنێکی کورت لە چەشنی (و) و بۆ نەبزوێنێك بۆ ئەوەی هەردوو بزوێنەکە لە یەکتری جودا بکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە، رەگەزی (ەوە) دەتوانێت بخشێت لە نیشانەی رابردووی تەواو (و)، وەك:

سووتاو + ەوە ← سووتاوەوە

براو + ەوە ← براوەوە

کراو + ەوە ← کراوەوە

لە ئەم نموونانەدا، میکانیزمەکە ئاشکرایە بەلاّم کێشەکە لە ئەوەدایە کە ئەم روخسارانە گرانن لە گۆ کردن دا بە تایبەتی لە گۆ کردنی دوو بڕگەی (وە) بە دوای یەکدا. هەر لە بەر ئەوە هەر یەك بڕگە گۆ دەکرێت، وەك:

سووتاوەوە ← سووتاوە

براوەوە ← براوە

کراوەوە ← کراوە

بێگومان، لە ئەم ئاستەش دا، لاساریی‌یەك هەر هەیە و جۆرە لاساری ئاوها پێویست دەکات کە یەکلایی بکرێتەوە.

## ٣-٦ پوختەیەك بۆبەشی سێیەم:

وەك پوختەیەك بۆ ئەم بەشە دەتوانین گفتوگۆ دابەستین لە سەر چەند خالێکی گرنگ وەك رەگەزی (ەوە) بڕگەیەکی ناتەواو هەڵ دەگرێت، هەموو کاتێك دەبێت دەنگێکی (نەبزوێن) ی خواستبێت بۆ پڕ کردنەوەی ناتەواوی‌یەکەی. لە ئەم رووەوە، لە رستەیەك دا وەك (نەم ناردەوە)، بە روخساری (دەوە) دەردەکەوێت. یان لە نموونەیەك دا وەك (ئێمە دەی نێرینەوە) بە روخساری (نەوە) دەردەکەوێت. یان، لە نموونەیەکی تر دا،

وەك (ناردمــەوە) بــە روخســاری (مــەوە) دەهێــتە ســەرزار. لــە هــەموو ئــەم بارانــە دا میکانیــزمەکە ئاشــکرایە تــەنها و تەنها دەنگێك لە بڕگەیەك دەخوازرێت بۆ بڕگەیەکی تر. بەرانبەر بە ئەمە لە ئەو چوار لاروخسارە دا کە باس کران، هەموو جارێك کێشەیەك هەیــە و دیاردەیــەکی دەنگســازی هەیــە بــە پــەنهانی. هــەر لە بەر ئەوە جودا کرانەوە لە نموونەکانی دی.

- لە ئەو نموونانە دا کە روخساری [ ڕەوە ] هەیە، دەبێت فەرمانێکی ئاشکرا هــەبێت، چــونکە بــە پــێ‌ی ڕێــزمانی زمانەکــە تــەنها و تەنها هەر لە جێناوی ڕێژەی فــەرمان (ە) دا دەنگــی کپی (ر) هەیە، هەر لە بەر ئەوە لە هەر ڕێژەیەکی فەرمان دا کــە ئــەو دەنگــە کــپ کرا بێت، ئەوا لاساریی‌یەکی ڕێ‌دراو، یان ڕێ‌نەدراو، پیادە کــراوە. هەر بە هەمان شێوە دەبینین کە لە مۆرفیمی ئێستایی‌دا ئەو دیاردەیە هەیە و هیــچ هێــزێك نی‌یە دەنگی کپی (ت) ئاودیو بکات، یان بی‌گۆڕێت بە دەنگێکی تــر، کــاتێك کــە بخشــێت لە بزوێنی بڕگەیەکی ناتەواو. واتە زیندوو بوونەوەی ئەو دوو دەنگــە کــپە ژینگەی تایبەتی خۆی دەخوازێت. ژینگەکەش بریتی‌یە لە (خشان لە دەنگێکی بزوێن بە راستەوخۆیی).
- لــە ئاســتی جێــناوی (ێــت) و( یت) دا، ڕەگەزی (ەوە) دەم و دەستی هەر هــەموومان راست دەکاتەوە و دەڵێت: ڕێزی زمانەکە بگرن و روخساری جێناوەکە بــە جوانــی ڕێــنووس بکــەن. لــە ئــەم روانگەیــەوە، لە نموونەیەك دا وەك (دەکەوێ)، دەتوانین دوو باری شیاو دەست نیشان بکەین، وەك:

یەکەم: ئەگەر ڕەگەزی (ەوە) یان هەر بزوێنێك بخشێت لە جێناوەکە ئەوا روخساری جێناوەکە راست دەبێتەوە و دەبێت بە (ێت) وەك (دەکەوێتەوە).

دووەم: ئــەگور بزوێنیش لە ئارا دا نەبێت، هەر دەتوانین روخساری جێناوەکە راست بکەیــنەوە وەك (دەکــەوێت). واتــە، ئەگــەر ژیــنگەکە پــەیدا بــوو ئــەوا هــەر هــەموومان بەرەیــەکی یــەکگرتوو دەبەســتین بــۆ ڕێــنووس کردنی روخساری (ێت) بە ناچاری. یان

ئەگـەر ژێـنگەکەش نـەبوو ئـەوا هـەر دەتوانـین روخسـاری (ێت) ڕێنووس بکەین، بەبێ ئەوەی کە ڕێژەکە تێك بدەین.

سـەرنجێکی ورد لـە ئـەو دوو خاڵە دەری دەخات کە روخساری ڕەسەنی ئەو جێناوە بریتییە لە (ێت). ئەمەش لە بەر ئەوەی ڕەگەزی (ەوە) روخسارەکەی ڕاست دەکاتەوە. لـە هـەمان کـات دا، ڕێـنووس کردنی (ت) نابێت بە خەوش و نابێت نارێکی ڕێزمانی، ئەگەر ڕەگەزی (ەوە)یش لە ئاراد نەبێت. واتە بەبێ ژینگەکەش، ئەو دەنگە هەر پەسەندە لە ریزەکەدا.

- سـەبارەت بـە نیشانەی ڕابردوو(ی) و (وو)، وا دەردەکەوێت کە ئەم دوو ڕەگـەزە بـاری (نیـمچـە بـزوێن) پەسـەند ناکـەن. هەر لە بەر ئەوە خۆیـان دەگرن بە (بزوێـنی) و کـاژێکی (نەبـزوێن) فـرێ دەدەن بـۆ ناوگـرایەتی. ئـەم دیاردەیـەش لاپەرەیـەکی نـوێ دەکاتـەوە و ئەم دوو ڕەگەزە ریز دەکات لە گەڵ ڕەگەزی ناوی واتـایی (ی)، وەك (جوانـی)، یـان لـە گـەڵ ڕەگـەزی ئاوەڵناوی رادەیی (ی)، وەك (سـنەیی)،کـە نەفـرین دەکـەن لە ڕەفتاری (نیـمچە بزوێن). واتە، پسوولەی (نیـمچە بزوێن) یان نییە.
- لـە ئـەم ئاسـتەدا، دەتوانـین بـڵێین هـۆی دەرکەوتـنی ئـەو چوار روخسارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە:

یـەکەم: هەبوونی دەنگی کپ(Silent) لە ریزەکەدا.

دووەم: هەبوونی دەنگی گۆنەکراو لە ریزەکەدا.

سێیـەم: هەبوونی دەنگێکی (بزوێن) کە پسوولەی نیـمچە بزوێن پەسەند نەکات.


چـوارەم: لێك خشانی دوو (بزوێن) بەبێ ئەوەی دەنگێکی ناوگر هەبێت لە نێوانیان دا.

بەشی چوارەم


# پاشگری دژواتایی "ەوە"

## ٤ :١ دووبارەبوونەوە بە نیو سووڕ (دژواتایی):

لە ئەم دیاردەیە دا واتاکە دەبێت بە دژ واتای ڕستەیەکی دیکە کە لە ژێر لێودایە. بە واتایەکی تر واتاکە بە (١٨٠ْ پلە) دەگەڕێتەوە، تا ئاراستەکە دەبێت بە دژاراستە، وەك لە سەر نەخشەی داهاتوو دەرخراوە:




یان




لە ئەم بۆ چوونە دا ئەم سیمایانە هەیە:

یەکەم: ئاراستەکەی کارە دوولۆیەکە دەبێت بە دژاراستەی کارە یەکلۆیەکە.

دووەم:گەڕانەوەکە بە نیو سووڕ دەبێت، واتە بە (١٨٠ْ).

سـێیـەم: بـە پـیّ‌ی ئـەو دوو خاڵـە، واتـا دوولۆیـەکە دەبێت بە تەواوکەری ڕێچکەی واتای کارە یەکلۆیەکە.

چـوارەم: بـەپیّ‌ی خـاڵی پێشـوو ڕوودانی واتا دوولۆیـەکە بە هیـچ جۆرێك سەربەخۆ نی‌یە.

بە واتایەکی دی، لە ئەو میکانیزمەکە دا ئاخێوەرەکە دەڵێت:

شیلان ڕۆیشت و هاتەوە.

یان ،

شیلان هات و ڕۆیشتەوە.

ئەگەر لە ئێرەش دا ڕستەکە کورت کرایەوە دەتوانرێت بە کورتی بگوترێت:

شیلان هاتەوە.


یان ،

شیلان ڕۆیشتەوە.

ئـەو کاتـە گوێگـرەکە بـۆی هەیـە واتـای ڕەگـەزی (ەوە) لێـك بداتەوە بە گوێرەی ئاوهـەوای گفـت گۆکـە و تیّ‌بگـات کـە کـارە دوولۆیـەکـە واتایەك هەڵ دەگرێت کە (پەتی) نی‌یە و کە (ئاوەژوو)ە بە واتای کارێکی یەکلۆوە کە دژواتایە و گۆ نەکراوە.


## ٢:٤ نەخشەی دژئاراستەیی:

لـە سـەر خشـتەی داهـاتوو ڕیـزێك لـە ئـەو کارانـە پێشکەش دەکەین کە ئاراستەی ڕوودانیان، بە زەبری پاشگری (ەوە)، دەبێت بە دژئاراستە بە ١٨٠ پلە


ئاخێوەر
هاتن
هاتنەوە
ڕۆیشتن
ڕۆیشتنەوە
بردن
بردنەوە
هێنان
هێنانەوە
ناردن
ناردنەوە
فرۆشتن
فرۆشتنەوە
کڕین
کرینەوە
کشان
چوون
چوونەوە
دان

دانەوە

ئاخێوەر





لە ئەو نموونانە دا چەند سەرنجێك هەیە بۆ تۆمار كردن:

یەكەم: هەموو كردارە تێنەپەڕەكان، وەك (هاتن، ڕۆیشتن، كشان، چوون)، واتا نوێیەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر كرداری (گەڕانەوە). واتە، ئاراستە گۆڕین لە باری ئاسۆییەوە، چی بەرەو ئاخێوەر، چی دوورەو ئاخێوەر.


دووەم: هەموو كردارە تێپەڕەكان، وەك (بردن، ناردن، فرۆشتن، كڕین، دان، سەندن، هێنان) واتا تازەكەیان دەچێتەوە سەر كرداری (گەڕاندنەوە)، واتە چاوگی (ئاندن) لە كاری (گەڕانەوە).

سێیەم: چاوگی (ئاندن) لە كردارە تێنەپەڕەكان، دەچێتەوە سەر (گەڕاندنەوە)، وەك:




گەڕاندنەوە

چوارەم: چاوگی بكەر نادیاری ئەو كردارانە دەچێتەوە سەر چاوگی (گەڕێنرانەوە)، وەك:




نامەكە نێررایەوە : نامەكە گەڕێنرایەوە.

پێنجەم: وەك لە خاڵی یەكەمدا گوترا، هەندێك جار، ئاراستەی كردارەكان ڕوودەكات لە ئاخێوەر و هەندێك جار پشت دەكات لە ئاخێوەر. بەڵام، ئاراستەی واتا تازەكانیان چەسپ دەبێتەوە بە گەڕانەوەیەكی سەت و هەشتا پلەیی. واتە (نیو سووڕ) لەگەڵ ئاراستەی ئەو واتا یەكلۆیانەی كە لە گەنجینەی بیردان.

شەشەم: کرداری (کشان) دەتوانێت هەردوو ئاراستەکە بنوێنێت، وەك:

یان،




واتـای ئـەم کـرداره پێویـست دەکـات کـە ئامـرازێکی پەیوەندی هەبێت، بۆ جودا کردنەوە هەر دوو ئاراستەکە.


حەوتـەم: وەك واتـای نـوێی ئەو کردارانە چەسپە لەگەڵ (گەڕانەوە و گەڕاندنەوە)، کەچـی واتـا بـنجی‌یەکان بـە هیـچ جۆرێـك وا نی‌یـە و چەسـپ نی‌یە لەگەڵ (گەڕان و گەڕاندن).


هەشـتەم: واتـای (گەڕانـەوە و گەڕاندنەوە)، وەك واتایەکی گشتی‌یە بۆ ئەو کردارانە بـەڵام کـورت دەهێـنێت لـە بـارەی ئاراسـتەی رووداوەکـەوە. هـەموو جارێك، هەست دەکـەیت کـە ئاراسـتەگۆڕی هەیـە، بـەلاَم نـازانیت بـەرەو ئاخێوەرەکەیە، یان دوور لە ئاخێوەرەکەیـە. لـە هـەل و مـەرجی ئاوهـادا، دەبێـت زانیـاری پێشتر هەبێت بۆ دیاری کردنی ئاخاوتنەکە.

نۆیـەم: زۆر جـار کـرداره دژ واتاکـان لـە پێچی ئاراسـتەکە دا، بۆشـایی دیوە یـەك لۆیەکە پڕ دەکەنەوە بۆ یـەکتری، وەك:

شیلان کراسەکەی فرۆشتەوە.

شیلان






ئەم نموونەیە ئەو دەگەیەنێت کە ڕووداوی کڕین (بەرەو شیلان) یەکەم جار چەسپاوە و پاشان ئەو ڕووداوە هەڵوەشاوەتەوە بە ڕووداوی فرۆشتن (دوورەو شیلان). واتە، واتای (فرۆشتنەوە) بریتی‌یە، لە گۆڕینی ئاراستەی شتەکە بەرەو ئاخێوەر،یان دوور لە ئاخێوەر.

## ٣:٤ جۆرەکانی دژواتایی:

لە ئەو نموونانەدا کە لەم ئەم بەشەدا باس کران، هەموو جارێك کارەکە دەبوو بە تەواوکەری واتایی بۆ کارێکی دژواتای ناونەبراو. لە ئەم گۆشە نیگایەوە، ئەگەر بە سەرنجێکی ورد روو بکەین لە نموونەکان، دەبینین کە دژواتایی‌یەکە یەك جۆر نی‌یە و چەند جۆری هەیە، وەك:

یەکەم: لە هەموو ئەو کارانەدا کە تێنەپەرن (هاتن، هاتنەوە)، یان (ڕۆیشتن: ڕۆیشتنەوە)، یان (کشان: کشانەوە)، یان (چوون: چوونەوە)، دژواتایی‌یەکە لە (ئاراستە) دایە و هەموو جارێك ئاراستەی (بکەر)ی ڕستەکە دەگۆڕێت بە (١٨٠پلە).

دووەم: لە نموونەی (ناردن: ناردنەوە)، یان (هاویشتن، هاویشتنەوە)دا، ئاراستەی (بەرکار)ی ڕستەکە دەگۆڕێت بە (١٨٠ پلە).

سێیەم: لە نموونەی (هێنان: هێنانەوە)، یان (بردن: بردنەوە) دا، ئاراستەی (بکەر) و (بەرکار) بە یەکەوە دەگۆڕێت بە (١٨٠ پلە).

چوارەم:لە نموونەکانی (فرۆشتنەوە، کڕینەوە، دانەوە) دا، دژواتایی‌یەکە پەیوەندی‌یەکی زۆر کزی هەیە بە ئاراستەوە و مەرج نی‌یە چشتی (کڕاو، فرۆشراو،


دراو) ئاراستەدار بێت لە رووی فیزیاوی‌یەوە. کەواتە، دژ واتایی‌یەکە لە نێوان دوو کاردایە (کڕین : فرۆشتن)و ئەگەر ئاراستە هەبێت ئەوا دەکەوێت بە سەر ئەو (فرۆشتە) یەدا کەسەودا دەکرێت.

بە ئەم چەشنە، دەبینین کە دوو جۆر لە دژواتایی هەیە. یەکەمیان، برینی‌یە لە دژئاراستەیی‌یەك کە دەسەپێت بە سەر (بکەر)، یان (بەرکار)، یان (بکەر و بەرکار) پێکەوە. دووەمیان، بریتی‌یە لە دژواتایی لە نێوان رووداوی دووکارەکەدا.


## ٤:٤ رووکارەکانی دژاراستەیی:

لە سەر نەخشەی ئەو کارانەی، کە زەبری پاشگری (ەوە) رووکاری رووودانیان دەبێت بە دژ ئاراستە، تەنها هەر باری ئاسۆیی دەرخرا. واتە، تەنها دوور کەوتنەوە و نزیك بوونەوە لە ئاخێوەر دەرخرا. لە ئەم کۆپلەیەدا ، رووەدەکەین لە هەموو رووکارەکانی دی، وەك:

یەکەم: رووکاری ئاسۆیی بە دوورکەوتنەوە لە ئاخێوەر، وەك کاری (هاتن: رۆیشتنەوە):





دووەم: رووکاری ئاسۆیی بە نزیك بوونەوە لە ئاخێوەر، وەك: کاری (رۆیشتن: هاتنەوە):




هاتنەوە

سێیەم: رووكاری ستوونی بەرەو سەرەوە، وەك كاری (كەوتن : هەڵستانەوە):




چوارەم: رووكاری ستوونی بەرەو خوارەوە، وەك كاری (هەڵستان : كەوتنەوە):





له ئەو نموونانەی سەرەوەدا چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

یەكەم: لە خاڵی یەكەم و دووەم دا، جێگۆڕینی ئاخێوەرەكە بۆ لای چەپ وا دەكات كە نموونەی یەكەم ببێت بە نموونەی دووەم و بە پێچەوانەوە.

دووەم: لە نموونەی سێیەم و چوارەم دا، جێگۆڕینی ئاخێوەرەكە هیچ ناگۆڕێت لە نموونەكان مەگەر، ئاخێوەرەكە بە ژێراوژووری رابوەستێت.

سێیەم: لە ئەو نموونانەدا، ئەگەر نەخشەی كەوانەیی رووكارەكان، بە رووتی، وەربگرین، دەبینین كە هەر نەخشەیەك بە سەر چەندین كاری دوو لۆی دژ واتادا دەچەسپێت، چونكە دژ ئاراستەن لەواتادا، وەك:

| چوارەم | سێیەم | دووەم | یەكەم |
| --- | --- | --- | --- |




| | | | |
|---|---|---|---|
| هاتن: ڕۆیشتنەوە | ڕۆیشتن: هاتنەوە | کەوتن: هەڵستانەوە | هەڵستان: کەوتنەوە |
| هێنان: بردنەوە | بردن: هێنانەوە | دابەزین: هەڵستانەوە | هەڵستان: دابەزینەوە |
| هێنان: ناردنەوە | ناردن: بردنەوە | نیشتن: فڕینەوە | فڕین: نیشتنەوە |
| هاتن: چوونەوە | چوون: هاتنەوە | خەوتن: رابوونەوە | رابوون: خەوتنەوە |
| . | .. | . | .. |

## 5:٤ میکانیزمی واتادانەوە لە دژواتاییدا:

بۆ ڕوون کردنەوە و دابین کردنی ئەم میکانیزمە چەند هەنگاوێك پێویستە، وەك:

یەکەم: هەردوو کاری دژواتا (ڕۆیشتن و هاتن) دەتوانن بە یەکلۆیی بەکاربهێنرێن وەك:





دووەم: ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی ڕوودان لە نێوان هەر دوو کارەکەدا دروست بکەین، ئەوا دەتوانین بە درێژی بڵێین:

شیلان ڕۆیشت و شیلان هات.

یان شیلان هات و شیلان ڕۆیشت.

سێیەم: لە نموونەی یەکەم دا، کاری (هات) گرنگترە بۆ ئاخێوەر چونکە تازەترە و تازە ڕووداوە.لە بەرانبەردا، لە نموونەی دوودووەم کاری (ڕۆیشت) یان (ڕۆیشتنی شیلان) گرنگترە بۆ ئاخێوەر چونکە تازەترە و تازە ڕووداوترە.


چوارەم: بە پێی خاڵی سێیەم، ئەگەر (هاتنی شیلان) گرنگتر بێت، دەتوانین لە خاڵی یەکەم دا، سەری تیری (ڕۆیشت)، ببەستین بە کلکی تیری (هات)ەوە، وەك:



ئاخێوەر

شیلان هات

یـان، بـە هـەمان شـێوە، ئەگـەر (ڕۆیـشتنی شـیلان) گرنگتر بێت، دەتوانین لە خاڵی یـەکەم دا، سەری تیری (هات)، ببەستین بە کلکی تیری (ڕۆیـشت)ەوە، وەك:




پێـنجەم: خوێندنەوەی ئەو دوو نەخشەیە وەك ئەوەدایە کە دوو رستە درێژەکەی نێو خاڵی دووەم گۆ بکەین.

شەشـەم: لـە خـاڵی چـوارەمدا، بـە گوێرەی شێوازی بەستنەکە، دەتوانین لە نەخشەی یـەکەم دا، پاشگری دووپات کردنەوە (ەوە) بار بکەین لە کاری (هات)، وەك:

شیلان رۆیشت و شیلان هات (ـەوە)

ئەمـەش بـە پـیّ ی ئـەو راسـتی‌یـەی کە کاری (هات) گرنگترە لە کاری (رۆیشت) لە رستەی یـەکەم دا (خاڵی چوارەم).

بە هەمان شێوە لە رستەی دووەم دا، کاری (رۆیـشت) گرنگترە لە (هات) و دەتوانین پاشگری (ەوە) بار بکەین، وەك:

شیلان هات و شیلان رۆیشت (ـەوە).

حەوتـەم: لـە هەر دوو رستەکەدا، وەك دوو کار هەیـە و دوو (بکەر) هەیە (شیلان)، دەتوانین (بکەر) ەکە بە هاوبەشی جەبری وەربگرین، وەك:

شیلان (رۆیشت و هات)

شیلان (هات و رۆیشت)

یان، ئەگەر کەوانەکە لاببەین، ئەوا ناچار دەبین کە پاشگری (ەوە) دابنێین، بۆئەوەی بکەرەکە دووبارە نەکەینەوە، وەك:

شیلان ڕۆیشت و هاتەوە


شیلان هات و ڕۆیشتەوە

هەشتەم :وەك پاشگری (ەوە) بە کارهاتووە و دژئاراستەی لە هەر دوو کارەکەدا دامەزراندوە، دەتوانین هەردوو کارەکەی سەرەتا بخەینە ژێرلێوەوە و یەکسەر بڵێین:


شیلان هاتەوە

شیلان ڕۆیشتەوە

نۆیەم: ئێستا ئەگەر رووکاری ڕوودانی کارە یەکلۆیەکان بریتیبێت لە تیرێکیسەربەخۆ لە سەروکلکەوە، وەك:




ئەوا، هەر دوو کاری دوولۆی (هاتنەوە) و (ڕۆیشتنەوە) ڕووکارەکەیان لە (سەر)ەوە سەربەخۆیە، بەڵام لە کلکەوە سەر بەخۆ نییە و بەستراوە بە (سەر)ی کارێکی یەکلۆی دژواتاوە، کە خراوەتە ژێر لێوەوە، وەك:



بەئەم شێوەیە، دژواتایی دەبێت بە گیانێکی زیندوو و بەزەبری پاشگری (ەوە)، دەکەوێتە نێو ڕێژەوە. ئەم دیاردەیەش ڕێچکەیەکی واتایی زۆر ورد و دەگمەن پەیدا دەکات لە زمانەکەدا. لە پاشتردا ئەم واتا بنجی‌یە دەخوازرێتەوە بۆ چەندین واتای خوازراو.

# پاشگری دووپـــــــــــــاتـــــــی "ەوە"


رەگـەزی (ەوە) وەك دەچـێتە سەر هەموو کردارێك دەتوانێت لە هەموو رێژەیەك دا واتـای دووبـارە بوونـەوەی رووداوەکـە ببەخشـێت. بێگومـان، دەتوانـین ئـەم راستیـیە بکەین بە بنەمایـەك:

[ وەك رەگـەزی (ەوە) دەچـێتە سـەر هـەموو رێژیـەك لـە هـەموو رێژەیـەك یـش دا دەتوانێت واتای دووبارە بوونەوەی رووداوی کارەکە ببەخشێت ]

ئـەو بنەمایە وەکوو سنوورەکەی دیاری نەکراوە دەتوانێت پانتاییی هەموو کارەکان پـر بکاتـەوە. لـە ئـەو رووبـەرەش دا دەتوانێت بە دوو رێگا چەمکی رووداندکە دووبارە بکاتەوە، وەك لە خوارەوە باس دەکرێت.

## ١:٥ دووبات بوونەوە بە (وچان)

لـە ئەم بارو دۆخەدا، چەمکی روودانی کردارەکە وچانێك دەکەوێتە ناوی وەکوو لە سەر نەخشەی داهاتوو دەرخراوە:




لە ئەو نەخشەیەدا، ئاخێوەرەکە بە ئەم چەشنە دەدوێت:

لە ناوچەی (١)دا، دەلێـت: شیلان رۆیـشت

لەناوچەی (٢)دا، دەلێت: شیلان وەستا، یـان شیلان وچانیدا لە رۆیـشتنەکەدا.

لە ناوچەی (٣)دا، دەلێت: شیلان رۆیشتەوە، یان سەر لە نوێ رۆیشتەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئاخێوەرەکە دەتوانێت ئەو سێ رستەیە لە یەك بدات، وەك:

شیلان [ (رۆیشت) و ( وەستا) و (رۆیشتەوە) ]

لە پاش تردا، دەتوانێت خوێ زۆر هیلاك نەکات و یەکسەر بڵێت:


شیلان [ ( – )+ ( – )+ ( رۆیشتەوە ) ]

لە ئەم بۆ چوونەدا، ئاخێوەر وزەی خۆی بە فیرۆ نادات هەر ئەوەندە دەڵێت، بەڵام بەرامبەر دەبێت خۆی هیلاك بکات لە تێگەیشتنەکەدا و واتاکەی لێك بداتەوە لە گوێرەی ژینگەی رستە گوتراوەکە. بێگومان، وەك تێگەیشتنی واتاکە ئاوها ئاسان نییە، شیتەڵ کردنەوەی بیرکارییانە دەتوانێت یارمەتی خوێنەر بدات، وەك:

یەکەم: رووداوەکە لە سەر هێڵێکی راست روو دەدات وەك هێڵی (أ ب ج د) لە سەر نەخشەی داهاتوو. بە ئەم پێیە گۆشەی رووداوەکە دەکات بە سفر.

دووەم: دەتوانین درێژی هێڵی (أ ب ج د) بە کات لێك بدەینەوە. بۆ نموونە لە سەر هێڵی وچانەکە (ب ج) لەکاتەکە کرتاوە.

سێیەم: مەرج نییە بە چالاکییەك دەست پێبکات وەك (رۆیشتن)، جاری وا هەیە بە شتێکیتر دەست پێدەکات کە چالاکی نییە تێیدا وەك لە سەر نەخشەی کە دەرخراوە.




(١): شیلان (وەستا)

(٢): شیلان وەچانیدا بە وەستان (رۆیشت)

(٣): شیلان سەر لە نوێ (وەستایەوە)


لە ئەونەخشەیەدا، وەك چالاکی نییە لە وچانەکەدا، بەڵام کاتەکە، چی لە (وەستان) و چی لە (رۆیشتن)دا هەر دەروات.

چوارەم: لە ئەوەدا کە لە پێشتردا باس کرا، دەردەکەوێت کە ڕوودانی کارەکە وچان دەدات و بـۆ جـاری دووەم دەسـت پێدەکاتـەوە. کەواتـە، ئـەو دووکـارە لـە کۆتـایی ڕووداوی یەکەمەوە، سەرەتای ڕوودانی دووەم واژ دەکەنەوە. ئەوەش لە یاد نەکەین کە سـەرەتای هـەموو وچـانێك وەسـتانی ڕووداوەکەیـە و کۆتـایی هـەمان وچان بریتیـیە لە سەرەتای ڕووداوێکی تر، وەك


کۆتایی ڕوودان: و چان: سەرەتای ڕوودانێکی تر.

## ٢:٥: دووپات بوونەوە بە (سوور):

لـە ئـەم دووبـارە بوونەوەیـەدا چـەمکی ڕووداوەکـە سـوورێکی (٣٦٠پـلە)ی تـێ دەکەوێت، وەك لە سەر نەخشەی داهاتوو دەرخراوە:





یان، وەك:




بـە ئـەم پێیە لە ماوەی و چانەکەدا (باس کراو لە برگەی ڕابردوودا) بکەری ڕستەکە بـە دژاراسـتەیی دەگەرێـتەوە لـە سەر ڕێچکەی (ب ج)، بەرەو ئاخێوەرەکە. پاشان، نێو سـووڕیتر (١٨٠ پـلە) هەیـە تا بکەرەکە بگەرێتەوە بۆ سەر هەمان ڕێچکە. بە ئەم پێیـە

سوورێکی تـەواوی (٣٨٠ پـلەیی) پـەیدا دەبێـت، وەك لـە سـەر نەخشـەی داهـاتوو دەرکەوتووە:




لە ئەم میکانیزمەدا، ئاخێوەرەکە دەتوانێت هەرسێ ڕستەکە لە یەك بدات، وەك:

شیلان [ (ڕۆیشت) و (هاتەوە) و (ڕۆیشتەوە) ]

پاشان دەتوانێت یەکسەر بڵێت:

شیلان [(--) (--) (ڕۆیشتەوە) ]

بـە ئـەم کـردەوەیە، ئاخێوەرەکـە وزەی خۆی پاشەکەوت دەکات بە هێزی ڕەگەزی (ەوە). بـەڵام، کەسـی بەرانـبەر هیـلاك دەکـات کـە بـە ژیـنگەی ڕستەکە و بە ژێرخانی زانیاری پێشتر دەتوانێت لێی تێبگات.

ئێستاش دەتوانین ئەو سوورە بە جۆرێکی تر شیتەڵ بکەینەوە، وەك:

ڕۆیشت ← هاتەوە : ١٨٠°

هاتەوە ← ڕۆیشتەوە : ١٨٠° کۆ +

ڕۆیشت ← ڕۆیشتەوە : ٣٦٠°


ئـەوەش لە یاد نەکەین کە خاڵی (ب) بریتی‌یە لە خاڵی وچاون لە نێوان (ڕۆیشتن) و (هاتـنەوە) دا و خـاڵی (ج) بریتی‌یە لە خاڵی وچان لە نێوان (هاتنەوە) و (ڕۆیشتنەوە)دا. مـاوەی ئـەم دوو وچـانە بـەپێی نەخشـەکە بریـتی‌یە لە (سفر)، بەڵام مەرج نی‌یە ماوەی وچـانەکە سـفر بێـت و دەشـێت ماوەکـە زۆر بێـت. لە ڕووی ئەندازیاری، مەرج نی‌یە تیرەی بازنگەی سوورەکە هێندە گەورە بێت و دەتوانرێت نیوە تیرەکە بکرێت بە (سفر)

و ئـەو سـوورە (٣٦٠) پـلەیی‌یە ببێت بە خاڵێکی وەرچەرخانی ئەندازەیی، وەك بووە بە خاڵێکی وەرچەرخانی واتایی.


## ٣:٥ *میکانیزمی* واتادانەوە لە دووپاتی:

لە کۆپلەکانی پێشوودا بە هوردی و بە جوانی لە سەر باری بیردۆزەیی و ئەندازیـاری دواوین لە واتا دانەوەی دووپاتی‌دا. بە سەرنجێکی هورد لە ئەو بابەتانە، دەردەکەوێت کە دژواتـایی بریـتی‌یە لـە (نیـو سـوور)، بـەڵام دووبارە بوونەوەی واتای بریتی‌یە لە (یـەك سـوور). ئـەم راستی‌یـەش بـە جوانـی و بـە شێوەیـەکی زانستی یانە دەردەکەوێت لە ئەو کارانەدا کە ئاراستەدارن و رووکاریان هەیە لە روودان دا.

لـە کۆتـایی بەشـی رابـردوودا، میکانیـزمێك پێـش کـەش کـرا لە سەر واتادانەوەی دژواتـایی و لـە ئـەوی‌دا گوتـرا کـەکاری یـەکـلۆ (یـەکـپات) روودانەکـەی بریـتی‌یە لـە (تیر)ێك کەلە (سەر) و لە (کلك)ەوە سەربەخۆ بێت، وەك :





پاشان گوترا، کە روودانی کاری دوولۆی دژواتا (رۆیـشتەوە) بریتی‌یە لە (تیر)ێك کە لە کلکەوە سەربەخۆ نەبێت بە سترابێت بە کارێکی یـەکلۆوە، لە چەشنی (هات)، وەك :





بـە سـەرنجێکی ژیـرانە، دەردەکـەوێـت کـە کـاری (هات)،لە نموونەی یـەکەم دا، لە کـلکەوە (أ) تـا سـەر (ب) رووداوەکـەی داگـیر کـردووە، کەچـی کـاری (رۆیـشـتەوە) رێچکەی چەماوەی (أب)ی داگیر کردووە، چونکە کلکەکەی بەستراوە بە سەری کاری (هات)ەوە.


ئەمـەش لـە ئـەوە دەچـێت کـە کـاری (هات) بە سەربەخۆیی بریتیبێت لە ڕێچکەی (أب)، وەك :





پاشان کاری (ڕۆیـشت) بریتی بێت لە ڕێچکەی (ج د)، وەك :




لە ئەم ئاستەدا ئەگەر هەردوو کارەکە لە بەر زاری ئاخێوەرێك دا ریزبکەین، وەك :





دەتوانین هەردوو کارە دژواتاکە بە زەبری پاشگری (ەوە) بکەین ڕووداریێك لە نێوان هـەردوو جەمسـەری (ب) و (ج)دا. واتـە، خـاڵی (أ) و خـاڵی (د) لـە یـەکتری بدەین و یـەکسەر بڵێین :




ئـەوەی تائێستا گوتـرا، بریتی‌یـە لە دووبارە بوونەوەی میکانیزمی (دژواتایی)، بەڵام ئـەوە گـرنگە کـە بـتوانین ئـەم میکانیـزمە بگونجێـنین بـۆ (دووپـاتی). لە ئەم روانگەیـەوە دەتوانین ئەم چەند هەنگاوە تۆمار بکەیـن:


یەکـەم: لـە بـەردەم ئاخێوەردا، ئەگەر (شیلان هات) بە ڕێچکەی (أب)دا و (شیلان ڕۆیشـت) بە دژئاراستە جارێکی دی بەرێچکەی (ج د)دا و ئەگەر جارێکی دی (شیلان هـات) بـە دژ ئاراسـتەی (ج د) لـە سـەر ڕێچـکەی (هـ و)، ئـەوا ئـەم نەخشەیە دروست دەبێت :




دووەم : ئەگـەر ئاکـاری (دژواتـایی) دوو جـار بچەسـپێت. جارێك خاڵی (بەڵام ح) لەیـەك بدرێـن و جـارێکی دی خـاڵی (د سـەید ڕیـزا) لـە یـەك بدرێن، ئەوا ڕێچکەکە دەبێت بە ڕێچکەیەکی دوو جەمسەر لە چەشنی (أ و)، بە ئەم چەشنە:




سێیـەم : بە پێی خاڵی پێشوو دووجار دژواتایی چەسپاوە و دوو نێو سووڕی ١٨٠ پـلەیی چەسـپاوە و ئەو دوو نێو سووڕە دەبن بە یـەك سووڕی تەواو (٣٦٠پلە) و کاری (هـات) دەچـێتەوە سەر هەمان دووکاری یـەکەم (أ ب)، بەڵام بە زەبری پاشگری (ەوە)، وەك :




شیلان ڕۆیشت


چوارەم : لە سەر ئەو نەخشەیە ئەگەر خاڵی (ب ج) و (د هـ) لابەین و سەری هێڵەکان لە یەکتری بدەین، ئەوا ڕێچکەیەکی یەك هێڵی و پێچدار پەیدا دەبێت لە چەشنی (أ و).

پێنجەم : ئەو پێچەی کەلە سەر ڕێچکەکەیە بریتییە لە (٣٦٠پلە) و دەتوانرێت بکرتێنرێت و لاببرێت، بەڵام دەبێت ئاوەڵکارێك لە چەشنی (دیسان) بەکاربهێنرێت تا ئاسەواری ئەو پیچە چەسپاوە ونەدا نەبێت بۆ (بیستەر)، لە پەیامی ڕووداوەکەدا. هەر لەبەر ئەوە دەگوترێت:

دیسان ، شیلان هاتەوە.

شەشەم: بە سەرنجێکی ورد و ڕێژانە، دەبینین کە لە میکانیزمی دژواتایی، وەك (شیلان ڕۆیشت و هاتەوە)، کەرستەی (دیسان) پێویستە نییە، بەڵام لە دووپاتیدا، وەك (شیلان هات و ڕۆیشتەوە و هاتەوە)، پێویستە. ئەم دیاردەیەش خاڵێکی پتەوە،بۆ هاویر کردن لە نێوان هەردوو میکانیزمەکەدا.

حەوتەم : لە باری دووپاتیدا ئەگەر (وچان) چەسپابێت، خاڵی پێنجەم دەچەسپێت، چونکە ڕێچکەکە (وەستانێك) هەڵ دەگرێت کە یەکسان دەبێت بە ئەو سووڕەی کە کرتاوە، وەك :



**ئەم دیاردەیە وەك ئۆتۆمۆبیلێك وایە كە بگات بە فلكەیەك. لە ئەو هەڵویستەدا، لە وانەیە ئۆتۆمبیلەكە هەر یەكسەر دەرباز بێت بە كاری یەكلۆ (هات)، یان نەختێك بوەستێت ئەمجار لە پاش چانەكە واژ بكاتەوە بە كاری دوولۆ (هاتەوە). یان، سوورێكی تەواوی بیٚ كەڵك بخوات بە دەوری فلكەكەدا ئەمجار بە كاری دوولۆ (هاتەوە) روو بكاتەوە لە ئاخێوەر.**

**هەشتەم : وەك خاڵێكی جوداوازی و هاوێرتن، ئەگەر لە میكانیزمی دژواتاییدا (هاتنەوە) تەواو كەری رێچكەی كارێكی دژواتابێت لە چەشنی (رۆیشتن)، بە پێچەوانەوە، لە دووپاتیدا كاری (هاتنەوە) تەواوكەی رێچكەكەی خۆیەتی لە یەكلۆییدا، لە چەشنی (هاتن). كەواتە، كاری دوولۆ لە دژواتاییدا بریتییە لە تەواوكەر بۆ كارێكی دژواتا، بەلاّم لە دووپاتیدا بریتییە لە تەواوكەر بۆ هەمان كاری خۆی لە یەكلۆییدا.**

**سەرنج: داوای لیٚبوردن دەكەین لە ئەوەی كە لە نێوان بەشی چوارەم و پێنجەمدا لێكچوون و دووبارە بوونەوە هەبێت. لە راستیدا، بابەتەكە نویٚیە و سەختە، ئەگەر وا نەكەین بارە بیردۆزەبییەكە بە ئاسانی ناخرێتە سەر پەڕە.**

# پاشگری واتا گۆڕی "ەوە"

## ٦:١- واتای بنجی لە چاوگی یەکلۆدا:

لە پێناوی ئەو مەبەستە دا، کە بتوانین لە ئەرکی واتاگۆڕی بە هوردی تێبگەین، لە یەکەم هەنگاودا روو دەکەین لە واتای بنجی کارە یەکلۆیەکان. لە راستیدا، لە رووداوی هەر کارێکی ئاساییدا کردەوەیەکی فیزیاوی هەیە و لە ئەو کردەوەیەش دا چەند سیمایەکی بنجی و یەکلۆهەیە. ئەمەش لیستێکە لە چەند کارێکی بنجی یەکلۆ. بە ئەو هیوایەی کە بتوانین رێچکەی باسەکەی پێ دیاری بکەین:

- کاری سووتان:

یەکەم : هەبوونی چشتێك کە بەرجەستە و بسووت بێت، (بکەرێکی سست).

دووەم : هەبوونی ئۆکسجین لە هەوادا.

سێیەم : گۆڕینی روخسار و هەبوونی پاشماوەیەك لە چەشنی خۆڵەمێش، یان لە چەشنی (سووتوو).

چوارەم : بەخشینی وزە لە چەشنی رووناکی و گەرمی ودەنگ لە کاتی سووتانەکەدا.

- کاری شکان:

یەکەم: هەبوونی چشتێکی بەرجەستە بۆ ئەوەیبشکێت، (بکەرێکی سست).

دووەم: بەخشینی (دەنگ) لە کردەوەکەدا.

سێیەم: گۆڕینی روخسار و بەخشینی پاشەرۆکی (شکاو) لە ئەنجام دانەوەکەدا.

- کاری کەوتن :

یەکەم : هەبوونی چشنێکی بەرجەستە کە بکەوێت، (بکەرێکی سست).

دووەم :  گۆڕینی بار و هەبوونی (جیٚکەوت)یٚك بۆ کەوتنی چشتەکە.
سیٚیەم : بەخشینی (دەنگ)یٚك لە کەوتنەکەدا.

- کاری هاتن:

یەکەم: هەبوونی  بکەریٚکی وزەدار.
دووەم: گۆڕینی جیٚگای بکەر.
سیٚیەم : هەبوونی ریٚچکەیەك بۆ سووڕی رووداوەکە لە خاڵیٚکەوە بۆ خاڵیٚکی تر، بە ئاراستەی نزیك لە ئاخیٚوەر.

- کاری بردن:

یەکەم : هەبوونی چشتیٚکی بەرجەستە کە ببڕیٚت، وەك بەرکار.
دووەم : هەبوونی بکەریٚکی گیاندار و وزەدار بۆ جیٚگۆڕینی چشتە براوەکە.
سیٚیەم : هەبوونی ریٚچکەیەك بۆ سووڕی بردنەکە لە خاڵیٚکەوە بۆ خاڵیٚکی تر، بە ئاراستەی دوور لە ئاخیٚوەر.

- کاری کوشتن:

یەکەم : هەبووی گیانداریٚکی بەرجەستە کەبکریٚت بە بەرکار.
دووەم : هەبوونی چەکیٚك بۆ ئەنجام دانی کردەوەکە.
سیٚیەم : گۆڕینی روخسار و بە جیٚمانی بیٚگیانیٚك لە ئەنجام دانەکەدا.
چوارەم: هەبوونی بکەریٚکی گیاندار و وزەدار بۆ ئەنجاو دانی رووداوەکە.

- کاری دزین :

یەکەم : هەبوونی چشنیٚکی بەرجەستە و خاوەندار کە بدزریٚت.
دووەم :  هەبوونی بکەریٚکی وزەدار  بۆ گواستنەوەی چشتە دزراوەکەدا.

سـێـیەم : هـەبوونی شـوێنێك بۆ شاردنەوەی شتە دزراوەکە، واتە، گۆڕیـنی شوێن لە ئاستی بەرکارەکەدا.

- کاری شۆردن :

یـەکەم : هەبوونی شتێك کە بشۆردرێت.
دووەم : هەبوونی بکەرێکی گیاندارو وزەدار وزە بۆ ئەنجامدانی کردەوەکە.
سێیـەم : بەکارهێنانی ئاو لە کردەوەکەدا.
چوارەم : گۆڕیـنی باری بەرکارەکە بۆ (پاکتر) و فڕیـدانی پاشەڕۆیـەکی (پیس).

- کاری بڕین :

یـەکەم: هەبوونی چشنێکی بەرجەستە بۆ بڕیـن .
دووەم: هەبوونی کەرەستەیـەکی (بڕیـن) بۆ ئەنجامدانی کردەوەکە.
سێیـەم: هەبوونی بکەرێکی گیـاندار و وزەدار بۆ ئەنجاو دانی ڕووداوەکە.
چوارەم: گۆڕیـنی روخسار و بە جێمانی ئاسەواری بڕیـنەکە لە سەر چشتە براوەکە.
پێنجەم: بەخشینی (دەنگ) لە کاتی بڕینەکەدا .

- کاری گرتن :

یـەکەم: هەبوونی شتێکی بەرجەستە بۆ (گرتن).
دووەم: هەبوونی چنگ و دەست یـان کەرەستەیـەك بۆ گرتنی شتەکە.
سێیـەم: هەبوونی بکەرێکی گیـاندار و وزەدار بۆ ئەنجام دانی ڕووداوەکە
ئەم واتا بنجی‌یـانە، هەر هەموویـان، کردەوەی فیزیـاوی هەیـە تێیـان داو ئەو کردەوەیـە واتایــەکی گشــتی و پـەتی دەبەخشـێت. بەڵام، لە باری دوو لۆدا واتا گۆڕاوەکە تەنها لە یـەك ڕوویـەکەوە دەگۆڕێت و ئەویـش ئەوەیـە کە تەسك دەبێتەوە بۆ واتایـەکی تایبەتی.

### ٢:٦- واتای بنجی له چاوگی دوولۆدا:

له واتایەکی بنجیدا وەك کرداری (بڕین)، باسکراو له پێشتردا، چەند رەگەزێك هەیە له کردەوەکەدا، وەك:

یەکەم : هەبوونی چشتێکی بەرجەستە بۆ (بڕین) وەك (دار، کوتاڵ، ئاسن هتد).

دووەم: هەبوونی کەرەستەی بڕین، وەك (چەقۆ، هەڕەهتد).

سێیەم: هەبوونی بکەرێکی گیاندار و وزەدار بۆ ئەنجاو دانی رووداوەکە، وەك (مرۆڤ).

چوارەم : خەرج کردنی وزە، وەك (وزەی مرۆڤ، وزەی کارەبایی، .. هتد).

پێنجەم: گۆڕینی روخسار و بە جێمانی ئاسەواری بڕینەکە له سەر چشته براوەکە، وەك دوولەت بوونی دارەکە و پەیدا بوونی دەنگ.

له جۆرە کردەوەی ئاوهادا مەرج نییە شێوازی بڕینە دیاری کرابێت، وەك بڕین بە چەقۆ، یان بڕین بە هەڕە، یان بڕین بە تۆڕنە. لەلایەکی ترەوە، مەرج نییە ڕادەی بڕینەکە دیاری کرابێت، وەك بڕینی کەم، یان بڕینی زۆر، یان بڕینی گردەبڕ. بە واتایەکیتر، ئەم جۆرە واتای تەنها کردەوەکە دیاری دەکات، بەبێ ئەوەی شێوازو رادەی ئەنجامدان دیاری بکات. واتە، کە وترا (بڕین)، تەنها ئەو پێنج خاڵە بنجییەی سەرەوە دەگرێتەوە.

له واتای بنجی دوو لۆدا، رەگەزی (ەوە) دەلکێت بە چاوگە بنجییەکەوەو واتا بنجییەکەی دەگۆڕێت بۆ واتایەکی تری (بنجی)، وەك (بڕینەوە). له ئەم واتایەدا رەگەزی (ەوە) سیمایەکی واتاسازیانە دەهێنێتە کایەوە و دەیکات بە رەگەزێکی سەربار له کردەوەی بڕینەکە دا. ئەوسیما واتاسازیانەیەش بریتییە له بڕین تا ڕادەی جوداکرنەوەی چشتە یەك پارچەکە بۆ دوو پارچەی سەربەخۆ، وەك:

- بڕینی دارێك بە رادەی جودا کردنەوەی لە ئەو بەشەی کەلە زەویدا چەقیوە.

- بڕینی ئاسنێك یان چشتێك تا ڕادەی جودا كردنەوەی بۆ دوو پارچە .
- بڕینی خوری مەڕێك بە (برینگە) تا رادەی جودا كردنەوەی خوری‌یەكە لە مەڕەكە.

ئێستاش دەتوانین ئەم كردەوانە بە نیگار و بە نموونە دەربخەین:

ئازاد دارەكەی بڕی‌یەوە:

(بڕینەوە)

ئازاد دارەكەی بڕی.

(بڕین)

ئازاد شیشەكەی بڕی‌یەوە.

(بڕینەوە)

ئازاد شیشەكەی بڕی.

**ئازاد خوری مەڕەکەی بڕی‌یەوە**

**ئازاد خوری مەرەکەی بڕی.**

**بە ئەم چەشنە دەبینین کە لە هەردوو واتا بنجی‌یەکەدا (بڕین و بڕینەوە) هەموو سیما بنجی‌یەکان هەن، بەڵام گۆرانکاری هەر لەئەوەدایە کە (رادەی بڕین) گرنگ نی‌یە لە باری یەکلۆدا، چونکە واتاکە گشتی‌یە بۆ کردەوەی فیزیاوی (بڕین). لە بەرانبەردا، لە بڕینەوەدا ( رادەی بڕین) گرنگە، چونکە واتاکە تایبەتی‌یە تەرخان کراوە بۆ جۆرە کردەوەیەکی فیزیاوی (بڕین). بە واتایەکی‌دی، رادەی بڕین لە (بڕین) دا کراوەیە تا ( ١٠٠٪)، بەڵام لە (بڕینەوە)دا کراوە نی‌یە وهەر بریتی‌یە لە (١٠٠٪)**


## ٣:٦- جۆرەکانی واتای گۆڕاو:

**لە کۆپلەی پێشوودا، بە هوردی و بە جوانی واتای بنجی یەکلۆ و واتای بنجی دوولۆ لە کاری (بڕین) دا یەکلایی کرایەوە. لە ئەویٚدا، گوترا کە واتای گۆڕاو لە باری دوو لۆدا بریتی‌یە لە دیوێکی تایبەتی لە واتا گشتی‌یەکە، لە باری یەکلۆدا. پاشان، گوترا کە لە (بڕینەوە) دا جۆرێك لە (بڕین) دەچەسپێت کە دەراودەر بێت هەموو رووبەری گردە بڕ بگرێتەوە. لە ئەم ئاستەدا، ئەگەر بە چاوی سەرنج بڕوانین لە ئەو کارانەی کە واتایان دەگۆڕێت و تەسك دەبێتەوە بە پاشگری (ەوە)، دەبینین کە ژمارەیان زۆرە و دابەش دەبن بە سەر دوو خێزان دا، وەك:**

یەکەم: واتای ئەنجامدانی تەواوی (١٠٠٪) لە رووداوی کارەکەدا.

دووەم: واتای ئەنجامدانی بەریتم و بە بەردەوامی لە رووداوی کارەکەدا.


پاشان ئەو دوو ڕێچکەیە دابەش دەبن بە سەر چەند جۆرێك دا. ئەو جۆرە واتایانە هەر چەند هەمە جۆربن بەڵام لە ژێری سایەی ئەو دوو خێزانەدا جێیان دەبێتەوە. لەوانەیە، لە ڕۆژانێکی دیکەدا خێزانی سێیەم پەیدا بێت یان یەکێك لە ئەو جۆرانە بێت بە خێزانێك. بە هەر حاڵ لە ئەم کات و ساتەدا، (٢٠٠٠/٣/١٤) بیر تیژی ئێمە هەر ئەوەندە دەبڕێت. واتە، تەنها هەر لە دوو خێزان دا دابەشکراون، وەك:




## ٤:٦- واتای ئەنجامدانی بە تەواوی:

جوانترین و لە بارترین نموونە بۆ ئەم واتایەی بریتییە لە کاری (بڕین : بڕینەوە) کە لە بڕگەی (٢:٦) دا بە وردی باس کراوە. لە ئەویّدا، واتای گشتی و واتای تایبەتی کاری (بڕینەوە) دەرخراوە و گوتراوەکە بە زەبری پاشگری واتاگۆڕ (ەوە)، ڕیّژەکانی کاری (بڕینەوە) واتایەك دەدەنەوە لە چەشنی ئەنجام دانی لە سەت لە سەت (١٠٠٪) . لەگەڵ هەموو ئەوەدا،ئەم جۆرە واتا تەسك و تایبەتییە زاڵە بەسەر زۆربەی ئەو کارانەی کە واتا گۆڕی (ەوە)یان هەڵ گرتووە. سەرەڕای ئەوەش، چەند خاڵێکی بەراورد و جوداوازی هەیە و دەشێت چەند نموونەیەك ریز بکەین، وەك:

یەکەم: لەکاری (بڕینەوە)دا، واتای ئەنجامدانی تەواو زاڵە. واتە دەمی (ئامرازی بڕین) سەرپاکی ئەو ڕووبەرە رادەماڵێت کە لەبەر ڕووداوی (بڕین)دایە. بۆنموونە ئەگەر دارێك یان ئاسنێك ببڕێتەوە دەبێت ڕووبەری گردەبڕەکەی ڕابماڵرێت.





لـە نموونـەی رابـردوودا پارچـە دارێـك (أ) وەرگیراوەکـە کـە پـانی و ئەسـتووری و درێژەکەی بریتین لە ٢٠سم × ٣٠ سم × ١٠٠سم . لەئەم بارەدا ئەگەر دەمی مشارەکە ئـەو رووبـەرەی گرتەوە کە دیاری کراوە بە (٢٠ × ٣٠ =٦٠٠سم$^{٢}$ )، ئەوا رووداوی کاری (بڕینەوە) چەسپاوە و دوو پارچەدار (أ١) و (أ٢) بەرهەم بووە. یان، ئەگەر لە ئەو رووبەرە کەمتر بوو ناتوانین کاری (بڕینەوە) بەکار بهێنین و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کاری گشتی (بڕین)کە تیٚ‌یدا رادەی بڕین گرنگ نیـیە.

بـە هـەمان شـێوە، لە بڕینەوەی خۆڕیدا دەبێت برینگەکە سەرپاکی رووبەری لەشی مەرەکە بگرێتەوە ئەوسا دەتوانین چاوگی (خوڕی بڕینەوە) بەکاربهێنین.

دووەم : لـە کـاری (سڕینەوە) و (ماڵینەوە) واتای (سڕین) و (ماڵین) تەسك دەبێتەوە بۆ واتایەك، کە گسکەکە، یان ئامرازی ماڵینەکە هەموو ئەو رووبەرە (١٠٠٪) بگرێتەوە کە لەبەر (سڕین) یان (ماڵین) دایە.

سـێیەم : لـە کاری (گەیشتنەوە) و (پەڕینەوە)دا، رووداوی کارەکە تەسك دەبێتەوە بـە چەشـنێك کەلـە خاڵی (أ)ەوە بگەیت بە خاڵی بەرامبەر (ب) بە تەواوی و لە سەت دا سەت (١٠٠٪).




بۆ نموونـه، تـەنافێك لـە نێـوان دوو دیـواردا دەبەسـترێت و دەڵێـن (دەگاتەوە) یان کەسێك بـاز دەدات بەسـەر جۆگەیەك دا دەڵێن (دەپەڕێتەوە). لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، هـەردوو کـاری یەکـلۆ (گەیشـتن و پـەڕین )، رادەی ئـەنجامدان گرنگ نییە تێیاندا و مـەرج نییــە لـە خـاڵی (أ)ەوە بگـەین بـە خـاڵی (ب). لـە لایــەکی دیـیــەوە، واتـای (گەیشتنەوە) دەتوانرێت بە جۆریکی دی بە کاربهێنرێت، وەك:

ملوانکەکە دەگاتەوە بە ملی شیلان دا

لـە جـۆرە واتای تەسکی ئاوهادا، مەرج نییە تەنافەکە (هێڵ)بێت لە نێوان دوو خاڵی (أ) و (ب)دا، لەوانەیە بازنگەیی یان ئەڵقەیی بێت و لە خاڵێك دا وەك خاڵی (أ) هەردوو سەری تەنافەکە بگەنەوە بە یەکتری.

واتـە، خـاڵی سـەرەتا دەبێـت بـە (جێـژوان) بـۆ خـاڵی کۆتـایی. ئـەم جۆرە واتایە لە بەکارهێنا چشتی (پشتوێنەیی)و چشی (ئەڵقەیی) دەگرێتەوە و تێیدا پێچێکی تەواوی ( ٣٦٠ پـلەیی) پێویسـتە تابـتوانین واتـای بەریـنی کـاری (گەیشـتن) تەسـك بکەیـنەوە بۆ (گەیشتنەوە)، وەك لە ئەم نموونانەدا دیارە:




چـوارەم : لـە نموونەیــەك دا، وەك (وەسـتانەوە، گیرسـانەوەدا، بەستنەوە، نیشتنەوە)، واتـای خـەرج کـردنی دواتـنۆك لـە وزەی جێگۆرکـێ پـەیدابووە. بـۆ نموونە، ئەگەر لە (وەسـتان ، گیرسـان ، بەسـتن ، نیشـتن)دا واتاگشتی و ڕەها لە ڕووداوەکەدا هەبێت، لە چـاوگە دوولۆیـەکان دا، واتای تەسك و تایبەتی دەچەسپێت. بۆ نموونە، لە چاوگێك دا، وەك (وەسـتانەوە)، واتـای فراون و گشتی کاری (وەستان) دەبێت بە واتایـەکی تەسك و تایـبەتی کـە (بکـەر) ی ڕستەکە هەموو وزەکەی خەرج بکات و بە هیچ جۆرێك جووڵە


وزەی تیٚدا نەمیٚنیٚت. بۆ نموونە دەگوتریٚت (گالیٚسکەکە وەستایەوە). واتە، گالیٚسکەکە لـە جـٚلە و تـرازاو و تـا دوا تـنۆك هـەموو وزەکـەی خەرج کرد و ئەمجار وەستایەوە. بە هـەمان شـیٚوە و بـە هـەمان میکانیـزم، لـە کـاریٚك دا وەك (بەسـتنەوە) جـۆرە بەستنیٚك دەچەسـپیٚت کـە هیـچ جووٚلـە وزەیـەکی تیٚدا نەمیٚنیٚت. لە لایەکی دیکەوە، ئەم واتایە خـوازراوە بـۆ (ژن خواسـتن). بـۆ نموونەکـە دەگوتـریٚت (ئازاد بەستـرایەوە)، واتای ئەوە دەچەسـپیٚت کە (ئازاد) هیچ وزەیەکی پیٚنەما سەربان و بنبان بکات بە دوای کچان دا. بە هەمان شیٚوە دەتوانین رووبکەین لە کاری (گیرسانەوە).

پیٚـنجەم : لـە کـاریٚکدا وەك (پچـڕانەوە)، واتایـەکی دی دەچەسپیٚت کە بریتی‌یە لە ئـەنجامدانی رووداوی تەواوی (بچڕان). بۆ نموونە، ئەگەر لە (پچڕان)دا، واتایەکی گشتی و فراوان هەبیٚت بۆ هەر جۆرە پچڕانیٚك، لە (بچڕانەوە)دا واتایەکی تەسك وتایبەتی هەیە بـۆ رایەڵـەی بازنگـەیی، وەك (ملـلوانکە ، خەناوکـە ، هـتد). بـیٚ گومـان لە هەموو ئەو چشـتانەدا بـاری بازنگـەی لادەچـیٚت و کشـتەکە بـیٚ سـەرەکە دەبیٚـت بـە دوو سەر بە تەواوی.

لەلایـەکی دیکەوە، لە نموونەی رایەڵەی تەناف دا، بچڕانەکە بە جۆریٚك دەچەسپیٚت کە تەنەفەکە بە گر دەبڕی بپچڕیٚت و بیٚت بە دوو نیوە تەناف.

شەشـەم: لـە نموونەیـەك دا وەك (بـردنەوە)، رووداوی کـاری (بـردن) بـە چەشـنیٚك دەچەسـپیٚت کـە بکـەری رسـتەکە بیٚـت بە خاوەنی (بەرکار) ەکە. واتە، واتای گشتی و فـراوانی (بـردن) دەگۆڕیٚـت بـۆ جۆرە واتایەکی تەسك و تایبەتی لە (بردن)، کە تیٚیدا کەسـی (بـبەر) دەبیٚـت بـە خـاوەنی چشـتە (بـراو)ەکـە. بۆ نموونە، ئەگەر گوترا (شیلان پارەکـەی بـرد)، مـەرج نی‌یـە کـە بـۆ خۆی بیبات و رەنگە رۆڵەکەی شیلان هەر رۆڵی بـبەریٚك بیٚـت کـە پارەکـە بـبات بۆ کەسیٚك لەبەرانبەردا، ئەگەر گوترا(شیلان پارەکەی بـردەوە)، واتـای ئەوەدەچەسـپیٚت کـە (شـیلان)، وەك (ببەر)ە دەبیٚت بە خاوەنی تازەی پارەکە.

حەوتـەم :لـە نموونەیـەك دا وەك (گۆڕیـنەوە) واتـای فـراوان و گشـتی ، لـە کـاری (گۆڕیـن)دا، گـۆڕاوە بۆ جۆرە واتایـەکی تەسك و تایبەتی‌کە چشتێك بە تەواوەتی بچێتە جیٚی چشتێکی دیکە و بە پێچەوانەوە. واتە، ئاڵ وگۆڕێك روودەدات لە چەشنی کڕین و فرۆشتنی بازرگانی. ئەم دیاردەش لە سەر نەخشەی داهاتوو روون دەبێتەوە:





لە ئەو نەخشەیەدا، ئەگەر هەر دوو خاڵی (أ) و (ب) دوو چشت بن، ئەوا لە رووداوی کـاری گۆڕیـنەوە دا (گۆڕیـن) یٚکـی تەواو دەچەسپێت. واتە، چشتی (أ) دەچێتە جیٚی چشـتی (ب) و چشـتی (ب) دەچـێتە جـیٚی چشـتی (أ). بـە تەریـبی لەگـەڵ کـاری (گۆڕیـنەوە)دا، دەتوانـین رووبکـەین واتـای تەسـکی (بژاردن) لە کاری (بژاردنەوە) دا. بیٚگومـان لـە ئـەم کـارەش دا، واتـای کارەکـە تەسـك دەبێـتەوە و هـەمان میکانیـزم دەچەسپێت.

هەشـتەم: لـە نموونەیـەك دا، وەك (بیستنەوە)، واتای فراوانی و گشتی کاری (بیستن) تەسك بۆوەتەوە بۆ جۆرە بیستنێك کە سووڕێکی تیٚدا هەبێت.

کەواتـە، گوتەکـە لـە دەمێکـەوە دەردەچێت و دەڕوات و سوڕێکی تەواو دەخوات، پاشان هەمان گوتە دەگاتەوە بەر گویٚی یـەکەم (ئاخێوەر)، یـان یـەکەم (بیستەر).

بـە هـەمان شـێوە، لـە کـاری (بینیـنەوە)دا، جـۆرە (بیـنین)یـٚك دەچەسـپێت بە سەر (بەرکار) دا کە سووڕی تیٚدا هەبێت. بۆ نموونە، کەسێك چشتێك دەبینێت و پاشان ئەو چشتە لە بەرچاو ونادا دەبێت و لە پاش ماوەیـەکی دی هەمان کەس چشتەکە دەناسێتەوە. بـە هەمان میکانیزم، لە کاری (ناسینەوە)دا ئەو سووڕە هەیە. بە واتایـەکی دیکە، لە هەر سیٚ کاری(بیستنەوە، بینینەوە، ناسینەوە) دا، سووڕیکی تەواو دەچەسپێت لە خالێکەوە بەرەو دەرەوە و پاشان گەیشتنەوە بە هەمان خاڵ، وەك:

أ




بە سەرنجێکی ورد دەبینین کە چاوگەکانی (بیستن، بینین، ناسین،) بە راستەوخۆیی دەگەن بە خاڵی (أ) و دەیکەن بە (بەرکار) بەڵام چاوگەکانی (بیستنەوە، بینیەوە، ناسینەوە)لە خاڵی (أ) دەردەچن و دەگەنەوە بە خاڵی (أ) بۆ ئەوەی بیکەن بە (بەرکار).لەگەڵ هەموو ئەوەش دا، ئەم میکانیزمە لە میکانیزمی کاری (گەیشتنەوە) دەچێت، کە لە خاڵەکانی پێشتردا باس کراوە.

## ٥:٦- واتای ریتم و بەردەوامی:

پاشگری (ەوە) کاتێك کە دەبێت بە واتاگۆڕ لە هەندێك کاری زمانەکەدا، واتا فراوان و گشتی‌یەکە تەسك دەکاتەوە بۆ واتایەکی تایبەتی. لە ئەو واتا تازەیەدا هەندێك ئاکاری دیکە دەردەکەوێت وەك:

- چەسپاندنی داینامێزێکی بەردەوام لە رووداوی کارەکەدا.
- چەسپاندنی ریتم و بەرنامەیەکی هێدی هێدی‌لە رووداوی کارەکەدا.
- بەخشینی واتای بڵاوبوونەوە لە چەقی رووداوی کارەکەوە. بۆ نموونە

دەتوانین چەند چاوگێك وەربگرین، وەك:


لە هەندێك کاری زمانەکەدا، پاشگری واتا گۆڕ (ەوە)، ئاکاری بڵاوبوونەوەی و بەردەوامی پەیدا دەکات، وەك:

کەوتەوە : تەنینەوە

خستنەوە : بزوتنەوە

جوڵانەوە : توانەوە

لە ئەو واتایانەدا، شەبەنگی جولأنەوەیەك هەیە. بۆنموونە ئەگەر (جولأن و بزوتن) واتا جێگۆڕکێ بدەن بە دەستەوە، کاری (جولأنەوە و بزوتنەوە) واتا گشتی‌یەکە تەسك دەکەنەوە و دەی‌کەن بە واتایەکی تایبەتی. لە ئەم بارەدا، جۆرێك لە (جوولە و بزوە) دەچەسپێت کە گیانی بەردەوامی هەڵ بگرێت. ئەمەش نەخشەیەکە بۆ دیاری‌کردنی بزاڤی بلأوبوونەوەی تیرەیی لە ئەو کارانەدا.




بۆ نموونە، لە (ئاگر کەتنەوە) و (ئاگر خستنەوە)دا شەبەنگی دینامیزمێك هەیە بۆ بلأوبوونەوە. لە واتای خوزراودا (نەوە کەتنەوە) و (نەوەخستنەوە) برەویان هەیە. لە لایەکی دیکەوە، لە کاری (توانەوە)دا بزاڤی بلأوبوونەوە هەیە بە جودا بوونەوە و تلیسانەوەی سەهۆڵە ڕەقەکە. بە هەمان شێوانە، لە کاری (لەرینەوە)دا، ڕووداوەکە بە لەرەلەرێکی ڕژێمدار دەچەسپێت. یان، لە کاری (هەڵ بەزینەوە)دا ریتمێك هەیە بۆ تۆپەکە.

بە هەمان شێوە لە کاری (گوتنەوە)دا، وەك (واتە گوتنەوە)، پاشگری (ەوە) جۆرە بەرنامەیەکی خشتەیی دەچەسپێنێت بە سەر واتا تەسکەکەی‌دا. بۆ نموونە کەس نالێت (وانە گوتن)، بەی دەگوترێت (وانە گوتنەوە).

لە هەندێك کاری دیکەدا، واتای وزە وەرگرتن و کەتنەوە سەر دینامیزم و بەردوامی دەچەسپێت. بۆ نموونە لە کاری (سووڕانەوە و خولانەوە)دا، واتای تین

وەرگـرتن و بـاری داینامیکی هەیە. دەشێت بڵێین کە شەبەنگی گیانێکی بزواو دەچێتە بـەر رووداوی کـاری (سـووڕان و خـولان) بـۆ جـۆرە رووداوێکی تایبەتی و تەسك کە تێیدا بتوانین هەر خول و سوور بژمێرین.

### ٦ :٦- باری تایبەتی :

لـە ئـەو نمونانـەدا، کە لە بەشی حەتەوم دا ریزکرابوون، هەندێك چاوگ هەبوو کە لە بـاری یەکـلۆدا واتایـان نـەبوو. لـە راستیدا، ئەو جۆرە چاوگە، کە هەر باری دوولۆیـان هەیــە، کـەم نـین بـە ژمـارە و ژمارەیـان لە دەیان دایە. لەلیستی داهاتوودا، گشت نمونە بەرچاوییەکان دەخەینە روو، وەك :

| چاوگی دوو لۆ (واتادار) | چاوگی یەکلۆ (بێواتا) |
| --- | --- |
| بریسکانەوە | بریسکان |
| بوورانەوە | بووران |
| بووژانەوە | بووژان |
| پەخشانەوە | پەخشان |
| پەرچانەوە | پەرچان |
| پەنگانەوە | پەنگان |
| پارانەوە | پاران |
| پلیشانەوە | پلیشان |
| پلیکانەوە | پلیکان |
| پووچانەوە | پووچان |
| پووکانەوە | پووکان |
| تلیسانەوە | تلیسان |
| توانەوە | توان |
| حەوانەوە | حەوان |

| | |
|---|---|
| حەسانەوە | حەسان |
| چەمانەوە | چەمان |
| چەوتانەوە | چەوتان |
| چەوسانەوە | چەوسان |
| خولانەوە | خولان |
| درەوشانەوە | درەوشان |
| رەوانەوە | رەوان |
| رازانەوە | رازان |
| رووتانەوە | رووتان |
| رزنگانەوە | رزنگان |
| شەکانەوە | شەکان |
| شنانەوە | شنان |
| فلیقانەوە | فلیقان |
| کووژانەوە | کووژان |
| کڕووزانەوە | کڕووزان |
| کولانەوە | کولان |
| گەشانەوە | گەشان |
| نووزانەوە | نووزان |
| نوشتانەوە | نوشتان |
| سڵەمینەوە | سڵەمین |
| (هەڵ)بەزینەوە | (هەڵ)بەزین |
| قۆزتنەوە | قۆزتن |
| گواستنەوە | گواستن |

| | |
|---|---|
| **لیستنەوە** | **لیستن** |
| **شاردنەوە** | **شاردن** |
| **تۆژینەوە** | **تۆژین** |
| **(ڵی)کۆڵینەوە** | **(ڵێ)کۆڵین** |
| **هۆنینەوە** | **هۆنین** |
| ..... | ..... |

**لە ئاستی ئەم جۆرە چاوگە دوولۆیەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك :**

**یەکەم : ئەو چاوگانە لە روخساری یەکلۆدا واتایان نییە، یان ئەگەر هەبێت سست و زۆر لێکراوە. لە بەرامبەردا، لە روخساری دوولۆدا زۆر چالاکن و واتایان هەیە.**

**دووەم : ئەو چاوگانە، وەك دوولۆن و ناتوانن جارێکی دیکە پاشگری دووپاتی (ەوە) وەربگرن، تەنها و تەنها هەر بە ئاوەڵگوزارە دەتوانن واتای دووپاتی دەربخەن، وەك:**

**دیسان، ئاگرەکە کووژایەوە**

**دیسان، سەهۆڵەکە توایەوە**

**دیسان، تەمەکە رەوایەوە**

**دیسان، منداڵەکە نووزایەوە**

**دیسان، شیلان پاڕایەوە**

**سێیەم : ئەو جۆرە چاوگە، لە باری ئاساییدا، بە هیچ جۆرێك ناتوانن واتای (دووپاتی) ببەخشن. بۆ نموونە (کووژانەوە ، کولانەوە ، توانەوە هتد) واتای دووپاتی (بەشی پێنجەم) هەڵ ناگرن، مەگەر بە ئاوەڵگوزارە، وەك خاڵی دووەم.**

**چوارەم : بە تەریبی لە گەڵ خاڵی پێشوودا، ئەو جۆرە چاوگانە ئاکاری دژواتایی (بەشی چوارەم) هەڵ ناگرن. بۆ نموونە، بە هیچ جۆرێك ناتوانن دژواتای راست و دروست پەیدا بکەین و بیخەینە بەرامبەریان.**

پێـنجەم :  بـە پـێ‌ی ئـەو خالاّنـەی سەرەوە، ئەو واتایەی کە هەڵی دەگرن لە جۆری واتـای گـۆڕاوە (بەشی شەشەم). واتە، دیوی یـەکلۆیان واتای هەبووە و لەسەر ئەو دیوە یـەکـلۆیـە ئاکاری (واتاگۆڕی) پەیدا بووە. لە پاشتردا، واتا یـەکلۆکان وردە وردە سست بوون و لە ئاخاوتن دا نەماون.

شەشـەم :  لەبـەر روونـاکی خـاڵی پێشـوو، ئاکـاری (واتاگۆڕی)، وەك ( ئەنجام دانی سـەت لە سەت) و (بلاّوبوونەوە بە ریتم و بەردەوامی) بە ئاشکرا دیارە بە نمووناکانەوە. لەگەڵ ئەوەش دا، بە سەرنجێکی ورد لە نموونەکان دەبینین کە واتای (بلاّبوونەوە بەریتم و بەردەوامی) برەوی زۆرترە لە ئەو جۆرە کارانەدا.

بێ‌گومـان، ئـەم جـۆرە کێشــەیە زۆر زۆرتـری دەوێت و پێویـست بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەکات. بە هیوایـن لە رۆژێکی دیکەدا، جارێکی دیکە لێ‌ی بدوێینەوە.

سەرنج : بۆ زانیاری یـتر و فراوانتر بڕوانە بۆ پەراوێزەکانی (بەشی هەشتەم و نۆیـەم). لە ئەوێ‌دا، هەندێك لە ئەم جۆرە نموونەیە بە جوانی شیتەڵ کراوەتەوە.

# واتای خوازراو

لـە ئاسـتی واتـای خوزراودا، رووداوی فیزیـاوی نامێنێت و هەڵس و کەوتی کارەکە هـەر بـە واتـا روو دەدات. واتە، رووداوی واتایی دەچێتە جێی رووداوی فیزیـاوی. بۆ نموونـە، لـەکاری (فرۆشـتن)دا، (فرۆشـیار) هەیە و (کریار) هەیە و چشتێکی بەرجەستە هەیـە کـە بفرۆشـرێت ( فرۆشـراو). لـە گەڵ ئەوەشدا، گۆڕینی خاوەن هەیە. خاوەنی یەکـەم لـە پێـش رووداوی فرۆشـتن دا بریـتی‌یە لـە (فرۆشیار) و خاوەنی دووەم لە پاش فرۆشـتنەکە بریـتی‌یە لـە (کڕیار). یان، لە هەندێك باردا، چشتە فرۆشراوەکە دەکەوێتە بەر جێ‌گۆڕین. لە بەرامبەردا، لە دیوی واتای خوازرادا، دەگوترێت:

شیلان ئێمەی فرۆشت

واتـە، لـە گـەڵ ئێمـە هاتبوو بەڵام کاتێك کە کەسانێکی دیکەی دۆزی‌یەوە، ئێمەی بەجێ‌هێشـت. لـە ئـەم جـۆرە واتایـەدا، بە هیچ جۆرێك نە(فرۆشیار) هەیە و نە(کڕیار) هەیـە و نـە چشـتێك هەیە کە بکەوێتە بەر (فرۆشتن) و نە خاوەن گۆڕین هەیە. کەواتە، ئەگەر گوترا:

شیلان کراسەکەی فرۆشت


ئەوا واتای بنجی لە ئارادایە و ئەگەر گوترا:

شیلان تۆی فرۆشت

واتای خوازراو لە ئارادایە. لە لایەکی دیکەوە، کاتێك کە دەگوترێت:

شیلان کراسەکەی کری‌یەوە

ئـەوا واتایەکی نەخوزراو چەسپاوە و دژوایی خۆی چەسپاندووە. واتە، دوێنی شیلان کراسەکەی فرۆشت و ئەمرۆ کڕی‌یەوە، وەك :




یان، واتای خوزراو خۆی دەچەسپێنێت کە دەگوترێت:

شیلان خۆی کڕیەوە

واتە، شیلان کارێکی خراپی کرد لە چەشنی (خۆفرۆشتن)، بەڵام لە دژئاراستەدا کارێکی باشی ئەنجام دا و هاتەوە سەر ڕێگای ڕاست بە کردەوەی (خۆ کڕینەوە). بە سەرنجێکی ورد و ژیرانە، لە ئەو نەخشەیەدا وشەی (کراس) بەرکارەو لە نموونەی دووەم دا (خۆ) بەرکارە.

ئەمجار، ئەگەر سەرنج خەست بکەینەوە، دەبینین کە لە ڕووداوی کراس کڕینەوەکەدا، تەنها ڕووکاری کراسەکە خوزراوە و چەسپاوە بەسەر خودی شیلان دا.

لە نموونەیەکی دیکەدا، وەك (بڕینەوە) ڕووداوی (بڕین)ێك چەسپاوە لە چەشنی سەت لە سەت و گردەبڕ، وەك :

شیلان دارەکەی بڕیەوە بە هەڕە

واتە، دارەکەی کرد بە دووپارچە و گشت ئەم ئاکارانە چەسپاوە:

<u>کاری بڕین:</u>

یەکەم: هەبوونی چشنێکی بەرجەستە بۆ بڕین،(دارەکە).

دووەم: هەبوونی کەرەستەیەکی (بڕین) بۆ ئەنجامدانی کردەوەکە، (هەڕەکە).

سێیەم: هەبوونی بکەرێکی گیاندار و وزەدار بۆ ئەنجاو دانی ڕووداوەکە، (شیلان و وزەکەی).

چوارەم: گۆڕینی ڕوخسار و بە جێمانی ئاسەواری بڕینەکە لە سەر چشتە براوەکە، (دوولەت بوونی دارەکە).

پێنجەم: بەخشینی (دەنگ) لە کاتی بڕینەکەدا.

شەشەم: رادەی بڕین ( ١٠٠٪)، واتە (بڕین تا رادەی دوولەت بوون)
بەڵام کاتێك کە دەگوترێت:
شیلان کێشەکەی بڕییەوە
هیچ ڕووداوێکی فیزیاوی نەچەسپاوە و بەرکاری (کێشەکە)، وەك بەرکاری (دارەکە) نییە هەتا بکەوێتە بەر ڕووداوی فیزیاوی (بڕینەوە) بە (مشار/ هەڕە). کەواتە، لە کێشە برینەوە)دا، نەکەرەستەی (بڕین) و نە (دەنگی بڕین) و نە کەپەکی داری بڕراو هەیە و نە وزە خەرج کردن هەیە. لە ڕووداوی واتایی کاری (بڕینەوە)دا، تەنها و تەنها کەڵك لە دووپارچەکردنی دارەکە وەرگیراوەو، بە ئەو چەشنەی کە هەر پارچەیەك وازلە پارچەکەی دیکە بهێنێت. واتە، تەنها ئەنجامی ڕوودانی فیزیاوی (بڕینەوە) شوبهێنراوە بە ئەم ڕووداوە تازەیە. بە ئەم شێوەیە، دەتوانین واتاکانی کاری (بڕینەوە)
تێك ببەستین لە خشتەیەکدا:

| | واتای فیزیاوی | واتای خوازراو |
|---|---|---|
| واتای یەکلۆ | بڕین<br>بڕینی دار بە هەڕە | نان بڕین<br>(دەرکردن لەئیش) |
| واتای دوولۆ | بڕینەوە<br>بڕینەوەی دار بە هەڕە<br>(بڕینی گردەبڕ) | منداڵ بڕینەوە لە شیر<br>کێشە بڕینەوە |

لە کارێکی دیکەدا وەك (شکان : شکاندنەوە) دابەشبوونی واتایی یە ئەم چەشنەیە:
کاری شکان: (واتای فیزیاوی)
وەك:
دارەکە شکا

یەکەم: هەبوونی چشتێکی بەرجەستە بۆ ئەوەی بشکێت، (بکەرێکی سست/ دارەکە).

دووەم: بەخشینی (دەنگ) لە کردەوەکەدا، (قرچە قرچی رووداوەکە).

سێیەم: گۆڕینی روخسار و بەخشینی پاشەرۆکی (شکاو) لە ئەنجام دا.

کاری شکانەوە: (واتای فیزیاوی)

وەك:

لقی دارەکە شکایەوە

یەکەم: هەبوونی چشتێکی بەرجەستە بۆ ئەوەی بشکێت، (بکەرێکی سست/ لقی دارەکە).

دووەم: بەخشینی (دەنگ) لە کردەوەکەدا، (قرچە قرچی رووداوەکە).

سێیەم: گۆڕینی روخسار و بەخشینی پاشەرۆکی (شکاو) لە ئەنجام دا، (روخساری لقەکە دەگۆڕێت).

چوارەم: رادەی شکان (١٠٠٪).

کاری شکان: (واتای خوازراو)

وەك:

دڵی شیلان شکا

یەکەم: نەبوونی چشتێکی بەرجەستە بۆ ئەوەی بشکێت، (بکەرێکی سست).

دووەم: نە بەخشینی (دەنگ) لە کردەوەکەدا.

سێیەم: نە گۆڕینی روخسار و نە بەخشینی پاشەرۆکی (شکاو) لە ئەنجام دانەکەدا.

کاری شکانەوە: (واتای خوازراو)

وەك:

منداڵەکە نەخۆش کەوت و شکایەوە

یەکەم: نەبوونی چشتێکی بەرجەستە بۆ ئەوەی بشکێت، (بکەرێکی سست).

دووەم: نە بەخشینی (دەنگ) لە کردەوەکەدا.

سێیەم: نەگۆڕینی روخسار و نە بەخشینی پاشەرۆکی (شکاو) لە ئەنجام دانەوەکەدا.

چوارەم: رادەی شکانی واتایی (١٠٠٪).

بە ئەم شێوەیە، دەتوانین واتاکانی کاری (شکانەوە) تێك ببەستین لە خشتەیەکدا:

| | واتای فیزیاوی | واتای خوازراو |
|---|---|---|
| واتای یەکلۆ | شکان<br>بشکانی دار بە دەست | دڵ شکان<br>(زیز بوون) |
| واتای دوولۆ | شکانەوە<br>شکانەوەی لقی دار بە دەست | شکانەوە<br>(وێران بوونی باری دروستی) |

یان، لە کارێکی دیکەدا وەك (سووتان : سووتاندنەوە) دابەشبوونی واتایی بە ئەم چەشنەیە:

کاری سووتان: (واتای فیزیاوی)

وەك:

دارەکە سووتا

یەکەم : هەبوون چشتێك کە بەرجەستە و بسوت بێت، (بکەرێکی سست).

دووەم : هەبوونی ئۆکسجین لە هەوادا.

سێیەم : گۆڕینی روخسار و هەبوونی پاشماوەیەك لە چەشنی خۆڵەمێش، یان لە چەشنی (سووتوو).

چوارەم : بەخشینی وزە لە چەشنی رووناکی و گەرمی ودەنگ لە کاتی سووتانەکەدا.

کاری سووتانەوە: (واتای فیزیـاوی)
ئەم واتا فیزیـاوی‌یـە سست بووە و نەماوە
کاری سووتان: (واتای خوازراو)
وەك:

سەلاوەکەم سووتا

یەکەم : نەبوونی چشتێك کە بەرجەستە و بسوت بێت، (بکەرێکی سست).
دووەم : نە بوونی ئۆکسجین لە رووداوەکەدا.
سـێـیەم : نـە گۆڕیـنی روخسـار ونە بوونی پاشماوەیەك لە چەشنی خۆڵەمێش، یان لە چەشنی (سووتوو).
چوارەم : نە بەخشینی رووناکی و گەرمی ودەنگ لە کاتی رووداوەکەدا.
کاری سووتانەوە: (واتای خوازراو)
وەك:

برینەکە سووتایەوە

یەکەم : نە بوون چشتێك کە بەرجەستە و بسوت بێت، (بکەرێکی سست).
دووەم : نەبوونی ئۆکسجین لە رووداوەکەدا.
سـێـیەم : نەگۆڕینی روخسار و نە هەبوونی پاشماوەیەك لە چەشنی خۆڵەمێش، یان لە چەشنی (سووتوو).
چوارەم : نەبەخشینی رووناکی و گەرمی و دەنگ لە کاتی سووتانەکەدا.
پێنجەم: سووتانی واتایی بە بلاو بوونەوەی هێدی هێدی
بە ئەم شێوەیە، دەتوانین واتاکانی کاری (سووتانەوە) تێك ببەستین لە خشتەیەکدا:

| | واتای فیزیـاوی | واتای خوازراو |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| واتای یەکلۆ | سووتان<br>سووتانی دار بە ئاگر | سووتانی سەڵاو<br>سوتانی گڵۆپ<br>سووتانی دەرمان (expire) |
| واتای دوولۆ | ..... | سووتانەوەی برین |

بە ئەم چەشنە، دەبینین کە دارستانی واتای خوزراو زۆر زۆر چڕوپڕ و تەمانەوی و تاریکە. لە راستیدا، جۆرە بابەتی ئاوها دژوار چەند چینێکی هەیە و هەموو کاتێك لە زاوزێدایە. واتە، واتای خوزرار هەیە لە دایك دەبێت و هەیە فراوان دەبێتەوە و هی ئاوها هەیە کە دەمرێت و جێی دەگرنەوە. لە گەڵ هەموو ئەوەش دا، چەند خاڵێك هەیە لە ئاستی واتای خوزراودا، وەك :

یەکەم : واتای فیزیاوی (بەرجەستە و راست) چەند ئاکارێك دەبەخشێت بە کار، وەك باسکرا لە پێشەوە. ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە کە زمانان هاوبەشن لە ئەو ئاکارانەدا. بۆ نموونە، ئاکارەکانی کاری (سووتان)هەر هەمان ئاکارن کە لە زمانانی دیکەدا هەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەی باری فیزیاوی خراوەتە بەر مەبەست و ئاکاری فیزیاوی رووداوەکە هاوبەشە. واتە، ئاکارەکانی رووداوی فیزیاوی یەکسان و هاوبەشە لە نێوان زمانان دا.

دووەم : وەك ئاکارە فیزیاوییەکانی کار هاوبەشن لە نێوان زمانان دا، مەرج نییە ئاکارەکانی واتای خوزراو هاوبەش بن. واتە، هەر زمانێك هەل و مەرج و کارگەی خۆی هەیە بۆ واتای خوزراو. بە شێوەیەکی دیکە، میللەتان کەم و زۆر لە یەکتری جودا دەبنەوە لە واتای خوزراودا.

سێیەم : لەبەر رووناکی هەردوو خاڵی سەرەوە، ئەگەر واتایەکی خوزراو وەرگێڕا بۆ زمانێك، ئەوا نارێکی پەیدا دەبێت وەك (سەڵاوەکەم سووتا) یان (إحترق سلامي). لە ئەم ئاستەدا، تەم و مژو نارێکی‌یەکە رێ دەگرێت لە بەرانبەر  کە واتای ئەو رستە وەرگێراوە تێ بگات. لە ئەم هەڵوێستەدا، بیستەر دەگەرێتەوە بۆ ئاکارەکانی کاری (سووتان)ی فیزیاوی و ئەو  ئاکارانەش هاوبەشە لە نێوان زمانی (دواو) و (دوێنراو)دا.

چوارەم : لە رووی کۆمەڵەلایەتی‌یەوە، کۆمەڵگا بریتی‌یە لە کارگەیەکی بە کار بۆ داهێنانی واتای خوازراو. لە ئەم رووەوە، تاکەکەس واتای تازە دەخاتە بەرگوێ و کۆمەڵ ئەگەر پەسەندی بکات بڵاوی دەکاتەوە و پتەوی دەکات. بە پێچەوانەوە، هەر واتایەکی خوازراو کە بەنەوەکامی لە دایك ببێت، کۆمەڵگا نەفرینی لێدەکات و دەی مرێنێت.

بۆ نموونە، واتای (دەست برین) یەکێك دای هێناو کۆمەڵ بڵاوی کردووەتەوە.

پێنجەم : بۆ جیاوازی لە نێوان واتای خوازراو دواتای فیزیاویدا دەتوانین بروانین لە نموونەی (دارەکە سووتا) کەتێیدا هەموو ئاکارەکان بەرجەستەن. لە بەرانبەردا، لە نموونەی (سەڵاوەکە سووتا)دا، ئەو ئاکارانە ون دەبن و هەر ئەنجامی واتا بنجی‌یەکە شوبهێراوە بە رووداوی (سووتانی سەڵاو)، یان (سووتانی‌دەرمان)، یان (سووتانی چەکی پارە)، یان (سووتانی دڵ).

بەشی هەشتەم

# لیستەی چاوگی دوولۆ: تێنەپەڕ

لەئەم بەشەدا ریزێك لە چاوگی دوولۆی تێنەپەڕ وەر دەگرین و واتای دووپاتی بێبایەخ دەکەین لەبەر ئەوەی گشتییە.

برژانەوە (١)
- سووتانەوە، واتای بڵاوبوونەوە ی هێدی هێدی.

کاتێك دەرمانەکە درا لە برینەکە، یەکجار برژایەوە.
دەستم بریندار بووە و دەبرژێتەوە.

بزوتنەوە (٢)
- بڵاوبوونەوەی هێدی هێدی.
- بزوتـــنەوەی رامیـــاری، بزوتـــنەوەی نەتـــەوەیی، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی.

بوژانەوە (٣)
- چاك بوون بەرەو باری دروستی (انتعاش)

شیلان پارەکە زۆر نەخۆش بەڵام ئەمساڵ بووژاوەتەوە.
(واتە، باری تەندروستی چاك بووە)

- چاك بوونی باری ئابووری واتای خوازراو (تحسن الحالة المعاشية)

ئـازاد، پارەکـە زۆر لات بـوو بـەڵام ئەمسـاڵ ئیـش دەکـات و بووژاوەتەوە،

- بووژاندنەوە (الانعاش)

بەشی بووژاندنەوە: (قسم الانعاش)

بوورانەوە (٤)
- لە هۆش چوون

دنیا زۆر گەرم بوو شیلان بوورایەوە.

(واتە، لە هۆش خۆی چوو)

- بوورانەوە بە پێکەنین (واتای خوازراو)

ئازاد قسەیەکی گێڕایەوە و شیلان بوورایەوە بە پێکەنین.

(واتە، ئەوەندە پێکەنی تا ڕادەی لە هۆش چوون)

- خەوتنی کپ و ئەسپایی

شیلان بوورایەوە (واتای خوازراو)

(واتە، بە کپی خەوت وەك یەکێك لە هۆش چوو بێت)

تفانەوە (٥)

- ڕشاندنەوەی چشتی قووت نەدراو بە تف کردن

شیلان دەرمانەکەی تفاندەوە

تلانەوە (٦)

- هەڵس و کەوت کردن بە دەم ئازارەوە.

شیلان، زۆر نەخۆشە هەر دەتلێتەوە.

توانەوە (٧)

- چوونەوە (الذوبان)، یان شل بوونەوەی شتی توند بە گەرمی.

بەفرەکە وردە وردە توایەوە لە ئاوەکەدا

(واتە، وردە وردە بوو بە ئاو)

- شەرمەزار بوون (واتای خوازراو)

هەر کە درۆکەی دەرکەوت، شیلان بە جارێ توایەوە

(واتە، شەرمەزار بوو)

- کۆڵ دان و بەرهەڵستی نەکردن (واتای خوازراو)

من بەرانبەر بە دوژمن کۆڵ نا دەم و ناتوێمەوە.

(واتە، کۆڵ نا دەم و بەرهەڵستی دەکەم)

پاڕانەوە (٨)

- (التوسل، الالتماس) سکاڵا کردن بەبێ دەسەڵاتی.

شیلان، مەپاڕێرەوە، چیت هەیە بە ئاشکرا بیڵێ.

لەخودا دەپاڕێمەوە ئەم ئیشە سەر نەگرێت.

پەڕینەوە (٩)
- (عبور)، ئەم کردارە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ (تێپەڕین)

(واتە، ڕۆیشتن لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر بە ئاگاداری‌یەوە)

هەموو سەربازەکان توانیان بەبێ زیان لە پردەکە بپەڕنەوە.

(واتە، توانیان لە ئەمبەرەوە بڕۆن بۆ ئەوبەر)

- ڕزگار بوون

ئێمە لە ئەو کێشەیە پەڕینەوە بە ئاسانی.

(واتە، ڕزگار بووین)

- شیلان، زیرەکە هەر خۆی دەزانێت خۆی بپەڕێنێتەوە.

(واتە، خۆی ڕزگار بکات)

- دەرچوون بە پەڕینەوە (النجاح بالعبور)

شیلان ئەمساڵ زۆر تەمەڵ بوو کەچی پەڕی‌یەوە بۆ پۆلی چوارەم.

(واتە، هەر چۆنێك بێت شیلان تێپەر بوو، یان دەرچوو لە پۆلی سێ‌یەمەوە بۆ پۆلی چوارەم)

- خۆ پەڕاندنەوە، خۆ ڕزگار کردن

ئەم دزە زۆر وریابە ئەمجارەش خۆی دەپەڕێنێتەوە.

(واتە، ئەمجارەش خۆ ڕزگار دەکات)

جووڵانەوە (١٠)
- لەرینەوە، (الاهتزاز )

لقی دارەکان دەجوولێنەوە.

(واتە، لقی دارەکان دەلەرێنەوە)

ژیانەوە (١١)
- (الانبعاث)، زیندوو بوونەوە

- گەشە کردنەوە

وردە وردە وا دار مێوەکە دەژێتەوە.

(واتە، جارێکی تر گەشە دەکاتەوە)

- ژیاندنەوە (ابتعاث)

- گەشە کردنی باری ئابووری

ئەم وڵاتە وردە وردە دەژێتەوە.

(واتە، وردە وردە گەشە دەکاتەوە لە رووی ئابووریـیەوە)

رۆیشتنەوە (١٢)
- (العودە، الایاب)، چوونەوە، گەڕانەوە

من جارێکی تر نارۆمەوە بۆ لای شیلان .

(واتە، جارێکی ناگەڕێمەوە یان ناچمەوە بۆ لای)

میوانـەکان زوو هـەڵ سـتان لـە بـەر ئەوەی کاتی رۆیشتنەوە بوو.

(دژواتای هاتن)

(واتە، کاتی گەرانەوە بوو)

رەوانەوە (١٣)
- لاچوون، نەمان

تەمەکە ڕەوایەوە، کاتێك کەوا هەتاوەکە دەرکەوت.

(واتە، تەمەکە لاچوو یان نەما)

- ڕەوانەوەی ئەلقەی کەرەستە، کردنەوە

ئەلقەکە دەڕەوێتەوە بە ئاسانی.

(واتە، دەکرێتەوە بە ئاسانی)

- سڵ کردن، ترسان

ئازاد، زۆر ئازایە لە هیچ نارەوێتەوە.

(واتە، لە هیچ سڵ ناکات یان ناترسێت)

- لاچوونی بارودۆخی نەخۆشی لە لەش دا.

هەر کە دەرمانەکەم خوارد، سەر ئێشەکەم ڕەوایەوە.

(واتە، سەر ئێشەکەم لاچوو)

(١٤) ڕژانەوە • هەڵ هێنانەوەی خواردن، گۆ دەکرێت بە (ڕشانەوە)

شیلان زۆر نەخۆش بوو ئەمشەو ڕژایەوە.

(واتە، زۆر نەخۆش بوو ئەمشەو چی‌ی خواردبوو هەڵی هێنایەوە)

(١٥) سوڕانەوە • خول خواردن

پەروانەکە دەسوڕێتەوە.

(واتە، خول دەخوات)

- گەڕانی بێ کەڵك لە بازاردا، (واتای خوازراو)

بێ ئیش و کار هەر دەسووڕێتەوە.

(واتە، بە بێ‌ئیش هەر دەگەڕێت)

- سووڕانەوە، پێچ کردنەوەی کەرەستە و ئامێر.

کاتێك کە گەیشتیت بە فلکەکە مەسووڕێرەوە، ڕاست بڕۆ.

(واتە، بە هیچ لایەك دا پێچ مەکەرەوە)

(١٦) شکانەوە • شکانەوە، تەریق بوونەوە، ڕووزەرد بوون، شکاندنەوە، تەریق کردنەوە، ڕووزەرد کردن، (واتای خوازراو)

چۆن شکامەوە، کە خۆم بینی بە بێ دەسەڵاتی.

(واتە، چۆن تەریق بوومەوە)

- بنجی تەماتە شکاندنەوە (واتای فیزیاوی دوولۆ)

ئەمرۆ دەڕۆین، بنجە تەماتەکان دەشکێنینەوە

- پێچ کردنەوە، بادانەوە (الدوران)

کاتێك کە گەیشتیت بە فلکەکە بشکێنەرەوە بە لای چەپ دا.

(واتە، پێچ بکەرەوە یان با بدەرەوە بە لای چەپ دا)

چوونەوە (١٧)

- (التماهي) تەواو بوونی بەرە بەرە

بەفرەکە هەر لە ئێرە چووەتەوە.

(واتە، هەر لە ئێرە تواتەوە)

- (الایاب)، گەڕانەوە بەرەو شوێنێکی دوورتر، (دژواتایی)

ئەم جارەش دەچمەوە بۆ ئەوێ.

(واتە، ئەم جارەش دەگەڕێمەوە)

- چوونەوەی رەنگ، کاڵ بوونەوە، (واتای خوازراو)

ئەم کراسە زۆر جوانە بەڵام بە داخەوە رەنگەکەی دەچێتەوە.

(واتە، کاڵ دەبێتەوە)

- لە هێلکە چوونەوە، (وەستان لە هێلکە کردن)

مریشکەکە لە هێلکە چووەوە،

(واتە، لە هێلکە کردن وەستایەوە)

- (لە هێلکە چوونەوە) وەك پەندی پێشینان بەکارهاتووە

بۆ کەسانی وەستاو لە کەڵك و بەرهەم.

هەر ئازادمان هەبوو کە ئیش بکات، کەچی ئەویش لە هێلکە چووەوە.

(واتە، کەڵکی نەما و لە ئیشکردنەوە وەستا)

گەڕانەوە (١٨)

- (العودة )، هاتنەوە، یان رۆیشتەوە (دژ واتا)

دوێنی رۆیشت بۆ هەولێر کەچی ئەمرۆ گەڕایەوە.

(واتە، کەچی ئەمرۆ هاتەوە)

- گەڕانەوە(التعتیق) یان گەڕاوە: (المعتق)

ئەم سرکەیە گەڕاوەتەوە، (واتای خوازراو)

(واتە، گەیشتووە، یان تەمەنی خۆی بە سەر بردوو بۆ تام و چێژ)

- پێگەیشتن یان ئاقڵ بوون، (واتای خوازراو)

شیلان ئەمساڵ گەورە بووە و زۆر گەڕاوەتەوە.

(واتە، زۆرئاقڵ بووە و مۆرکی منداڵی و نەزانی فڕێ داوە)

گەیشتنەوە (١٩) • (الوصول)، (دژ واتایی)

ئایا شیلان گەیشتەوە؟

(واتە، وەك ئاگادارین شیلان لە گەشتە، ئایا گەڕایەوە بۆ هەمان شوێن)

- گەیشتن لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر (واتای تەواوکردنی سوور)

ئەم پشتوێنە زۆر کورتە ناگاتەوە بە پشتی ئازاد دا.

(واتە، لە هەردوو سەرەوە ناگەن بە یەکتری تا بتوانین دای بخەین)

- ئاشکرا بوونی نهێنی (واتای خوازراو لە نموونەی پێشوو)

باسی ئێمە مەکەن، هەر دەگاتەوە.

(واتە، هەر ئاشکرا دەبێت یان هەر کەسێك دەبێت کەوا بتوانێت بیگەیەنێت)

- گەیاندنەوەی هەواڵ بە نهێنی و زیرەکی.

(باری ئاندن لە واتای پێشوو)

گیرسانەوە (٢٠) • سارێژبوون (التئام ) ، (واتای خوازراو)

برین گیرسانەوە: برین سارێژبوون

- دڵ گیرسانەوە، هێمن بوونەوە

هەتا شیلان نەهاتەوە دڵم نەگیرسایەوە

(واتە، دڵم هێمن نەبووەوە)

- نیشتن، یان نیشتەجێبوون (الاستقرار)

نازانم شیلان لە کوێ گیرسایەوە.

(واتە، نازانم لە کوێ شیلان هێمن بووەوە و کۆچی خست، یان نیشتەجێبوو)

کەوتنەوە (٢١)

- بەرپابوون، دەست پێکردن(الاندلاع)

ئاگر کەوتەوە.

(واتە، ئاگر بەرپا بوو)

- کەوتنەوەی منداڵ و نەوە، (واتای خوازراو)

ئەم بەچکە شێرانە لە کێ کەوتوونەتەوە.

(واتە، نەوەی کێن)

کشانەوە (٢٢)

- (التراجع)، گەڕانەوە بەرەو دواوە (دژواتایی)

چەکدارەکان کشانەوە

(واتە، گەڕانەوە بەرەو دواوە)

کوژانەوە (٢٣)

- کوژانەوەی ئاگر (کپ بوون)،

ئاگرەکە کوژایەوە.

(واتە، کپ بوو)

- وەستاندنی کەرەستە و ئامێر (چرا، رادیۆ، تەلەفریۆن، ئوتومبیل، هتد)

رادیۆکە کوژایەوە.

(واتای پەرەسەندوو لە نموونەیی پێشوو)

(واتە، رادیۆکە وەستا)

- سڕینەوە شتی نووسراو (بڕوانە سڕینەوە)

من ئەم نووسینانەم کوژاندنەوە.

- کوژاندنەوە (مسح، شطب)، بێبایەخ کردن

پرسیاری یەکەم بکوژێننەوە.

لەرینەوە (٢٤) • (الاهتزاز)، لەرەلەر کردن

رەشەبایە، لقی دارەکان دەلەرێنەوە.

(واتە، لەرەلەر دەکەن)

مانەوە (٢٥) • (البقاء)

مانەوەی بوونەوەر:

ناکۆکیی مانەوە: (الصراع على البقاء)

- بە سەربردنی کات لە جێیەکی دیکە

رۆیشتم بۆ ماڵی خاڵم، لە ئەوێ هەفتەیەك مامەوە

- مانەوە (الرسوب)، دەرنەچوون

شیلان لە دوو وانەدا ماوەتەوە.

- مانەوە لە لای دۆست و دەزگیران

ئازاد چوو بۆ لای شیلان و مایەوە لە ئەوێ

(واتە، لە گەڵیدا ژیا)

- مانەوە لە ژماردن و بیرکاریدا

ماوە: (الباقي من عملية الحساب)

ئایا پارەکە چەندی دەمێنێتەوە؟

نیشتنەوە (٢٦) • (الهبوط)، دابەزینی باڵدار و فڕۆکە بۆ سەر زەوی

فڕۆکەکە لە فڕگەکە نیشتەوە.

(واتە، دابەزی بۆ سەر زەوی)

- (الترسب)، کەوتنە ژێرەوە

خڵتەی ئاوەکە نیشتەوە.

(واتە، خڵتەکە کەوتە ژێرەوە)

- (کپ بوونەوەی بارودۆخ)

پاش هەفتەیەك لە شەڕ و پێك دا دان، ئاڵۆزی بار و دۆخەکە نیشتەوە.

(واتە، کپ بوو).

هاتنەوە (٢٧)

- (العودة)، گەڕانەوە، گەیشتنەوە

شیلان هاتەوە لە بازار. (دژ واتایی)

(واتە، شیلان گەڕایەوە لە بازار).

وەستانەوە (٢٨)

- وەستان بە تەواوی،گیرسانەوە (السکون)

شیلان خوێنی لووتی بەر بوو پاشان وەستایەوە.

(واتە، بە تەواوی وەستا، یان گیرسایەوە)

## پەراوێزەکان


(١): برژانەوە، برژاندنەوە:


واتای (برژان، یان، برژاندن)، دەترازێت بۆ واتایەکی تازە. ئەم واتایەش براوەتەوە بۆ سەر واتای (سووکە برژان) یان کاتێك کەوا ئاگر لە دوورەوە لەش دەسووتێنێت کزەی ئێشـێکی خەست و کەم کەم دەگات بە لەش. لە ئەم کردارەدا ئێشی جێگای رووشاو و هەوکـردوو شـوبهێنراوە بە ئەو جۆرە ئێشە، چونکە نە (برژاندن) هەیە و (نەسووتاندن)، بەلاّم کزە ئێشە خەستەکە هەیە. کەواتە، واتاکە خوازراوە.

(٢): بزوتنەوە، بزواندنەوە:

کـرداری (بزوتن)، زۆر ئاسایی‌یە، کەچی کاتێك کە کەرەستەی (ەوە) وەردەگرێت واتای بلاّوبوونەوە دەبەخشێت، بەلاّم لە مەڵبەندێکەوە، وەك:

بزوتن





بزوتنەوە

هـەر لـە بـەر ئـەوە کـرداری (بزوتـنەوە) بـەکارهاتووە بـۆ مەبەسـتی رامیـاری، کۆمەلاّیـەتی،هتد. ئـەم کـردارە بـە رێـژەی چـالاك زۆر کـەم بەکاردەهێـنرێت بەلاّم بە ناوی چاوگ برەوی زۆرترە.

(٣): بوژانەوە، بوژاندنەوە:

کـرداری (بـوژان) بـەبێ کەرەستەی (ەوە) واتا نابەخشێت، بەلاّم لە ئەم بارەدا واتای (بـەرەو دروسـتی چوون) دەداتەوە. ئەم کردارە کەرەستەیەکی زۆر جوانە بۆ بەکارهێنان لـە هـەموو بوارەکـان دا، بـە تایـبەتی لە بواری ئابووری و تەندروستیدا. وەك واتایـەکی

سـەرەكی كـرداری (بوژانـەوە) یـان (بوژاندنـەوە) واتـای بـارگۆڕین دەبەخشێت بە ئەم چەشنە:

بووژانەوە (بووژاندنەوە):

باری خراپ ← باری باش

(٤): بوورانەوە، بووراندنەوە:

كـرداری (بوورانـەوە) هـەر چـەند بێ كەرەستەی (ەوە) واتا نابەخشێت، بەڵام لە ئەم بارەدا چەند واتایەك دەبەخشێت بە زمانەكە، وەك:

- لـە هۆش چوون: (واتای ئاسایی)، ئەم كردارە واتای بێ وزەیی و بێ دەسەڵاتی دەبەخشێت بە ئەو كەسەی دەبوورێتەوە.
- واتـای خـوازراو، واتـای (بوورانـەوە بـە پێكەنین)، یان (بوورانەوە بە خەوتن) شـوبهێنراوە بـە واتـای لـە هـۆش چـوون، كە كەسی بووراوەوە بێ بەری دەبێت لە بزوتن و لە ئاگاداری.

(٥): تفانەوە، تفاندنەوە:

كـرداری (تفانـەوە) هـەر چـەند بێ كەرەستەی (ەوە) واتا نابەخشێت، بەڵام لە باری دوولۆدا واتای (رشاندنەوەی چشتی قووت نەدراو بە تف كردن) دەبەخشێت.

(٦): تلانەوە، تلاندنەوە:

ئەم كردارە بەبێ كەرەستەی (ەوە) واتا نابەخشێت بەڵام بە روخساری (تلانەوە) تەنها واتایـەك دەبەخشـێت. زۆر جـار كـرداری (تـل خـواردن) لـە جـێی (تلانـەوە) بەكاردەهێنرێت. ئەم كردارە بە رێزمان تێپەڕە و كەچی بە واتا تێنەپەڕە.

(٧): توانەوە، تواندنەوە:

کـرداری (تـوان) بـەبێ پاشـگری (ەوە) واتا بەخش نیـیە بەڵام لەگەڵ ئەو پاشگرە دا واتای گۆڕینی باری فیزیاوی (توند ) بۆ باری (شل) دەبەخشێت، بە ئەم چەشنە:

(توانەوە) بە گەرمی

دۆخی توند ⟵ دۆخی شل

ئەم میکانیزمی دۆخ گۆڕینە شوبهێنراوە بە زۆر شتی تر، وەك:

(توانەوە) بە شەرم :

کەسی توند ⟵ کەسی شل

(توانەوە) بە ورە بەردان:

کۆڵ نەدان ⟵ کۆڵ دان


بـۆ نموونـە، ئەگەر کەسی روو سوور و کۆڵ نەدەر وەك سەهۆڵی پتەوبن ئەوا کەسی روو رەش و کۆڵـدەر وەك سـەهۆڵی تـواوە وان. واتـە، وەك ئـاون و نـاتوانن روخساری خۆیـان بپارێزن.


(٨): پارانەوە، پاراندنەوە:


کـرداری (پارانەوە) زۆر روونە بە واتا و بە رێزمانیش زۆر ئاساییـیە وەك کردارێکی تێنەپەڕ. واتای ئەم نموونەیە بە پاڵپشتی کەرەستە (ەوە) پەیـدابووە.

(٩): پەڕینەوە، پەڕاندنەوە:


کـاتێك کـەوا کەرەسـتەی (ەوە) دەچـێتە سەر (پەڕیـن) کرداری (پەڕینـەوە) دروست دەبێـت و چـەند واتایــەکی نـوێ پەیـدا دەبێت، بەڵام لە هەموویـان دا واتای پەڕینەوە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر یـان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەبەخشێت، وەك:






واتای ئەم کردارە نەختێك جیاوازە لە کرداری (تێ پەڕین) بە پێ ئەم نەخشەیە:




(١٠): جوولانەوە، جوولاندنەوە:


واتای (جوولانەوە یان جوولاندنەوە) زۆر جوودایە لە واتای (جوولان یان جوولاندن). زۆر جار روخساری (جووڵە کردن یان جووڵە جوولێ کردن) بەکاردەهێنرێت، وەك:

[ بەردەکە ] [ جووڵە ] [ ناکات ]

هەر چەند کرداری (کردن) تێپەڕە و (جووڵە) ش بەرکارە و رستەکەش تێپەڕە بە رێزمان، بەڵام هەر هەموو رستەکە تێنەپەڕە بە واتا، چونکە واتایەك دەبەخشێت، وەك بەردەکە ناجووڵێت. لە بواری واتاییدا، ئەم کارە دەگاتەوە بە (بزوتنەوە).

(١١): ژیانەوە، ژیاندنەوە:


کرداری (ژیانەوە یان ژیاندنەوە) بە بواری واتاییدا دەگاتەوە بە (بووژانەوە و بووژاندنەوە). واتای (ژیانەوە) بە ئەم چەشنە نەخشە دەکێشرێت:



لە ئەم واتایەدا دیاردەی (مردن) خوازراوە بۆ هەموو دیاردەیەکی (سستی و کزی)،وەك (نەخۆشی گران، باری ئابووری گران، سستی لە ئیش کردنی دڵ دا، ووشك بوونی دار و درەخت، هتد). ئەمجار هەموو بەردەوام بوونێکی ژیانی ئاسایی و گەشەدار شوبهێنراوە بە رووداوی (ژیانەوە و ژیاندنەوە) لە پاش مردن.

(١٢): رۆیشتنەوە:

کرداری (رۆیشتنەوە) هەر بە ئاسانی واتاکەی دەگۆڕێت بۆ دژواتای (هاتن) بە ئەم چەشنە:




لە رووی رێزمانەوە، وەك (رۆیشتن) ناتوانێت چاوگی (ئاندن) دروست بکات بە هەمان شێوە چاوگی (رۆیشتنەوە) ناتوانێت. هەر لە بەر ئەوە واتای (گەڕانەوە) بە ئاسانی دروست دەبێت بەڵام واتای (گەڕاندنەوە) دروست نابێت. لەگەل ئەوەدا، روخساری (رواندن، رواندنەوە) لە هەندێك ناوچەدا پەیدابووە.

(١٣): رەوانەوە، رەواندنەوە:

کرداری (رەوان) بەبێ پاشگری (ەوە) واتا بەخش نی‌یە بەڵام لەگەڵ ئەو پاشگرە دا واتای گۆڕینی بار و دۆخ دەبەخشێت.

(١٤): رژانەوە، رژاندنەوە:

کرداری (رژان) کەوا واتاکەی زۆر ئاسایی‌یە بەڵام کاتێك کەرەستەی (ەوە) وەردەگرێت واتاکەی دەگۆڕێت بۆ (هەڵ هێنانەوەی بارگەی گەدە)، کەوا بریتی‌یە لە

چەشـنێك لـە نەخۆشـی. ئـەم واتایـە جـارێكی تـر خوازراوە بۆ كەسێك جوێنی پیس لە سـەردەمی بێـت. لـە ئێـرەدا وەك چـۆن (رژانـەوە) پیسـەو بێـزی (بینەر) یـان (بیستەر) دەهێنێـتەوە، ئاوهـاش جوێـنی پیـس و دەم پیسـی بـراوەتەوە سەری. هەر لە بەر ئەوە بە كەسی دەم پیس دەگوترێت:

وەك سەگ دەرژێتەوە: (واتە، جوێنی پیس دەدات).

(١٥): سووڕانەوە، سووڕاندنەوە:

واتـای كاری یـەك لۆی (سووڕان) تەنها جوولاندن لە یـەك سووڕدا دەبەخشێت، واتە تـەنها لە (٣٦٠) پلەدا، بەڵام واتای (سووڕانەوە) واتای بەردەوامی دەبەخشێت لە (خول خواردن) دا. ئەم واتایە خوازراوە بۆ واتای (گەڕانی بێكەڵك لە كۆچەی شاردا).


(١٦): شكانەوە، شكاندنەوە:

كەرەسـتەی (ەوە) وا لـە كـرداری (شـكان) دەكـات كـەوا بـە تـەواوی لە دیاردەی (شـكانی میكـانیكی) یـان لـە واتـای بـنجی شـكان بترازێـت. لـە ئەو نموونانەدا بە هیچ جۆرێك دیاردەی شكانی میكانیكی ناچەسپێت و ئامێری شكاندن بەكار ناهێنرێت. ئەو جۆرە (شكاندنەوە) یە خوازراوە بۆ چەندین واتای تر كە پێویستن بە زمانەكە.

(١٧): چوونەوە:

كـرداری (چـوون) كـاتێك كـەوا كەرەسـتەی (ەوە) وەردەگرێت زمانەكە بە بڕشت دەكات بەریزێك واتای رۆژانەی پێویست، بە ئەم چەشنە:

- واتای پتەوی (چوونەوە) بریتی‌یە لە گەڕانەوە، یان دژ واتایی (هاتن)، وەك:




ئەم واتایە رەنگی داوەتەوە لە هەموو واتاكانی تردا.

- واتای نەمان لە سەر بارێك زۆر زاڵە بە سەر واتاکانی تردا، وەك:

چوونەوەی بەفر: (ذوبان الثلج)

چوونەوەی ڕەنگ: (تماهي الالوان)

چوونەوەی شت: (التلاشي)


خاڵی چوونەوە: (نقطة التلاشي)

یان واتای لە (هێلکە چوونەوە)، واتە:

گۆڕینی باری (هێلکە بەخشین) بە باری (هێلکە نەبەخشین). ئەم زاراوەیە هێندە بەهێز بووە لە ناو کوردەواری دا بەرانبەر بە (مریشك)،تا ڕادەیەك براوەتەوە بۆ سەر (مرۆڤ)ی هێلکە نەکەر و بووە بە (پەند). ئێستاش، لە هێلکە چوونەوەی هەر کەسێك بووە بە پەند و دژی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کەوا کەڵك و فەڕ یان نەمابێت.

(١٨): گەڕانەوە، گەڕاندنەوە:


کرداری (گەڕان) هەر بە جارێك واتاکەی دەگۆڕێت کاتێك کەوا دەبێت بە (گەڕانەوە). واتای ئەم کردارە دەتوانێت کەم و زۆر جێی چەندین واتای تر بگرێتەوە وەك (ڕۆیشتنەوە، هاتنەوە، ناردنەوە، کڕینەوە، فرۆشتنەوە،هتد). ئەوەی سەیرە لە ئێرەدا (گەڕانەوە) واتای گۆڕینی ئاراستە هەڵ دەگرێت بەڵام واتای دیاری کردنی ئاراستە هەڵ ناگرێت، وەك:



هات


واتـه، بەرانـبەر (ڕۆیشـتنەوە و هاتـنەوە) کـرداری (گەڕانـەوە) بـەکاردەهێت، کەچـی ئاراستەی گەڕانەوە دیاری ناکات کەوا بەرەو ئاخێوەرە و یان دوور لە ئاخێوەرە.

لـە لایـەکی تـرەوە، ئـەم واتایـە خـوازراوە بۆ (بەچێژ بوونی خواردەمەنی شل) بۆ نموونە (سـرکە) لـە ڕۆژانـی سەرەتادا بێ تامە بەڵام پاش ماوەیەك تام دەبەخشێت و دەگەڕێتەوە سـەر بـاری (تـام خۆشـی). یان جارێکی تریش خوازراوە بۆ سەلاربوونی کەسێك، واتە گەڕانەوەی کەسێك لە باری (نا سەلاری) بۆ باری (سەلاری)، وەك دەگوترێت:





(١٩): گەیشتنەوە، گەیاندنەوە:

کرداری (گەیشتنەوە) واتای گەڕانەوە دەبەخشێت بەڵام لە پاش دەرچوون، وەك:




بەڵام واتایەکی تر هەیە کەوا بە ئەم نەخشەیە دەردەکەوێت:




ئەم نەخشەیە بۆ واتای تر بەکارهاتووە وەك (گەیشتنەوەی پشتوێن، گەیشتنەوەی نهێنی، گەیشتن و گەیاندنەوەی هەواڵ).

(٢٠): گیرسانەوە، گیرساندنەوە:

کرداری (گیرسانەوە، گیرساندنەوە) واتای (وەستانەوە یان وەستاندنەوە) دەبەخشێت بەرانبەر بە (حالة السكون او حالة عدم الحركة). ئەم واتایە خوازراوە بۆ چەندین واتای هاورەفتار،وەك (هێمن بوونەوە: الهدوء و الاستقرار، نشتەجێ بوون: الاسكان).

(٢١): كەوتن، خستنەوە:

کرداری (کەوتن) کاتێك کەوا کەرەستەی (ەوە) وەردەگرێت واتا دەگۆرێت بۆ (بەرپا کردن)، وەك:

- ئاگر كەوتنەوە
- نەوە كەوتنەوە


ئەم دوو کردار بریتین لە دیوی تێنەپەڕی:

- ئاگر خستنەوە
- نەوە خستنەوە

کە لەگەڵ کرداری (خستن) دا باس کران (بڕوانە بۆ: کرداری خستن)

(٢٢): کشانەوە، کشاندنەوە:

کرداری (کشان) کاتێك کەرەستەی (ەوە) وەردەگرێت واتاکەی دەگۆڕێت بەرەو گەڕانەوە و پاشان چەسپ دەبێت لەگەڵ واتای (الانسحاب)




ڕووداوی کشان و کشانەوە ئاراستەیان دەرناکەوێت مەگەر بە ئامرازی پەیوەندی. لە هەموو بارێك دا (کشانەوە) واتای گەڕانەوە لە هێرش کردن دەبەخشێت.

(٢٣): كوژانەوەو كوژاندنەوە:

كـرداری (كوژانـەوە) یـەكێكـە لـە ئـەو كردارانەی كەوا بەبێ كەرەستەی (ەوە) واتا نابەخشـن. واتـای پـتەوی ئـەم كـردارە بریـتیـیە لـە (وەستان) یـان (وەستاندنی سووتان) (الاطفاء)، بەڵام چەندین واتای نوێ دەداتەوە، وەك:

- كوژانەوە و كوژاندنەوەی مەكینە
- كوژانەوە و كوژاندنەوەی گڵۆپ
- كوژانەوە وكوژاندنەوەی رادیۆ و تەلەفزیۆن

ئـەم واتایانـە تـازە پەیدا كراون و مێژوویان لە سەد ساڵێك تێناپەرێت و رەنگە بە پێی پەرەسـەندنی تەكـنۆلۆژی رۆژ بـە رۆژ بەكارهێـنانی زۆر تـر بهێـتە كایـەوە. بـۆ نموونـە، داهێـنانی (ڤیدیـۆ، كۆمـپیوتەر،هـتد) وای كردووە كەوا ئەم كەرەستانەش ریزبن لەگەڵ كەرەسـتەی كارەباییـیـەكانی تـر و كـرداری (هـەڵ بـوون و هەڵ كردن) و (كوژانەوە، كوژاندنـەوە) وەربگـرن لـە سـەر ئـەندازە. لـە لایـەكی ترەوە، ئەو واتایانە لە كوژانەوەی ئاگرەوە هاتوون. جاران چێشت لێنان بە ئاگری سووتەمەنی پووش وپەڵاش ئەنجام دراوە، كەچـی رۆژ بـە رۆژ سـووتەمەنییـەكە پـەرەی سەندووە و بووە بە: (خەڵوز، نەوت، گاز، هیتەری كارەبایی،هتد) بەڵام واتای (كوژانەوە) هەر خۆی راگرتووە.

ئەو واتایانەی كەوا باس كران، هەموویـان تینی ئاگر و تەزووی كارەبا هەڵ دەگرن بەڵام واتای تر هەیە خوازراوە بۆ چەند دیاردەیەك كەوا وا نین (كوژاندنەوە: مسح الكتابة) و ئەو واتایەش جارێكی تر خوازراوە بۆ (الشطب) یان بۆ (الاطفاء).

(٢٤): لەرزینەوە، لەرزاندنەوە:

كەرەسـتەی (ەوە) كـاتێك دەچـێتە سـەر (لـەرین) گیـانی بەردەوامی دەبەخشێت بە رووداوەكە، وەك:

لەرینەوە (الاهتزاز) :لەرین بە بەردەوامی

(٢٥): مان، هێشتنەوە:

کـاتێك کـرداری (مـان) کەرەسـتەی (ەوە) وەردەگـرێت، واتاکـەی دەگۆڕێـتەوە بـۆ (بـەردەوام بـوون لە مان دا). واتای (مانەوە: البقاء في الوجود) پتەوترین واتایە بۆ ئەم کردارە و ئەم واتایە ریزێك واتای تر دەداتەوە، وەك:

- مانەوە (المكوث، البقاء عند الناس)
- مانەوە (الرسوب)
- مانەوە (ماوە: الباقي من عملية الحساب)


(٢٦): نیشتنەوە، نیشاندنەوە:


کـرداری (نیشـتنەوە) واتاکـەی گـۆڕاوە بـۆ (دابەزیـنی باڵدار بۆ سەر زەوی لە پاش فڕین). ئەم واتایە خوازراوە بۆ زۆر واتای تر وەك:

- نیشتنەوەی فڕۆکە، ئەم واتایە لەگەڵ پەرەسەندی تەکنۆلۆژی دا هاتووە.
- نیشـتنەوەی خڵـتەی نێو شتی شل، ئەو خڵتەیە نە دەفڕێت و نەباڵی هەیە بەڵام کـاتێك کـەوا وزەی بزوتـنەوەی ئاوەکـە تـەواو دەبێـت خڵـتەکە دادەبـەزێت وەك باڵداری هیلاك بۆ بنی دەفرەکە.
- نیشتنەوەی بار ودۆخ (استقرار الاوضاع) ئەم واتایە لە واتای (نیشتنەوەی خلتە) وەرگیراوە چونکە کاتێك وزەی (شەڕ فرۆشی) تەواو دەبێت، شار بەرەو کپی و هێمنی دەڕوات.

(٢٧): هاتنەوە:

کرداری (هاتنەوە) واتای گەڕانەوە دەبەخشێت بەڵام (هێنانەوە) واتای (گەڕاندنەوە) دەبەخشێت، بە ئەم چەشنە:






(٢٨): وەستانەوە، وەستانەوە:

کـرداری (وەستانەوە) واتای (وەستان بە تەواوی) دەبەخشێت. زاراوەی (وەستانەوە و وەسـتاندنەوە) دەرگایـەکی بـاش دەکاتەوە لە بواری زانستی فیزیادا. بواری واتای ئەم کردارە دەگاتەوە بە گیرسانەوە، هێمن بوونەوە،هتد).

# لیستەی چاوگی دوولۆ: تێپەڕ

له ئهم بهشهدا ریزێك له چاوگی دوولۆی تێپەر وەردەگرین و واتای دووپاتی بێ بایەخ دەکەین، لەبەر ئەوەی گشتییە.

بەخشینەوە (١) • دابەش کردن (التوزيع المجاني)، (هبة): (واتای بنجی دوولۆ)

من ئەم جلانە هەمووی دەبەخشمەوە.

(واتە ، هەمووی دابەش دەکەم بە خۆرایی)

• بەخشینەوە ( الرحمة)، (دژ واتایی)

شیلان زۆر نەخۆش بوو، هەر خودا بەخشیەوە

(واتە، خودا سارێژی کرد، یان خودابەزەیی هاتەوە پێی دا)

• نەمانی کەڵك و فەڕ لە کەسێك دا. (واتای خوازراو)

واز لە ئەو بهێنە چونکە خێری بەخشراوەتەوە

(واتە، ئەوەی خێرە، نەی ماوە و بابردوویەتی)، واتە کەسێکی بێ کەڵکە.

بەستنەوە (٢) • دامرکاندنی شتی بجوول (جعل المتحرك ساكنا)

من ئەسپەکەم بەستەوە.

(واتە، من ئەسپەکەم جێگیر کرد لە شوێنەکەی خۆی)

• دامرکاندنی کەسێك بە جووت بوون (واتای خوازراو)

ئازاد بۆ خۆی سەربەستە وەك من نەبەستراوەتەوە

(واتە، ئازاد وەك من جێگیر و دیل نەبووە بە ژن هێنان)

بژاردنەوە (٣) • (تعويض)، پارەدان بەرانبەر بە زیان قەرەبووکردن

کاکە خەتای من بوو، چی زیانت هەیە من دەی بژێرمەوە.

(واتە، من پارەکەی دەدەم)

بردنەوە (٤) • (الفوز)، بەزاندن لە یاری و لە مەتەڵ دا، هتد).

شیلان زۆر زیرەکە هەر دەی باتەوە لە شەترەنج دا

• گەڕاندنەوە شتێك لە پاش خواستنی من کتێبەکەم بردەوە بۆ شیلان (دژ واتایی)

شیلان بەرخەکەی لە کوڵان هێنایەوە و بردی‌یەوە بۆ ماڵی ئەوان

(واتە، گەڕاندی‌یەوە بۆ ماڵی ئەوان)

• تاس بردنەوە (خەو هاتن)، (واتای خوازراو)

شیلان خەوی دەهێت، هەر لە بەر ئەوەیە تاس دەی باتەوە.

بڕینەوە(٥) • (الحسم) یە کلایی کردنەوە، کۆتایی هێنان بە چشتێك (واتای خوازراو)

ئەم کێشەیە هەر نەبڕایەوە، هەر باسی دەکەن

(واتە، کۆتایی نەهات)

• بڕینەوە، یان (لە شیر بڕینەوە)، (الفطم) (واتای خوازراو)

ئەم منداڵە هەر شیر دەخوات، هێشتا نەبڕاوەتەوە

ئایا ئەم بەرخانە بڕاونەتەوە؟

(واتە، هەر شیر دەخۆن و یان لە دایك جودا نەکراونەتەوە)

• بڕینەوە (یان خوری بڕینەوە)، واتای بنجی پەرەسەندو

شوانەکە دوو مەڕی بڕیەوە بە برینگە

(واتە، خوری دوو مەڕی بڕی‌یەوە)

• بڕینەوە (بڕینی شتێك بۆ دوو پارچەی سەربەخۆ)،

(واتای بنجی گۆڕاو)

شیلان دارەکەی بڕیەوە

(واتە، کردی بە دوو پارچەی سەربەخۆ)

- بڕینەوەی ئەندامانی لەش (بتر)

لابردنی ئەندامانی لەش (واتای بنجی پەرەسەندوو)

دکتۆرەکە دوو پەنجەی زامدارەکەی بڕیەوە

(واتە، دوو پەنجەی بە تەواوی بڕی و لای بردن)

- بڕینەوەی ئەندامانی هەناو، لا بردن (الاستئصال)،

واتای پەرەسەندوو

(لابردن، زۆرتر بەکاردەهێت)

دکتۆرەکە زراوی نەخۆشەکەی بڕییەوە.

(واتە، زراوی نەخۆشەکەی لا برد)

بیستنەوە (٦)

- بیستنی هەواڵێك لە دوورەوە بە زیرەکی و بە ڕێگای کەسانێکی پسپۆڕەوە. (التنصت)

باسی دوژمن مەکەن پاش دە ساڵیش بێت دەی بیستێتەوە

(واتە، کەسانێکی گوێ سووك هەیە کە ئەوەی باسی دەکەین دەی بەن بۆ دوژمن.

بینینەوە (٧)

- دۆزینەوە (العثور..)

تۆ شیلانت هەر نەبینیوە، ئیتر چۆن دەی بینیتەوە لە ئەوێ.

(واتە، چۆن دەی دۆزیتەوە، واتە ڕەنگە بە چاو بی بینێت بەڵام نای ناسێت لە بەر ئەو نازانێت ئەوە).

- ئەنجام زانینی مەتەڵ، هەڵ هێنانی مەتەڵ

شیلان ئەمشەو مەتەڵێکی گوت بەڵام من یەکسەر بی‌نیمەوە

(واتە، من یـەکسەر هەڵم هێنا، یان ئەنجامەکەم زانی)

- ئەنجام چەشتنی کردەوەی خراپ

کاکە چیت کردوو دەبێت رۆژێك بی بینیتەوە

(واتە، ئەنجامەکەی بچێژێت)

تەنینەوە (٨)
- (تفاقم)، بڵاوبوونەوە

زوو برۆ بۆ لای دکتۆر با نەخۆشیـەکەت نەتەنێتەوە.

(واتە، بۆ ئەوەی بڵاونەبێتەوە)

توێژینەوە (٩)
- (البحث)،

پرسینەوە (١٠)
- (المساءلة) دوا کەوتن بە زنجیرەی سەرچاوەکان دا.

ئەگەر پرسینەوە نەبێت، بە بێ گومان فەرمانگاکان دەبن بە بەرەڵایی.

کاتێك پرسیـمەوە لە فایـلەکەم، زانیـم وەکو خۆی ماوە.

- زۆر جار (لێ پرسینەوە)ش بە کار دێت بۆ هەمان مەبەست (المساءلة)

ئەگەر لێ پرسینەوە نەبوو، ئەوا بە تەواوی بێزار دەبین.

جویـنەوە (١١)
- قسە جویـنەوە، قسە کاوێژکردن، قسە گوتنەوە

بەسە، شیلان بەس قسەکە بجوەرەوە

(واتە، بەس قسەکە بڵێرەوە)

- هەرەس هێنانی پارچەی کەرەستە و مەکینە بە لێك خشان (السوفان)

خستنەوە (١٢)
- (النسل)، نەوە خستنەوە، منالْ خستنەوە

منالْ خستنەوە ئاسانە، بەڵام بەخێوکردنی گرانە.

(واتە، منالْ هەبوون ئاسانە...)

- پەروەردە کردنی شاگرد و جێگر

ئایا ئەم وەستایە چەند وەستای تری خستووەتەوە ؟

- ئاگر خستنەوە، چاندنی تۆوی شەڕ، (واتای خوازراو).

ئەوەی ئاگر بخاتەوە دەبێت هەر خۆی بی کووژێنێتەوە

خواردنەوە (١٣) • (خواردنی شتی شل بە بێ جوین)، (شرب)

کاتێك کە نان دەخۆیت ئەوەندە ئاو مەخۆرەوە .

- خواردنەوە (بەبێ بەرکار)، واتە خۆ سەرخۆش کردن

ئازاد زۆر دەخواتەوە

(واتە، زۆر خواردنەوەی سەر خۆش کەر دەخواتەوە)

- (عملیة التعریة و التاکل)، (واتای خوازراو).

من دانم خوراوەتەوە

(واتە، کلۆر بووە)

ئەم زەوی‌یە خوراوەتەوە بە لافاوەکە.

(واتە، هەڵ دڕاوە بە لافاوەکە)

- (الامتصاص)، هەڵ مژین، (واتای خوازراو).

لەکە ئاوەکەی خواردەوە بە ئاسانی

(واتە، ئاوەکەی هەڵمژی بە ئاسانی)

خوێندنەوە (١٤) • (المطالعة)، (القراءة). (الالقاء).

شیلان بە شەوان دەخوێنێت بەڵام ئێواران رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە.

یان، دەگوترێت هۆڵی خوێندنەوە(قاعة المطالعة)

- دەست خوێندنەوە، بەخت خوێندنەوە (واتای خوازراو)

شیلان دەتوانێت دەستم بخوێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت بەختم بخوێنێتەوە.

- **خوێندنەوە** (القاء)، **خوێندنەوەی ووتار.**

**دۆزینەوە (١٥)**

- (اکتشاف، ایجاد)، **دیتنەوە، بینینەوە**

**ئایا کێ ئەمەریکای دۆزیەوە ؟**

**ئایا کێ تەلەفۆنی دۆزیەوە ؟**

**یان (ئایا کێ تەلەفۆنی داهێنا؟)**

- (العثور) **دیتنەوە ، بینینەوە**

**تازە ، دزەکە لە دەستی پۆلیس دەرچوو، ئیتر چۆن دەی دۆزنەوە.**

**(واتە، چۆن دەی بیننەوە)**

- **زانینی ئەنجام مەتەڵ**

**شیلان، ئەمشەو دوو مەتەڵی گوت کەچی یەکسەر من دۆزیمەوە.**

**(واتە، ئەنجامەکەم زانی)**

**دانەوە (١٦)**

- **ئەنجام چەشتنی کردەوەی خراپ**

**بە خۆت مەنازە و خراپە مەکە چونکە دەی دەیتەوە**

**(واتە، ئەنجامەکەی دەچێژێت)**

- **رەنگ دانەوە، رەنگ چوونەوە لە ئاودا**

**ئەم کراسە مەشۆرە ، چونکە رەنگ دەداتەوە**

- **رەنگ دانەوە،** (التاثیر)، **تەشەنەکردنی شتێك لە شتێکیتردا، (دژ واتایی خوازراو).**

**رەنگ دانەوە ئەم کردەوەیە، زۆر دەکەوێت لە سەری .**

- **دەنگ دانەوە** (الصدی)، **(دژ واتایی).**

**لە هۆڵەکەدا، هێواش قسە بکە چونکە دەنگ دەداتەوە.**

- دەنگ دانەوە (ناوبانگی بڵاودەبێتەوە). (دژ واتایی خوازراو).

ئەم داهێنانە زۆر جوانە ، لە هەموو وولاّتدا دەنگ دەداتەوە.

دیتنەوە (١٧)
- (بڕوانە بۆ بینینەوە)

رنینەوە (١٨)
- کۆکردنەوەی میوە بە هەڕەمەکی

منداڵەکان باخەکەیان رنیـیەوە

(واتە، گشت میوەکانیان کۆکردەوە بە هەڕەمەکی)

- پرچ رنینەوە لە شیوەن کردن دا، (واتای خوازراو).

سڕینەوە (١٩)
- (مسح)، واتە سڕینی سەرانسەری بە نیازی پاك کردنەوە.

مامۆستاکە ووتی : کێ تەختەکە دەسڕێتەوە

- سڕینەوە لە ئارادا (الامحاء من الوجود)
- سڕینەوە (شطب المواد والممتلكات)

کۆمیتەی سڕینەوە: لجنة الشطب.

ئەم کورسییانە بێ کەڵکن، ئەمساڵ دەیان سڕینەوە.

- نەهێشتنی شتێك (نەهێشتنی‌نەخوێندەواری)

ئێمە دەخوازین نەخوێندەواری بسڕینەوە لە ئەم ولاّتەدا.

- پەرپووت کردنی کەسێك بە قسەی خراپ

بەس قسە لە سەر شیلان بکە، مەی‌سڕەوە ئێمە هەموو دەی ناسین.

(واتە، دای مەگرەوە بە رادەیەك کە بی کەی بە کەسێکی بێ‌کەڵك)

سوینەوە (٢٠)
- هەڵ گلوفتنی شتێك بۆ لووس کردن و پاك کردنەوە.

پیاوە پیرەکە هێندە گوێزەکەی سوییەوە بە دەم کەچی بۆی نەشکا.

شۆردنەوە (٢١) • شۆردنەوەی شتی دەنك دەنك

وەك: زیخ ، چەو، لم، دانەویێڵە..

ئەم تێکەڵەیە جوان نەشۆراوەتەوە.

برۆ گەنمەکە بشۆرەوە ئەمجا بی هارە.

• شۆردنەوەی فلیم و وێنە (غسل الافلام و الصور)

فلیمەکەم شۆردەوە کەچی هەمووی سوتابوو.

وێنەگرەکە ووتی : کاکە چەند وێنە بشۆرمەوە بۆت؟

• شۆردنەوە، داگرتنی کەسێك بە جوێن و قسەی خراپ (بەواتای داشۆردن).

شاردنەوە (٢٢) • (اخفاء)، نا دیار کردن

قسەکە مەشارەوە، ئێمە ئەوەندە گەوج نین.

• (دفن)، نانە نێو گۆڕ

پیرێژنەکە پێری مرد کەچی ئەمرۆ شارڕایەوە.

چنینەوە (٢٣) • کۆکردنەوە بە دانە دانە، هەڵ گرتن

وەرە شیلان با بەری دارەکە بچنینەوە.

(واتە، با بەری دارەکە دانە دانە کۆ بکەینەوە)

گۆڕینەوە (٢٤) • (المبادلة، المقایضة)

بازرگانی گۆڕینەوە : (التجارة بالمقایضة)

ئەم کراسە دەگۆڕمەوە بە کراسێکی تر

• بووك گۆڕینەوە لە ژن بە ژن دا.

• بیروڕا گۆڕینەوە (التبادل الفکری)

گرتنەوە (٢٥) • تێکەڵ کردنی شتی شل و توند، وەك:

قوڕگرتنەوە، دەرمان گرتنەوە

- قوڕگرتنەوە بە واتای (کۆست کەوتن)، (واتای خوازراو).

قوڕ بگرەوە و تێبنیشە.

(واتە، کۆستت بکەوێت و ئەنجامەکەی بچێژە)

- گرتنەوە، ڕێك خستنەوەی ئەندامی لە جێچوو لە لەشدا، (واتای خوازراو).

دەستم لە جێ چووە، دەچم لەلای مام جوامێر دەی گرمەوە.

- گرتنەوە، بردنەوە لە باری ڕاکردندا.

شیلان زۆر تیژ ڕادەکات، بەڵام من دەتوانم بی گرمەوە.

(واتە، من دەتوانم لێی ببەمەوە بە ڕاکردن)

- قاوە گرتنەوە ، دەست گرتنەوە ، بەخت گرتنەوە،

(واتە، خوێندنەوەی بەخت و چارەنووس)، (واتای خوازراو)

- فاڵ گرتنەوە (فاڵچی)

- گرتنەوە (بلاوبوونەوەی ئاگر، نەخۆشی، هتد)

ئەگەر ئاگرکەوتەوە یەکسەر بیکوژێننەوە، با هەموو جێیەك نەگرێتەوە.

(واتە، بلاونەبێتەوە بە هەموو جێیەکدا)

شیلان، یەکەم جار تامێسکەی گرت، کەچی بە دوو ڕۆژ هەموو دەم و لێوی گرتەوە.

- گرتنەوە، الشمول

ئەم ئاهەنگە چەند کەس دەگرێتەوە.

(واتە، بۆ ئەم ئاهەنگە چەند کەس بانگ دەکرێت)

**گواستنەوە (٢٦)** • (النقل)،(الانتقال)

وەزارەتی گواستنەوە : وزارة النقل
ئەم لۆرییە بارەکە دەگوێزێتەوە بۆ سلێمانی.
- گواستنەوەی ژن، واتە، دەرکردنی ژن لە ماڵی کەس و کاری و دەست پێ کردنی ژیانی جووتی لە ماڵی بووك و زاوادا.

شیلان پارەکە مارەکرا کەچی ئەمساڵ گوێزرایەوە.
(واتە، ئەمساڵ چووە ماڵی پیاوەکەی)

گێڕانەوە (٢٧)
- (الارجاع)، دانەوە

من کتێبەکەم گێڕایەوە بۆ کتێبخانە.
(واتە، کتێبەکەم دایەوە بە کتێبخانە)
ئەو دەرچوو بوو لە ماڵ بەڵام من گێڕامەوە
- گێڕانەوە (الحكي)

وەرە چیرۆکەکە بگێڕەوە بۆمان.

کردنەوە (٢٨)
- (الفتح)، واز کردن، واڵا کردن

دەرگاکە بکەرەوە.
- ئاوەڵناو + کردنەوە، وەك :

ورد کردنەوە، کورت کردنەوە، ژیر کردنەوەوهتد.

کوتینەوە (٢٩)
- پەستاندنەوە (الحدل)
- کوێر کردنەوەی بزماری تیژ

بزمارێکی تیژ لە نێو پێڵاوەکەم دا بوو، منیش هەر لە بازار لای پینەچییەك کوتیمەوە.
- دەم کوتینەوە، بەر پەرچ دانەوە (واتای خوازراو).

هەرچی بڵێت لەل دەمی دەکوتمەوە.

(واتە، بەر پەرچی دەدەمەوە تا دەمی خۆی بگرێت)

کوشتنەوە (٣٠) • لە ناوچەی هەولێردا بۆ سەر بڕینی مەڕ و ماڵات بەکاردێت.

میوانێکی زۆر هاتبوون، بۆئەوە ئەو ماڵە دوو بەرخیان کوشتەوە.

(واتە، دوو بەرخیان سەر بڕی)

• کوشتن لە تۆڵەی کوشتن دا

ئازاد دوژمنەکەی خۆی کوشتەوە.

(واتە، تۆڵەی کوشتنی کردەوە لە دوژمنەکەی)

بۆ کوێ دەڕوات هەر دەی کوژنەوە.

(واتە، چونکە پیاوی کوشتووە هەر دەبێت بکوژرێتەوە)

ناسینەوە (٣١) • (التشخيص) دۆزینەوە، جوداکردنەوە

من لە نێو هەزار کەس، دوژمنی خۆم دەناسمەوە.

(واتە، جوودای دەکەمەوە، یان دەری دەکەمە دەرەوە)

دکتۆرەکە، زۆر لە نەخۆشی‌یەکەی شیلان وردبووەوە بەڵام لە ئەنجام بە جوانی ناسی‌یەوە.

(واتە، نەخۆشی‌یەکەی دۆزی‌یەوە)

• هاتنەوە یادی کەسێك یان شتێك کەوا پێشتر ناسراو بووە (التذكر، التعرف).

سەیری ئەو کچە باڵا بەرزە جوانە بکە، بزانم دەی‌ناسیتەوە ئەوە شیلانە گەورە بووە.

(واتە، بە منداڵی دیویەتی، کەچی ئێستا نای ناسێتەوە)

• لە ناوچەی سروچك بەردێك هەیە بە ناوی [مانگە سەوە]. واتە [ مانگ ناسەوە] ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەوا

[ناسینەوە] هەیە لە زمانەکەدا.

نانەوە (٣٢)

- سەر نانەوە: مردن لە سەلاری دەربڕین دا، (الوفاة).

مام هۆمەر سەری‌نایەوە.

(واتە، مام هۆمەر مرد)

- خۆنانەوە(التاهب)

پۆلیسەکان خۆیان ناوەتەوە لە سەر ڕێگاکە

- نانەوەی مریشك، هێلکە خستنە ژێر مریشك بۆ هەڵ هێنان .

شیلان مریشکەکەی نایەوە.

(واتە، هێلکەی خستنە ژێر مریشکەکە بۆ هەڵ هێنان)

- بەر پاکردن، خستنەوە (هەژاندن)

شەڕ نانەوە، شەڕ بەرپاکردن، یان شەڕ خستنەوە

شەڕ مەنێرەوە، ئێمە پیاوی شەڕ نین.

(واتە، شەڕ بەر پاکردن مەکە، یان شەڕ مەخەرەوە، یان شەڕ مەهەژێنە)

- دانانی تەڵە و کۆسپ بۆ تووش کردنی بەرانبەرەکە.

تەڵەکە بنێرەوە با مشکەکە بگرێت.

نووسینەوە (٣٣)

- نوسینەوە (تحرير الاوراق) پاك نووسکردن، دەرکردن

بەشی نوسینەوە: قسم التحریر

بەرێوەبەرەکە گوتی، تکایە نووسراوێك بنووسنەوە لە سەر کێشەکە.

(واتە، نووسراوێك دەربکەن)

- (التكتيب)

تۆ بێ خوێنەوە، منیش دەی نووسمەوە

شیلان هەموو دەرسەکەی نووسییەوە

(واتە، وێنەیەکی روو نووس کرد لە دەرسەکە)

هۆنینەوە (٣٤) • نووسینی هەڵبەست و پەخشان (النظم)

هەر خۆی دەتوانێت ووشە بهۆنێتەوە.

• (نسج و حیاکة)، چنین

• قسەی نەرم و لووس کردن بۆ خەڵەتاندنی کەسێك(تالیف الکلام)

هەر خۆی دەتوانێت، بۆی بهۆنێتەوە، تا دەهێتە سەر رێ.

هێشتنەوە (٣٥) • (الابقاء )

من نەم ویست بمێنمەوە کەچی ئەو بە زۆر هێشتمیەوە.

• ریش و سمێڵ هێشتنەوە،

# پەراوێزەکان

:(١)

کاری (بەخشین) کاتێك کەرەستەی (ەوە) وەردەگرێت واتاکەی دەگۆڕێت و ریزێك واتای تازە دەداتەوە. لە رووی رێزمانەوە، رستەکان زۆر ساکارن تەنها واتای سێیەم نەبێت بە ئەم چەشنە:

شیلان    خێر ی    بەخشراوەتەوە

[ خاوەن ] [ بکەر(−)] [ کردارەکە]

ئەوەی سەرنج راکێشە، ئەم رستەیە زۆرتر بە ئەم دارشتنە تێنەپەرە بکەر نادیارە بەکاردەهێنرێت. لە ئەو نموونەیەدا (خێر) جێگری بکەرە لە رستەی بکەر نادیاردا و (شیلان) خاوەنی خێرەکەیە. بێ گومان چاوگی ئەم کارە بریتی‌یە (خێر بە بەخشرانەوە).

:(٢)

کەرەستەی (ەوە) واتای (کۆتایی هێنان) دەبەخشێت بە رووداوی (بەستن)، وەك بەستنی پەتی ئەسپەکە، تا رادەی جێگیر کردن یان بەستنی کەسێك بە کەسێکی ترەوە بە (پەیماننامەی جووت بوون)، تا رادەی بەستنەوە و رێ گرتن لە جوودا بوونەوە بە ئاسانی.


:(٣)

کاری (بژاردنەوە) بەرانبەر بە بەرپەرچی زیان بەخشین دەوەستێت. ئەم کارە زۆر ساکارە لە رووی رێزمان و لە رووی واتاوە وەك هەر کردارێکی تێپەڕی ئاسایی.

:(٤)

کەرەستەی (ەوە) ریزێك واتای تازە دەبەخشێت بە کرداری (بردن) وەك:

- بردنەوە (الفوز) : یەکلایی کردنەوەی کاری (بردن) بۆ کەسێك.
- بردنەوە (گەڕاندنەوە): وەك پەرچ دانەوە، یان دژواتای کاری (هێنان)، یان (ناردن).




- تاس بردنەوە (خەو هاتن )، یان (خەو بردنەوە)، وەك :

شیلان، تاس دە (ی) باتەوە

[ بەرکار]، [ بکەر] [ دە] (–) [ کردار]



لە رووی رێزمانەوە ئەم کردارە نەختێك ئاڵۆزە بەڵام لە رووی واتاسازییەوە زۆر روون و ئاشکرایە.

(٥):

واتا دانەوەی کەرەستەی (ەوە) لەگەڵ کاری (بڕین) دا لە جوداوازی واتای ئەم دوو نموونەیە دا دەردەکەوێت :

من دارەکە دەبڕم .

من دارەکە دەبڕمەوە.

رستەی دووەم ئەگەر کردەوەی فیزیاوی بڕین بە گشتی ببەخشێت، بەڵام رستەی دووەم واتای (بڕین تا کۆتایی ) دەبەخشێت. کردەوەی (بڕینەوە) واتای بە تەواوی دوو لەت کردن، یان بە تەواوی لە بن دا بڕین دەبەخشێت. ئێستاش ئەگەر بگەرێینەوە بۆ بەراوردکاری لە نێوان ( بڕین و بڕینەوە) دا، لە رووی واتا بەخشینەوە ئەوا ئەم سەرنجانە دەهێننە تۆمارکردن :

یەکەم: بڕینی بنجی بەرانبەر بە واتای بنجی (بڕین):

ئەم کارە چەند واتایەکی داوەتەوە، وەك:

- خوری بڕینەوە، واتە، بڕینی خوری مەرێك بە تەواوی.
- دار بڕینەوە، واتە بڕینی دارێك تا رادەی دوو لەت کردن.

- برینەوەی ئەندامی لەش، واتە، لابردنی یەك جارەكی ئەندامێكی لەش.

دووەم: بڕینی خواستراو بۆ واتای(وەستاندن) ئەم كارە چەند واتایەكی داوەتەوە، وەك:

– بڕینەوەی كێشەیەك (الحسم):

واتە كۆتایی هێنان یان وەستاندنی تەواوی كێشەیەك، یان یەكلایی كردنەوەی كێشەیەك.

- لە شیر بڕینەوە، واتە وەستاندنی تەواو وبێ گەڕانەوە بۆ شیر لە مەمك خواردن.

چاوگی ئەم كارە بریتی‌یە لە (شیربڕینەوە)، یان (مندالْ لە شیر بڕینەوە).

سێیەم: بە ئاشكراش دیارە كەوا چەند واتایەك لە (بڕین) لە جیّی خۆیان وەستان و نەیان توانی واتای نویّ لەگەڵ كەرەستەی (ەوە) دا ببەخشن،وەك :

- ئەوانەی واتا (بڕین لە سەر ئەندازە) دەبەخشن، وەك:

جل بڕین ، پرچ بڕین بیّگومان (پرچ بڕاو) بریتی‌یە لە واتای خوازراو لە سزای (پرچ بڕین).

- ئەو واتایانەی كەوا، لە واتا بنجی‌یەكەوە كەوتوونەتەوە، وەك ریّگا بڕین، چەند جار بڕین.. هتد.

:(٦)

هەر چەندە ڕووداوی (بیستن) واتای (بیستن) بە گویّ ببەخشێت بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ لە دەمی كەسێكەوە كەوا بە گویّی خۆی ئەو شتەی بیستووە. واتای ئەم كردارە ڕەنگە زۆر پێویست بێت بە ئەوانەی كەوا زاراوە دادەڕێژن سەبارەت بە كاری هەواڵ گەیاندن یان هەڵ قوزتنەوە و گویّ سووكی.

:(٧)

كرداری (بینین) لەگەڵ كەرەستەی (ەوە)دا، چەند واتایەكی تازە دەبەخشێت كەوا بە تەواوی لە واتای ئاسایی (بینین) ترازاون. ئەو واتایانەش زۆر لە برەو دان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەڵام واتای (بینیەوە : دۆزینەوە) برەوێكی زۆر دەبەخشێت بە زمانی زانستی و

تەکنۆلۆژی ی نویٚ. لە رووی ریٚزمانەوە کرداری (بینینەوە) زۆر ئاسایی‌یە وەك کرداریٚکی‌تیٚپەر.

:(٨)

کرداری (تەنینەوە) واتای بلاوبوونەوەی و پەرەسەندن بار و دۆخ تیٚك چوون دەبەخشیٚت. ئەم زاراوەیە برەوی زۆر لە بواری پزیشکی و ئابووری‌دا وەك (المضاعفات، تفاقم الازمة، تصعید، تدهور الحالة).

:(٩)

کرداری (تۆژینەوە)بە روخساری چاوگی دوو لۆی (البحث) گرتووەتەوە. ئەم چەند ساڵەی رابردوودا پەیدا بوو و ئیٚستا بە جوانی چەسپاوە. ریٚژە چالاکەکانی ئەم کردارە هیٚشتا زۆر نەکەوتووەتە بەر بەکارهیٚنان و پیادەکردن.

:(١٠)

کرداری (پرسینەوە) دەرگایەکی نویٚ دەکاتەوە بۆ زاراوە سازی لە بواری کارگیٚری‌دا. ئەم کردارە واتای (المتابعة الاداریة) و واتای (المساءلة القانونیة) دەداتەوە. وشەی (پرسەوە)یش واتای (المتابع)، دەبەخشیٚت.

:(١١)

کرداری (جوینەوە) لە واتای (جوین) ترازاوە چونکە (قسەکردن) وەك تیکەی خواردن نی‌یە بجووریٚت.ئەم واتا تازەیەش بریتی‌یە کاویٚژکردن و گوتنەوەی قسەی بیٚکەڵك. واتا تازەکەی (جوینەوە) رەنگە زۆر بە کەڵك بیٚت لە ژیانی تەکنۆلۆژی ئەمرۆدا، وەك (جوینەوە پارچەکانی مەکینە و ئامیٚر)، یان وەك دەوتریٚت (ئەم پارچەیە جووراوەتەوە)، واتە خوراوەتەوە بە زەبری میکانیکی.

:(١٢)

کرداری (خستن) کاتێك کە دەبێت بە (خستنەوە) دەبێت بە کردارێکی چالاك، پێویست و بە بڕشت بۆ پێشکەوتنی زمانەکە. جوانترین واتای (خستنەوە) بریتی‌یە لە (الانجاب) بەڵام ئەم واتایە براوەتەوە بۆسەر زۆر شتی تر وەك:

- ئاگر خستنەوە
- شاگرد و خەلفە خستنەوە

ئەمانەش هەمووی لە سەر کێش و واتای (منالّ و نەوە خستنەوە).

(١٣): خواردن : خواردنەوە

کاتێك کەوا کەرەستەی (ەوە) دەچێتە سەر کرداری (خواردن) واتاکەی دەگۆرێت بەرەو (خوارنەوەی شتی شل بە بێ‌جوین). ئەم واتایە زۆر بڵاوە بەڵام چەندین واتای تری خستووەتەوە، وەك:

- خواردنەوەی شلی سەر خۆشکەر : ئەم واتایە تەسك کراوەتەوە لە خواردنەوەی هەموو شتی شلەوە بەرەو خێزانی ئەو شتە شلانەی کەوا مرۆڤ سەرخۆش دەکەن.

ئەم دیاردەیەش لە هەموو رستەیەك دیارە بەبێ ئەوەی دیاریش بکرێت وەك:

- ئازاد دەخواتەوە

- ئەم رستەیە بە هیچ جۆرێك واتای خواردنەوە شلی سەرخۆش نەکەر ناگەیەنێت و بە ئاشکرا واتاکەی دیارە.
- زۆر جار واتای(خواردنەوە)لە شتی شل دەترازێت، وەك:

- منآلەکە شیر دەخوات

- لە ئێرەدا، هەرچەندە شیری مەمکی ئافرەت شلە بەڵام چونکە خۆراکی سەرەکی مندآلە بووە بە خۆراکی توند لە واتادا و(خواردن) چووەتە جێی (خواردنەوە).
- تێك چوونی روخساری کەرەستە وئامێر یان زەوی و زار بە لێك خشان وەك(التعرية، التاكل، النخر...الخ). ئەم واتایە زۆر زۆر پێویستە لە بوارە زانستی‌یەکاندا.

- زۆر جار (خۆڵ) یان(لم) یان هەر(مادەیەکی ورد) ئاو هەڵ دەمژێت، ئەوا دیاردەکە براوەتەوە سەر کرداری خواردنەوەی شتی شل. وەك ئەوەی کەوا ئەوشتە ئاوەکە بخواتەوە.

(١٤): خوێندن : خوێندنەوە

کرداری (خوێندنەوە) لە واتای (کۆشش کردن بە خوێندن و ئامادەبوون بۆ ئەزموون) ترازاوە و بووە بە (خوێندنەوەی شتی نووسراو بە بێ بە بێ کۆشش و ئامادەبوون بۆ ئەزموون). ئەو واتایەش بریتی‌یە لە (المطالعة) کەوا زۆر بلاوەو چەسپاوە لە زمانەکەدا بەڵام براوەتەوە بۆ سەر واتایەکی تر، وەك:

خوێندنەوەی بێ بڕشت (القراءة)

خوێندنەوە ← (المطالعة : مع الفهم و الاستفادة)

خوێندنەوە ← (القراءة : بدون الفهم و الاستفادة)


لە ئێرەدا، خوێندنەوە بە واتای (القراءة) بریتی‌یە لە خوێندنەوەی نووسراوێك وەك کەرەستە و ئامێر بە بێ کەڵك و تێگەیشتن.

لە لایەکی ترەوە واتای (خوێندنەوە : القراءة) براوەتەوە بۆ سەر شتێك کەوا نەنووسراوی تێدا هەیە و نە ئەزموون، وەك:

- دەست خوێندنەوە
- بەخت خوێندنەوە
- چارەنووس خوێندنەوە
- ئەمەو لە هەندێك جێدا واتای(بێ بایەخ کردن) دەبەخشێت وەك(شیلان ئێمە بەهیچ ناخوێنێتەوە).

(١٥):

کرداری (دۆزیـن) کـەوا واتایـەکی تەسکی هەیە وەك (سەر دۆزین) لەگەڵ کەرەستەی (ەوە) دا دەبێـت بـە کـردارێکی بڵاو و بە برەو لە دنیای پێشکەوتوودا و چەند واتایەك دەداتـەوە کـەوا زۆر زۆر پێویسـتن و هـەر هـەموویان واتـای (پـەی بـردن بـە شـتێکی شاردراوە) دەبەخشن.
ئەم کردارە رەنگە دنیایەکی فراوانی هەبێت لە بواری پێش خستنی زمانەکەدا.
(١٦):




بـە پـێ ئـەو نەخشـەیە کـرداری وەرگرتن بریتیـیە لە بەر پەرچی کردەوەی (وەرگرتن)، وەك:

- دەنگ وەرگرتن و دەنگ دانەوە (الصدى)
- رەنگ وەرگرتن و رەنگ دانەوە

ئەم دوو واتایە خوازراون بۆ چەند واتایەك کە دەنگ و رەنگ نییـە تێیـان دا، وەك:
رەنگ دانەوە: (الانعکاس)
دەنگ دانەوە: (ناو بانگ بڵاوبوونەوە: الشهرة)
لە رووی رێزمانەوە (دەنگ و رەنگ) بریتین لە بەر کاری رستەکە.
(١٧):
لـە بـەر ئـەوەی کـرداری (دیـتن، یـان دیتـنەوە) کورت دەهێنێت لە دارشتن دا دەبێت بگەرێینەوە بۆ سەر کرداری (بینین، یان بینینەوە).

(١٨):
کەرەستەی (ەوە) لەگەڵ (رنین) دا، واتای (رنین) بە زۆری و لێشاوی دەبەخشێت وەك :

- رنینی پرچ لە شێوەندا بەچەپکی گەورە.
- رنینی باخ بە تەواوی و بە لێشاو.
- تالاَن کردنی ماڵی کەسێك بە تەواوی.
- خۆ خوراندن بە توندی و بە تیژی.

لە ئەم واتایانەدا، واتای (روشاندن : رنین) ترازاوە و چووەتە سەر چەند دیاردەیەك کەوا (روشاندن و بریندارکردن) هەڵ ناگرن.

(١٩):

واتای (سڕین) زۆر بنجی و ئاساییە بەلاَم واتای (سڕینەوە) دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بۆ زاراوەی کوردی، چونکە دەگاتەوە بە بواری واتای (سڕین بە تەواوی، لە ناو بردن، کووژاندنەوە، نەهێشتن، تێك دان، هتد). واتای بنجی (سڕین) کاتێك کەوا کەرەستەی (ەوە) وەردەگرێت واتاکەی دەگۆڕێت بۆ (سڕین بە تەواوی، یان سڕین بە نیازی پاك کردنەوە). ئەم واتا تازەیە خوازراوە بۆ چەندین واتای تر، وەك: (المسح، المحو، الابادة، الشطب)، ئەوەش لە نموونەکان دا دیارە. ئەم جۆرە زاراوانەش رووبەرێکی مەزن دادەپۆشن لە ئەلبوومی وشەمەنی زمانەکەدا.

(٢٠):

کرداری (سوین یان ساوین) دەتوانێت ببێت بە (سوینەوە یان ساوینەوە). روخساری (ساوین و ساوینەوە) زۆرتر لە گەرمیان دا بەکاردەهێنرێت. واتای (سوین) واتایەکی بنجیە بەلاَم واتای (سوینەوە) نەختێك دەترازێت و گیانی بەردەوامی دەبەخشێت بە کردەوەکە.

(٢١):

کەرەستەی (ەوە) واتای (شۆردن) دەگۆڕێت بۆ چەند واتایەکی تر کە تێیان دا واتای پتەوی (شۆردن بە سابوون و بە ئاو و بە نیازی پاك بوونەوە) روونادات، وەك:

- شۆردنەوەی شتی دانە دانە، وەك (چەو، لم، میوە، گەنم، دانەویڵە، هتد).
- شۆردنەوەی فلیم لە تەكنۆلۆژیای وێنەسازیدا. بێ گومان ئەم واتایە لە واتای پتەوی (شۆردن) ترازاوە، چونكە نە سابوون بەكاردەهێنرێت، نە ئاو، و نە نیازی پاك كردنەوە هەیە. واتا ئەم كردارە بریتییە لە دەر خستن و جێگیركردنی وێنەكانی سەر فلیمەكە. بێ گومان ئەم واتایە كاتێك خوازراوە كەوا تەكنۆلۆژیای وێنەسازی دەركەوتووە و لە وڵاتی كوردەواری بڵاوبووەتەوە. واتە تەمەنی ئەم زاراوەیە لە سەت ساڵ تێپەڕ ناكات.
- واتای (داگرتنی كەسێك بە جوێن) براوەتەوە بۆ سەر واتای شۆردنەوەی كەسێك بە ئاو و پەرپووت كردنی بە تەڕ بوون، وەك (داشۆردن).

(٢٢):

كرداری (شاردنەوە) بە بێ كەرەستەی (ەوە) واتا نابەخشێت بەڵام واتای پتەوی ئەم كردارە بریتییە لە (دوور خستنەوە لە بینین). ئەم واتایە دەخوازرێت بۆ (دوورخستنەوە لە بیستن). ئەم واتایە جارێكی خوازراوە بۆ (مردوو ناشتن: الدفن).

(٢٣):


كرداری (چنینەوە) بە ئاشكرا لە واتای (چنین) ترازاوە و واتای (كۆكردنەوە بە دانە دانە) دەبەخشێت.

(٢٤):

كرداری (گۆڕینەوە) واتای ئاڵ و گۆڕ كردن دەبەخشێت لە بواری بازرگانی دا (المبادلة المقايضة). ئەم واتایە بۆ چەندین واتای تر دەخوازرێت و مەرج نییە كڕین و فرۆشتن لە ئارادا هەبێت وەك (ئاڵوگۆڕ كردنی بیروڕا) یان (گۆڕینەوەی بووك لە ژن بە ژن دا).

(٢٥):


كرداری (گرتنەوە) كاتێك لە واتاكانی (گرتن) دەترازێت دوو واتای بنەڕەتی دەداتەوە، وەك:




واتـای یـەکـەم: وەك (قورگرتـنەوە، دەرمـان گرتـنەوەوەهـتد) لە راستیدا شتی توند و شل تێکـەڵ دەکـرێت پاشـان دەشـێلرێت تـا دەبێـت بە گیراوەیـەك لە چەشنی (هەویر). ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت (گرتنەوە: العجن) و لە ئەم دیاردەیە وشەی دا (گیراوە: الخليط، المركب) پەیدابووە. واتای یـەکەمی گرتنەوە چەند واتایـەکی تری داوەتەوە وەك:

- قـوڕ گرتـنەوە (کۆسـت کەوتن: الهول، المصيبة)، یـان قوڕ بۆ کەسێك گرتنەوە. واتـای قوڕ گرتنەوە واتایـەکی پەندیـە چونکە جاران لە کۆستی گەورەدا ژن و پیاو خۆیـان لە قوڕ دەنا. ئێستاش (قوڕ گرتنەوە) بۆ (کۆست کەوتن و کۆست خستن)ی خەڵکی بەکاردەهێنرێت، بە بێ ئەوەی قوڕی ئاسایی بەکارهاتبێت.
- قـاوە گرتـنەوە، فـاڵ گرتنەوە، دەست گرتنەوە، بەخت گرتنەوە، واپێدەچێت کەوا لە واتای یـەکەمی (گرتنەوە) وەرگیرابن.

واتـای دووەم: پـێدا گەیشـتن لـە راکـردن دا، واتای ئەم کرداره لە بەراوردکردنی دوو خێرییدا دەردەکەوێت، وەك (بردنەوە لە یاری راکردن دا):




لە سەر ئەو نەخشەیـە کەسی یـەکەم پێشتر رای کردووە بەڵام کەسی دووەم لە بەر ئەوەی خێراتـرە دەیگرێـتەوە، واتە پێیدا دەگات. ئەم واتایـە خوازراوە بۆ چەندین واتای تر، وەك:

- لـە جـێ چوونی جومگەکانی لەش، واتە بەشێك لە جێدەچێت، یـان لە جێگەی خۆی دەترازێت و رادەکات. باری ئاوا پێویست بە لێزانێك دەکات کەوا بتوانێت بەشە لە جێ ترازاوەکە بگرێتەوە و بیخاتە و شوێنی خۆی.

- **بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە لەش دا، وەك ئەو وایە کەوا نەخۆشی‌یەکە خێرا بێت و بگات بە هەموو ناوچە دوورەکان.**
- **گرتنەوە** (الشمول):

**بۆ نموونە، کاتێك کەوا بلیتی ئاهەنگ، یان بانگەوازێك بۆ سەیران، یان شتێك دابەش دەکرێت، دەبێت بزانین هێزی بڵاوبوونەوەی ئەو بانگ کردنە چەندە و دەگات بە کوێ و کێ دەگرێتەوە.**

**(٢٦):**

**کرداری (گواستنەوە) بەبێ پاشگری (ەوە) واتا نابەخشێت واتای پتەوی (گواستنەوە) بریتی‌یە لە هەڵگرتنی شت و مەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. ئەم واتایە خوازراوە بۆ زۆر بواری تر، وەك:**

- **گواستنەوەی ژن** (الزواج، الاقتران)
- **گواستنەوەی کرێکار و کارمەند** (نقل عامل او موظف)

**یان**

- **وەزارەتی گواستنەوە** (وزارة النقل)
- **گواستنەوەی دەریایی** (النقل البحري)
- **گواستنەوەی ئاسمانی** (النقل الجوي)
- **گواستنەوەی دەشتی** (النقل البري)

**(٢٧):**

**(گێڕانەوە) واتای (گەڕاندنەوە) دەبەخشێت، بە عەرەبی یش واتای** (الاعادة)**. ئەم واتایە جارێکی تر خوازراوە بۆ چیرۆك و داستان گێڕانەوە.**

**(٢٨):**

کـرداری (کـردن) کـاتێك کەرەســتەی (ەوە) وەردەگــرێت واتاکـەی دەتــرازێت بــۆ (وازکـردن: الفتح) کرداری (کردنەوە) وەك کرداری (کردن) توانای هەیە چەندین واتا ببەخشێت بە دارێژراوی، وەك:

ورد کردنەوە، توند کردنەوە، ژێر کردنەوە، کورت کردنەوە، هتد.

ئەم جۆرە واتایانە دەبێت لە ئەلبوومێکی تایبەتی دا ریز بکرێن چونکە ژمارەیان زۆرە.

(٢٩):


کەرەسـتەی (ەوە) واتـای (کوتـین) دەگۆڕێت (پەستاندنەوە). ئەم واتایەش خوازراوە بۆ واتای پەرچدانەوەی بزماری تیژ، یان پەرچدانەوەی دەمی هار وەك لە نموونەماندا دیارە.

(٣٠):

کـاتێك کـرداری (کوشـتن) کەرەسـتەی (ەوە) وەردەگـرێت دوو واتای تازە دەداتەوە، وەك:

- کوشتنەوە: (سەر بڕینی ئاژەڵ)، (ذبح)
- کوشتنەوە: (کوشتن لە تۆڵەی کوشتن دا)، وەك :

پۆلیسەکە دزێکی کوشت




لـە ئـەو نەخشـەیەدا، کەسـێك لـە بـەرەی یەکـەم (پۆلیـس) یـەکێك لـە بـەرەی دووەم (دزەکـان) دەکوژێت بەڵام بەرەی دووەم پۆلیسێك دەکوژێتەوە لە بەرەی یەکەم بۆ تۆڵە سەندنەوە بە کوشتن.

:(٣١)

**کاتێك کرداری (ناسین) دەبێت بە (ناسینەوە) واتای دیاریکردن دەبەخشێت یان** واتای(التعرف)و (التشخیص) **بواری واتایی ئەم کردارە چەندین کرداری تر دەگرێتەوە وەك** (**دۆزینەوە، جوودا کردنەوە، دیاری کردن،هتد). ئەم جۆرە واتایانە زۆر زۆر پێویستن بۆ تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و رەنگە** (ناسینەوە) **دەرگایەکی نوێ بکاتەوە بۆ زاراوەسازی.**

**لە لایەکی ترەوە، لە نموونەی (هاتنەوە یادی کەسێك) واتا دووبارە بوونەوە دەبەخشێت.چونکە لە ئەو نموونەیەدا شیلان یەکەم جار ناسراو بووە بە روخساری بەڵام ئێستا جارێکی تر ناسرایەوە بە روخساری گەورەیی.**

:(٣٢)

**کرداری (نانەوە) واتای (دانانی شتێك بۆ ماوەیەك و بۆ بەرپاکردنی رووداوێك) دەبەخشێت. ئەم واتایە زۆر لە بنجی دەچێت و چەندین واتا دەداتەوە:**

- **نانەوەی مریشك، هێلکە دانان لە ژێر مریشك لە پێناوی جووجك خستنەوەدا.**
- **نانەوەی تەقەمەنی، تەقەمەنی دانان لە شوێنێك لە پێناوی تەقینەوەدا.**
- **خۆنانەوە، خۆ ئامادەکردن و بۆ بەرپاکردنی رووداوێك.**
- **شەڕ نانەوە، گەرای شەڕ دانان بۆ شەڕ هەڵ گیرسان.**
- **سەر نانەوە، شێوازێکی سەلاریە بۆ گۆ کردنی رووداوی مردن.**

:(٣٣)

**کاتێك کرداری (نووسین) دەبێت بە (نووسینەوە) واتاکەی دەگۆڕێت بۆ** (التحریر: تحریر الاوراق الرسمیة) **یان بۆ** (التکتیب). **ئەم دوو واتایە زۆر زۆر پێویستن لە بواری (کارگێڕی و فێرکردن) دا. بەشەکانی نووسینەوە ئیشیان ئەوەیە شتی نووسراو جارێکی تر بنووسنەوە بەبێ دەسکاری، وەك:**

**نووسین : نووسین (تێ گەیشتین لە چەمکی باسەکە)**

**نووسینەوە: نووسین (بەبێ تێگەیشتن و بەبێ دەسکاری) بەڵام بەپێی شێوازێك، وەك(پاكنووسی).**

**(٣٤):**

**كرداری (هۆنینەوە) بە واتای (چنین:** نسج، حیاكة) **دەهێنێت بەڵام دەتوانرێت بخوازرێت بۆ زۆر واتای تر، وەك:**

- **هۆنینەوە هەڵبەست و لاواندنەوە.**
- **هۆنینەوە گفتی لووس بۆ خەڵە تاندن.**
- **هۆنینەوە پرچی درێژ.**

**(٣٥):**

**كرداری (هێشتن) كاتێك كە دەبێت بە (هێشتنەوە) واتاكەی دەگۆڕێت بۆ چاوگی (ئاندن) لە (مانەوە)، وەك:**

**مانەوە + ئاندن** ⟵ **هێشتنەوە** (ابقاء)

## بەشی دەیەم

# بەرەنجام و شرۆڤەکاری

### ١٠ : ١- لە بەرەنجام دا:

وەك كورتەيەك بۆ ئەم كتێبە دەتوانين چەند خاڵێك تۆمار بكەين:

- پاشگری (ەوە) مەرج نىيە هەر لە رێژەی كارردا دەر بكەوێت، لە ناوی ئاوەڵكاردا دەردەكەوێت، وەك (سەرەرە ، ژێرەوە. هتد)،. يان، لە گەڵ ئامرازی پەيوەندیدا دەردەكەوێت وەك .(لە..ەوە، بە..ەوە).
- پاشگری (ەوە)، لە دوو بڕگەی دەنگسازی پێك هاتووە. بڕگەی بەرايی چێوەيەكی ناتەواوی هەيە لە چەشنی (OVO) و بڕگەی دوايی چێوەيەكی تەاواوی هەيە لە چەشنی (CVO).
- هەندێك جار لە هەندێك ناوچەدا مۆرفيمێكی بۆش لە چەشنی (انێ) دەلكێت بە هەموو جۆرەكانی پاشگرەكەوە. لە خۆشبەختیدا، ئەم بارگە سەربارە ناگات بە زمانی نووسين و هەر لە زمانی گفتوگۆدا هەيە.
- پاشگری (ەوە) جێگۆڕ نىيە و لە خانەيەكی جێنەگۆڕدا دادەنيشێت. لە هەندێك ناوچەدا، ئەو رەگەزە دەخرێتە بەر جێگۆڕين. ئێمە بە هيچ جۆرێك لە گەڵ ئەوەدانين كە ئەو بارە نارێكیيە بگات بە سنووری زمانی نووسين.
- پاشگری (ەوە)، كە رەستەيەكی گشتیيە دەتوانێت بچێتە سەر رێژە گەردانكروەكانی هەر چاوگێك بەبێ بەر هەڵستی. لە ئەو گەمەيەدا هەر كاری (بوون هەبوون) بێ بەرين.
- وەك لە پێشتردا گوترا، پاشگری (ەوە) دەچێتە هەموو رێژەيەك، يان چاوگێك. لە ئەم كردەوەيەدا، دوو جۆر واتا دەداتەوە، جۆری يەكەم گشتیيە

هەموو کاری زمانەکە دەگرێتەوە و جۆری دووەم تایبەتی‌یە بەشێك لە کاری زمانەکە دەگرێتەوە.

- ئەو جۆرە واتایەی کە گشتی‌یە بریتی‌یە لە واتای دووپاتی. واتە، دووپات کردنەوەی رووداوی کارەکە.
- ئەو واتایەی تایبەتی‌یە، بریتی‌یە لە (دژواتایی) و لە (واتاگۆڕی).
- لە دیوی (دژواتایی) دا، ئەم ئاکارە گشتی‌یە بۆ هەموو ئەو کارانەی کە دژواتایان هەیە، یان دژ ئاراستەیان هەیە.
- لە دیوی (واتاگۆڕی) دا، واتای تایبەتی هەیە و بە ئاسانی دەستە مۆ ناکرێت.
- لە دیوی (واتاگۆڕی)، واتای گۆڕاو بە هیچ جۆرێك دوو لۆ نی‌یە، ئەوەی دوو لۆ بێت، تەنها روخساری کارەکەیە.
- واتای (دووپاتی) بە دوو میکانیزم دەچەسپێت. یەکەمیان بریتی‌یە لە (دووبارە بوونەوە بە وچان) و دووەمیان بریتی‌یە لە (دووبارە بوونەوە بە سووڕ).
- لە هەر واتایەك کە دووبارە بوونەوە بە سووڕ چەسپابێت، ئەوا دوو جار دژواتایی بە (نیوسووڕ) چەسپاوە و ئەو دوو نیوە سووڕە سووڕی تەواویان دروست کردووە.
- لە ئاکاری (دژواتایی) دا نیوسووڕی (١٨٠ پلە) دەچەسپێت و دەتوانرێت بە نەخشەی ئەندازیاری دیاری بکرێت.
- لە (واتا گۆڕی) دا، دووئاکار دەچەسپێت. یەکەمیان بریتی‌یە لە واتای (ئەنجام دان بە تەواوەتی و سەت لە سەت). دووەمیان بریتی‌یە لە واتای (بڵاوبوونەوە بەریتمی بەدەوام و هێدی هێدی).

- لـه ئەو سێ جۆرە واتایەدا کە باس کرا و لە واتای یـەك لۆش دا، چی گوترا بێت و چی کرا بێت و چی گۆڕابێت، هەر لە ژێر چەتری (واتای بنجی) دا جیٚیان دەبێتەوە. ئەمەش لە بەر ئەوەی سروشتی ڕوودانەکەیان پتەوە.
- بـە تەریـبی لەگـەڵ خـاڵی پێشوودا، هەر واتایـەکی بنجی یـەکلۆ، یان بنجی دوولۆ، یان هەر واتایـەکی گۆڕاو، یان هەر دژواتایـەك، بۆی هەیـە بچێتە ژێر چەتری (واتـای خـوازراو). واتـای خوازراویـش، بریـتی‌یە لـە ئـەو واتایـەی کـە سروشـتی ڕووداوەکەی شلکە.
- بـە پیٚی خاڵی پێشوو، واتای خوازراو لە ریزی واتا بنجی‌یەکان ناوەستێت تـا واتایـەك زیـاد بکـات. بـە پێچەوانەوە، لە بەرانبەری هەر واتایەك دەوەستێت بۆ ئـەوەی ئەلـبومی واتایی بکات بە دوان. ئەلبوومێك بۆ واتای بنجی و ئەلبوومێك بۆ واتـای خـوازراو. کەواتـە، واتـای خـوزراو ژمـارەی واتـا زۆر دەکـات بـە دووبارە بوونەوە.
- لـە هـەر کـارێکی بـنجی یـەکـلۆدا، ریزێك ئاکار هەیە و ژمارەیان دیاری کراوە. ئەو ئاکارانە هاوبەشە لە نێوان زمانان دا.
- لـە هـەر کـارێکی بـنجی دوولـۆدا، هـەموو ئاکارەکانی دیوی یـەکلۆ هەیـە لەگـەڵ ئـەوەش ئاکـارێکی سـەربار پـەیدا دەبێـت بـۆ تـەرخان کـردنی کارەکـە بۆ واتایـەکی تایبەتی.
- لـە نێـوان دوو کـاری دژئاراسـتەدا، هـەموو ئاکارەکان هەیـە بەڵام تەنها و تەنها لە نێوانیاندا دژئاراستەیی پەیدا دەبێت.

## ١٠ :٤- گەمەیەکی واتاسازیانە :

- پاشـگری (ەوە)، وەك بـۆی هەیـەبچـێتە سـەر هەر ڕێژیـەك کەلە سەر بنجی کـارێك ڕۆنـرابێت، بۆی هەیە سێ جۆرلە ڕێچکەی واتایی چیٚبکات لە ڕێژەکەدا، وەك :

ڕێچکەی یەکەم : ئاکاری (دووپاتی) لە ڕووداوی کارەکەدا.

ڕێچکەی دووەم : ئاکاری (دژواتایی) لە ڕووداوی کارەکەدا.

ڕێچکەی سێیەم : ئاکاری (واتا گۆڕی) لە ڕووداوی کارەکەدا.

- ئاکاری ( دووپاتی) بریتییە لە ئاکارێکی گشتی بۆ دووبارە بوونەوەی ڕووداوی کارەکە لە سەر پاکی ڕێژەی زمانەکەدا.
- ئاکاری (دووپاتی) بە دوو میکانیزم دەردەکەوێت، وەك :


میکانیزمی یەکەم : دووپاتی لە ڕووداوی ڕێژەدا لە چەشنی (دووبارە بوونەوە بە وچان)، یان، دەتوانین بڵێین بە (ڕوودان ، پاشان ، وچان ، پاشان ، ڕوودان).

میکانیزمی دووەم : دووپاتی لە ڕووداوی ڕێژەدا لە چەشنی دووبارە بوونەوە بە سووڕی تەواو، یان ، دەتوانین بڵێین بە (دژواتایی پاشان دژواتایی).


- ئاکاری دووپاتی، وەك گشتییە لە زمانی نووسین دا،پێویست دەکات بە ئاوڵگوزارەیەك کە جودا بکرێتەوە لە دوو ڕێچکەکەی دیکە کە بریتین لە ڕێچکەی (دژواتایی) و ڕێچکەی (واتاگۆڕی).
- بەرانبەر بە خاڵی پێشوو، هەردوو ڕێچکەی (دژواتایی و واتاگۆڕی) بریتینین لە ئاکارێکی گشتی و بریتین لە ئاکارێکی تایبەتی. واتە هەر یەکێك لە ئەو دوو ڕێچکەیە دەگەن بە هەندێك لە کاری زمانەکە نەك هەموو کارەکان، وەك بۆ ڕێچکەی یەکەم (دووپاتی) باس کرا.
- بە تەریبی لە گەڵ خاڵی پێشوودا، لە ڕێچکەی (دژواتایی) و لە ڕێچکەی (واتاگۆڕی)دا، بە هیچ جۆرێك دووبارە بوونەوە نییە و ڕووداوی کارەکە هەر یەك جار ڕوودەدات. لە ڕاستیدا، ئەم دیاردەیە وادەکات ڕێچکەی یەکەم، کە گشتییە و دووپاتە، جودا ببێتەوە لە دوو ڕێچکەکەی دیکە (دژواتایی و واتاگۆڕی) کە تایبەتی و یەکپاتن.

- بـه پـێ‌ی خاڵی پێشوو، ئەگەر ئاکاری (دژواتایی) و (واتاگۆڕی) بریتی بن لـە (پارچـە) و ئاکـاری (دووپـاتی) بریتی‌بێت لە (گشت)، دەبێت ئەو دوو رووبەرە بـەش کـراوە لە رووبەرەگەورەکەدا جێ‌یان ببێتەوە.واتە، دەبێت دیاردەی (یەکتر برین) لە نێوان (پارچە) و (گشت)دا هەبێت.
- بە پێ‌ی خاڵی پێشوو دەتوانین رووبکەین لە نەخشە و لە نیگار، وەك :

یەکـەم : ئەگـەر ئاکاری (دووپاتی‌ی) بکەین بە بازنگەیەکی گەورە لە چەشنی ( A) و هـەردوو ئاکـارە تایـبەتی‌یەکە (دژواتایی و واتاگۆڕی) بکەین بە دوو بازنگەی بچووك ( B و C )، دەتوانین بە ئەم چەشنە ریزیان بکەین.




دووەم : ئێستاش ئەگـەر بە شێوەیەکی پارچەیی وا بکەین کە هەردوو بازنە بچووکەکە بازنە گەورەکە ببڕن ئەواپێنچ رووبەری واتایی دەردەکەوێت، وەك :




سـێ‌یـەم : لـە ئـەو نەخشـەیەدا، دابەشـبوونێکی واتای هەیە بۆ ئەو رێژانەی کە پاشگری (ەوە) هەڵ دەگرن، وەك :

١- لە پاشماوەەی رووبەری ( A )دا تەنها هەر ئاکاری (دووپاتی) هەیە.
٢- لە پاشماوەی رووبەری ( B )دا تەنها هەر ئاکاری (دژواتایی) هەیە.
٣- لە رووبەری ( C)دا تەنها هەر ئاکاری (واتاگۆڕی) هەیە.

٤- له رووبەری هاوبەش ( A + B )دا تەم و مژ هەیە و دەشێت ڕێژەکە (دژواتایی)یەکی سادە هەڵ بگرێت، یان (دووپاتی)یەکی سادە هەڵ بگرێت.

٥- بە هەمان شێواز، لە رووبەری ( A + C )دا ڕێژەکە تەم و مژدارە و دەشێت ڕێژەکە ئاکاری (واتاگۆڕی) یان (دووپاتی) هەڵ بگرێت.


٦- وەك یەك ڕێژەیەك تەنها هەر یەك ئاکار هەڵ دەگرێت، ئاوەڵگوزارەیەك دەتوانێت هەردوو بارە تێکەڵەکە ( A + B ) و ( A + C ) جودا بکاتەوە.

٧- ئەو ئاوەڵگوزارەیەی کە لە خاڵی پێشوودا باس کرا، رووبەری گشتی دووپاتی ( A ) جودا دەکاتەوە و ئەوسا واتای هەردوو رووبەری تایبەتی ( B ) و (C) روون دەبێتەوە.

## ١٠ : ٣- ئاکاری دژواتای :

لە ئەو ڕێچکەیەدا، واتای کارەکە پەیوەیست دەبێت بە واتای کارێکی دژواتاوە، یان دژئاراستەوە. لە راستیدا، لە ئەم واتایەدا بە هیچ جۆرێك ئاکاری (دووپاتی) نییە و رووداوی کارەکە هەر یەکپاتە. بۆ نموونە کە دەگوترێت (شیلان کراسەکەی فرۆشتەوە)، بە هیچ جۆرێك دووپاتی زاڵ نییە، مەگەر ئاوەڵگوزارەیەك هەبێت وەك (دیسان شیلان کراسەکەی فرۆشتەوە). لە نموونەی یەکەم دا دژواتایی زاڵە و واتای دووبارە فرۆشتنەوەی کراسەکە نابەخشێت. لە رستەی دووەم دا، بە زەبری ئاوەڵکاری (دیسان) واتای دووبارە فرۆشتنەوە زاڵ بووە. بە ئەم پێیە نەخشەی هەر دوو رووبەری (A) و (B) بە ئەم چەشنە لێك دەخشێن:

یەکەم: لە واتای رستەی یەکەم دا، رووبەری (B) بەشێك لە رووبەری (A) دادەپۆشێت، وەك:




**دووەم: لە رووبەری ( B + A ) رووبەری ( B) زاڵە چونکە رووبەری A داپۆشراوە.**

**سێیەم: ئەگەر رستەی دووەم بە کار هات، ئەوا بە زەبری (دیسان) رووبەری ( B ) لادەچێت و رووبەری (A) زاڵ دەبێت، وەك:**





**چوارەم: بە پێی خاڵی پێشوو، رستەی دووەم بە سەربەخۆیی لە رووبەری ( A) دا واتا دەداتەوە.**

**پێنجەم: بە پێی خاڵەکانی پێشوو، واتای ( B) سەربەخۆتر و زاڵترە و هەر خۆی دەردەکەوێت، ئەگەر هۆکارێکی دەرەکی وەك(دیسان) بەراویتەی نەکات، لە ئەم (گەمە دوولایەنە)دا.**

## ٤:١٠: ئاکاری واتاگۆڕی:

**بە هەمان شێواز وەك لە کۆپلەی پێشوودا باس کرا، واتای گۆڕاو دووپاتی تێدا نییە و واتای گۆڕاو زۆر زاڵترە لە واتای دووپاتی، بە ئەم شێوەیە:**

**یەکەم: ئەگەر (شیلان پارەکەی بردەوە)، ئەوا ئاکاری واتاگۆڕی زاڵترە چونکە رووبەری ( C) رووبەر (A) دادەپۆشێت.**



دووەم: ئەگەر گوترا، (دیسان شیلان پارەکەی بردەوە) هەڵویستەکە دەگۆڕێت چونکە واتای (A : بردن) گۆڕاوە و ترازاوە لە واتای ( C: بردنەوە). واتە، رەنگە واتای (بردن) دووبارە بووبێتەوە، وەك:

شیلان بۆ دووەم جار پارەکەی بردەوە.

یان، رەنگە واتای (بردنەوە) دووبارە بووبێتەوە، وەك:

شیلان دیسان پارەکەی بردەوە.

سێیەم: ئەو دوو رستەیەی خاڵی دووەم لە یەکتری دەچن و جارێکی تر ئاڵۆزی پەیدا دەبێت لە نێوان (بردن) و (بردنەوە) دا. لە ئەم ئاستە دا. دەبێت کارەکان بگۆڕین، وەك:

شیلان بۆ دووەم جار پارەکەی گەڕاندەوە.


شیلان بۆ دووەم جار پارەکەی دەست کەوتەوە.

چوارەم: لەوانەیە لە خاڵی سێیەمدا واتای دژواتایی پەیدا ببێت، وەك:

شیلان بۆ دووەم جار پارەکەی هێناو بردیەوە.

شیلان بۆ دووەم جار پارەکەی دۆڕاند و بردیەوە.

### ٥:١٠: گەمەیەکی سێ لایەنە:



A

دووپاتی A C B

له نموونەیەك دا، وەك:

شیلان پارەکەی بردەوە

به ئاشکرا دیارە کە زاڵبوونی واتای (ەوە) به ئەم چەشنە:

یەکەم: بە راستەوخۆ و بەرەوانی واتای رووبەری سەرەوە ( C) زۆر زاڵە و هەردوو واتای ( B) و (A) لا دەچن. بێ گومان، واتای ( C) وەك ئەوە وایە کە بڵێین (شیلان، بە یاری، پارەکەی بردەوە).

دووەم: ئەگەر واتای ( C) لە بیردا لابەین و فەرشی ( C) هەڵ بگرین ئەوا ئەوسا بە ئاشکرا، واتای ( B) کە بریتی‌یە لە (دژواتایی) زاڵ دەبێت بە سەر واتای (دووپاتی) دا. بێ گومان، واتای ( B) وەك ئەوە وایە کە بڵێین (شیلان پارەکەی هێناو شیلان پارەکە بردەوە). واتە، کاری (بردنەوە) بووە بە تەواوکەر بۆ رووداوی کاری دژواتا (هێنان).

سێیەم: پاشان، ئەگەر هەردوو واتای ( C) و (B) لابەین، یان ئاوەڵگوزارەیەکی دووپاتی بە کار بهێنین، دەبینین کە واتای ( A) زاڵ دەبێت و سیمای دووپاتی دەچەسپێت، وەك (یەکەم جار شیلان پارەکەی برد و هێنایەوە و دووەم جار شیلان پارەکەی بردەوە)

## ٦:١٠- زاڵبوونی واتایی لە پاشگری (ەوە)دا.

بە پێی کۆپلەی پێشوو، ئەگەر ئاوەڵگۆریەك بە کار نەهات و پاشگری (ەوە) راستەوخۆ و بە بێ رتووش بەکار هێنرا ئەوا پلەی زاڵبوونی هەر سێ واتاکە بە ئەم چەشنە:


پلەی یەکەم: بەخشینی واتای گۆڕاو (واتاگۆڕی).

پلەی دووەم: بەخشینی واتای (دژواتایی).

پلەی سێیەم: بەخشینی واتای (دووپاتی).


هەر لە بەر ئەوە، لە ئەو نەخشەیە دا کە لە کۆپلەی پێشوودا نیگارکراوە، سەرنجێکی ورد دەری دەخات کە رووبەری ( C) لە سەر رووبەری ( B) راخراوە و رووبەری (B) لە سەر رووبەری (A) داخراوە. کەواتە، تا رووبەری (C) لا نەچێت رووبەری (B) نابینرێت و تا رووبەری ( C) و (B) لا نەچێت رووبەری (A) نابینرێت. ئەمەش بە جۆری هێڵەکانی نیگارەکە دەردەکەوێت.

لە لایەکی دیکەوە، وەك واتای (دووپاتی) گشتییە و واتای (دژواتایی) و (واتاگۆڕی) گشتی نییە، مەرج نییە هەموو کارێك رووبەری ( C)ی هەبێت و ئەوسا راستەخۆ رووبەری ( B) دەبینرێت، کە بریتییە لە دژواتایی:




بۆ نموونە (ناردنەوە) واتا گۆڕی تێدا نییە و رووبەری ( C) پێویست نییە و یەکسەر رووبەری (B) هەیە و رووبەری (A) داپۆشیوە.

پاشان ئەگەر لە کارەکە دژواتایی نەبوو، ئەوا رووبەری ( B) لادەچێت یە یەکسەر رووبەری (A) دەبینرێت:




بۆ نموونە، ئەگەر گوترا (دیوارەکە رووخایەوە) هەر واتای دووپاتی ( A) دیارە.

کەواتە، لە ئاستی واتاکانی پاشگری (ەوە)، کاری زمانەکە دابەش دەبن بۆ سێ خێزان:

خێزانی یەکەم: هەر سێ رووبەری ( A) و ( B) و (C) لە سەر یەك داخستووە و (A) لە ژێرەوە دایە، وەك (بردنەوە).
خێزانی دووەم: هەر دوو رووبەری ( A) و (B) راخستووە و (A) لە ژێرەوەدایە، وەك (ناردنەوە).
خێزانی سێیەم: هەر فەرشی ( A) راخستووە، وەك (رووخانەوە).
بە سەرنجێکی ورد، دەبینین کە هەر سێ خێزانەکە رووبەری ( A) یان هەیە هەر لە بەر ئـەوە ئەگـەر رووبەری ( C) و (B) لابران، ئەوا فەرشی ( A) هەر دەمێنێتەوە و واتای (دووپاتی) دەبێت بە گشتی بۆ هەموو.

## ١٠ :٧- پانۆرامای واتاکانی " ەوە "

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا، دەتونین پانۆرامەیەك لەسەر توانای واتایی لە پاشگری (ەوە) پێش کـەش بکـەین. بێ گومان، جۆرە ئیشی ئاوها هەموو بابەتەکان کۆ دەکاتەوە لە خشتەیەك دا، یـان لـە لاپەرەیـەکی ئەلـبوومی ڕیـزمانەکەدا. لەسـەر خشـتەی داهاتوو، پانۆرامایەك دروسـت دەکـەین و هـەموو واتـا فیـزیاوی بەرجەسـتەکان ریـز دەکـەین و پاشـان لـە بەرامبەری هەر واتایەك خانەیەك داداەنێین بۆ واتای خوزراو. لە راستیدا، واتای خوزراو لە ئەم نووسینەدا بە وردی باس نەکراوە بەڵام ئەوەی سەرەتا بێت بریتییە لە واتای بنجی و لـە پـاش ئێمەش کەسانێك دەبێت کە درێژە بە ئیشەکانی ئێمە بدات. لە گەڵ ئەوەش دا، نـابێت واتـای خـوزراو بێبایـەخ بکەین، چونکە بە تەرازووی واتاسازی، بەرامبەر بە هـەر واتایـەکی بـنجی واتـای خـوزراو هەیـە. واتـە، زمـان ئەگـەر نیوەی یەکەمی بنجی نائاشکرابێت ئەوا نیوەی دووەمی خوزراوە لە نیو بنجییەکەی.

| | واتای فیزیاوی | واتای خوازراو |
|---|---|---|
| بێ پاشگری (ەوە) | واتای ئاسایی یەکلۆ | دەست (بڕین) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بڕین (بە هەرە) | | |
| لەگەڵ پاشگری (ەوە) | واتای دووپاتی دیسان (دانەوە) | | دەنگ دانەوە |
| | دژ واتایی کڕینەوەی چشتێك | | خۆکڕینەوە |
| | واتاگۆڕی | ئەنجامدان ١٠٠٪ بڕینەوە | یەکلایی کردنەوە کێشە بڕینەوە |
| | | ئەنجامدان بەریتم جوولانەوە | جوولانەوەی کۆمەڵایەتی |

## سەرچاوەکان

لە بەر ئەوەی بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە هەر پاشگری دووپاتی (ەوە) دەگرێتەوە، کەڵك لە بڵاوکراوەکانی خۆمان لە هەندێك سەرچاوەی دیکە وەرگیراوە بە راستەوخۆیی. لەگەڵ ئەوەش دا، کەڵك وەرگیراوە لە هەندێك ئیشیدیکە، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ یان بە شێوەیەکی نوختەیی،وەك لە خوارەوە ریزکراوە:


١– د. شێرکۆ بابان، چەند لێکۆلینەوەیەکی بلاو نەکراوەوە لە سەر پاشگری دووپات کردنەوە (ەوە).

٢– د. شێرکۆ بابان، پاشگری دووپات کردنەوە (ەوە) لە شیتەڵکاریدا، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە ٩٥، ساڵی ١٩٩٩.

٣– د. شێرکۆ بابان ،واتاسازی لە پاشگری (ەوە)دا، گۆڤاری (رۆشنبیری کوردستانی) ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٩.

٤– رەئووف ئەحمەد ئالانی، کێشەیەك لە رێزمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨١.

٥– د. شێخ محەمەدی خاڵ، پێشگر و پاشگر،کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم ،بەغدا ١٩٧٣..

٦– د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاوگی سادە میحوەرێکە بۆ دروست کردنی چاوگی نوێ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤٦)، ساڵی ١٩٨٦.

٧– د. نەسرین فەخری، پاشگر و پاشگری (ڤە، یان وە) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم ،بەغدا ١٩٧٣.

٨– د. نەسرین فەخری، چاوگی بێواتا لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٧٣.

٩– د.ئەورەحمانی حاجي مارف، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧.

١٠– مەسعوود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، بەغدا ١٩٨٨.
١١ –لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
١٢– د. فەتاح مامە علی،ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٨.
١٣– د. تالیب حوسێن عەلی،هەندێك لایەن لە پەیوەندی نێوان رستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلاحەدین ، هەولێر ١٩٩٨.
١٤– د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی،ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم لە بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٨٢.
١٥– نووری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٥٨.
١٦–مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
١٧–مەسعوود محەمەد، هەڵدانەوەی چەند رووبەرێکی زمانی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی ٥ ،بەغدا ١٩٧٧.
١٨–مەسعوود محەمەد، بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.
١٩–د.ئەورەحمانیحاجي مارف، وشەی زمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥.
٢٠– د.وریا عومەر ئەمین، ئەلەمۆرفی ڕێزمانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢)، ساڵی ١٩٨٩.
٢١– رەئووف ئەحمەد ئالانی، دیاردەیەکی زمانەوانی، نووسەری کورد، ژمارە ٨، سالی ١٩٨٢.
٢٢– د.ئەورەحمانی حاجی مارف، گیرگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی ، هەمان سەرچاوەی (٢٠).

**٢٣– عـەبدوڵا عەزیـز محەمـەد، گۆڕانی واتای وسە  لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلاحەدین ، هەولێر ١٩٨٩.**

٢٤– احمد مختار عمر،علم الدلالة، مكتبة دار العروبة، ١٩٨٢.

٢٥– ف بالمر، علم الدلالة، ترجمة مجيد الماشطة، جامعة المستنصرية، بغداد ١٩٨٥.

٢٦– انطوان الدحاح، معجم قواعد اللغة العربية، بيروت ١٩٩٧.

٢٧– د . علي زوين، مننهج البحث العلمى بين التراث و علم اللغة، سلسلة افاق، بغداد ١٩٨٦

28- HOOPER, English verbs, BARRONS educational series, USA 1991.

29-

verbs, HATIER, Paris 1980.

30- BESCHERELLE 3, la grammaire pour tous, HATIER, Pais 1990.

31-

Collection BESCHERELLE, HATIPER, Paris 1995.

32- G. YULE, The study of language, Cambidge university press, U.K 1988.

# فەرهەنگۆك

| كوردى | عەرەبى | ئینگلیزى |
|---|---|---|
| أ | | |
| ئاست | مستوى | Level |
| ئاشكرا | صريح | Indicative |
| ئاكار | صفة ، سمة | Feature |
| ئامرازي پەيوەندي | حروف الجر | Preposition |
| ئاوێتە بوون | التفاعل | Reaction |
| ئەرێ | حالة الاثبات | Affirmative |
| ئەندازە | المعيار، المقياس | Criterion |
| ئەندازياري | الهندسي | Geometric |
| ئەرك | الوظيفة | Function |
| ئەرك گۆركى | التبادل الوظيفي | Function change |
| چێوبەند، چێوە | الهيكل، الشكل | Structure frame |
| ئێستايى | حالة الحاضر | Present |
| ئاوەڵگوزارە ، ئاوەڵكار | الظرف | Adverb |
| ئاخاوتن ، گوفتار | الكلام | Parole |
| ئيلاستيك ، شلك | مرن، قابل للتشكيل | Elastic |
| ئاراستە، رووكار | الاتجاه | Direction |
| ب | | |
| بارگە | الشحنة ، الحمل | Charge |
| بەردەوامى | الحالة الاستمرارية | Continuity |
| بەركار | المفعول به | Object |
| بەركارى لكاو | المفعول النتصل | Implicit Object |
| بەجێ | معقول ، منطقي | Logical reasonable |
| بەڵگە | دليل | Evidence |
| بەراوێتە كردن | اجهاض | Abortion |
| بەركاري جودا | المفعول المنفصل | Object |
| بەركاري ناراستەوخۆ | المفعول غير المباشر | Indirect object |
| بكەر | الفاعل | Subject |
| بكەري لكاو | الفاعل المتصل | Implicit subject |

| | | |
|---|---|---|
| بزوێن | حرف علة | Vowel |
| بکەري دەرکی | الفاعل | External Subject |
| بنج | جذر الفعل | Radical (stem), root |
| برگە | المقطع الصوتي | Syllable |
| برگە ڕێژی | اعادة تركيب المقاطع | Resyllabication |
| بزرۆكە | الكسرة المختلسة | Schwa ( ) |
| بوونی یاریدە | فعل الاسناد | Verb (to be) |
| بارو سەربار | المضاف و المضاف اليه | Noun complement |
| بنەما | قاعدة | Rule |
| بگۆر | متغير | Variable |
| بزاڤ | نشاط | Potential |
| پ | | |
| پارچۆلکە، ڕەگەز | العنصر ،الجزيئة | Element, Particle |
| پێشگر | سابقة | Prefix |
| پێشکار | مايسبق الفعل | Pre-verb |
| پلیکانە | الشكل الهندسي | Configuration |
| پۆلین کردن | التصنيف | Classification |
| پیتی کپ | حرف صامت | Silent |
| پیتی بزوێن | حرف علة | Vowel |
| پەل و پۆ | توابع الجملة | Accessory |
| پاشگر | اللاحقة | Suffix |
| پۆل | صنف | Class |
| پیادەکردن، چەسپاندن | التطبيق | Application |
| پەرپووت | غير منتظم | Irregular |
| پاشپرت، پرتك | اللواصق | Clitics |
| ت | | |
| تاك | المفرد | Singular |
| تێپەر | فعل متعدي | Transitive |
| تێنەپەر | فعل لازم | Intransitive |
| تێکچوونی ڕوخسار | تغير الشكل (تشكيل) | Deformation |
| تێپەڕاندن | جعل اللازم متعديا | Trasifing |
| تەم و مژ | الغموض | Ambiguity |
| تاف | مرحلة | Stage |
| تەکنیك | تقنية | Technique |

| | | |
|---|---|---|
| | | ج |
| Mobility | تغير الموضع (تحرك) | جیٚگۆرکیٚ |
| Mobile | متحرك | جیٚگۆر |
| Pronoun | ضمير | جێناو |
| Implicit Pronoun | ضمير متصل | جێناوی لکاو |
| Explicit Pronoun | ضمير منفصل | جێناوی جودا |
| Hidden Pronoun | ضمير مستتر | جێناوی نادیار |
| Immobile | ساكن | جیٚنەگۆر |
| Demonstrative Pronoun | اسم اشارة | جێناوی نیشانە(ئاماژە). |
| | | چ |
| Structure | الهيكل | چێوە ، چێوەبەند |
| Infinitive | المصدر | چاوگ |
| Row | الصف الافقي | چین |
| | | خ |
| Box | الصندوق، الخلية | خانە |
| Possession | التملك | خاوەنێتی |
| Friction | احتكاك | خشان (لێك) |
| | | د |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Tenses | ازمنة الفعل | دەمكات |
| Subjunctive | الطلب، حالة التمني | داخوازی، نیازداری |
| Derivation | الاشتقاق | دارشتن |
| Phase | طور | دیو |
| Aid | وسيلة | دەستەبەرە، کەرەستە |
| Preface | الابتداء | دەستپێك |
| Feed | تطعيم | دەرخوارد، متوربە |
| Opposite meaning | المعنى العكسي | دژ واتایی |
| Opposite direction | عكس الاتجاه | دژ ئاراستە |
| | | ر. |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێنووس | الاملاء | Orthography |
| ڕانەبردوو | المضارع | Present |
| ڕابردوو | الماضي | Past |
| ڕابردووی نزیك | الماضي القريب | Simple Past |
| ڕابردووی بەردەوام | الماضي المستمر | Continuos Past |
| ڕابردووی دوور | الماضي البعيد | Plu-Perfect |
| ڕابردووی تەواو | الماضي التام | Past Perfect |
| ڕوخسار | الشكل | Form, Morphology |
| ڕووداو | الحدث | Action |
| ڕەگەزە ناسکەکان | العناصر الرقيقة | Soft Elements |
| ڕوودانی واتایی | الحدث غير الفيزياوي | Non- physical action |
| ڕوودانی فیزیاوی | الحدث الفيزياوي | Physical action |
| ڕیز | الصف | Row, string |
| ڕستە | الجملة | Sentence |
| ڕێك | منتظم | Regular |
| ڕستە سازی (سینتاکس) | النحو | Syntax |
| ڕیز | الصف، الرتيبة | String |
| ڕیزگۆڕین | اعادة ترتيب | Rearrangement |
| ڕێژە | الصيغة | Derived From |
| ڕێژەی بنەرەت | صيغة الاساس | Matrix forms |
| ڕۆنان | بناء الكلمة | Build up |
| ڕێژەی ڕۆنراو | الصيغة المبنية | Built up Forms |
| ڕەگ | الجذر | Root |
| ڕەفتار | السلوك | Behavior |

ز

| | | |
|---|---|---|
| زاراوە | مصطلح | Term |
| زمان | اللغة | Language |
| زمانەوانی | علم اللغة | Linguistic |
| زمانی دایك، زمانی شیری | لغة الام | Native or mother language |
| زنجیرە | سلسلة | Chain |

س

| | | |
|---|---|---|
| ستوون | العمود | Column |
| سەرەتایی | الابتدائي | Initial |

| | | |
|---|---|---|
| ساده، سانا | بسيط | Simple |
| سوور | دورة | Cycle |
| سەخت، توند | صلب | Hard |

ش

| | | |
|---|---|---|
| شێواز | الاسلوب | Mood |
| شەبەنگ | طيف | Spectrum |

ك

| | | |
|---|---|---|
| کەڵك | فائدة | Interest |
| کار، کردار | الفعل | Verb |
| کەرەستە (ئامراز) | عدة، اداة | Tool |
| کەلێن | فاصلة | Space |
| کردار، کار | الفعل | Verb |
| کۆ | الجمع | Plural |
| کاری یاریدە | الفعل المساعد | Auxiliary |
| کێشە، ئارێشە | مشكلة | Problem |
| کاتی | موقت | Temporary |

گ

| | | |
|---|---|---|
| گۆکردن | التلفظ | Pronunciation |
| گومانداری | الحالة الشرطية | Conditional |
| گوفتار | الكلام | Speech, Parole |
| گیرفان | الجيب | Pocket |

ل

| | | |
|---|---|---|
| لێکدراو | المركب | Compound |
| لاوەکی | جانبي | Lateral |
| لارستەی ناو | العبارة الاسمية | Noun phrase (NP) |
| لارستەی کار | العبارة الفعلية | Verb phrase (VP) |
| لازمان، شێوەزار | اللهجة | Accent |

م

| | | |
|---|---|---|
| مۆرفیمی ئێستایی | الـــزاوجة (فعل الكينونة) | Copula |
| میكانیزم | آلية | Mechanism |
| متوربەكردن، دەرخوارد | تطعيم (التغذية) | Feeding |
| مێتۆدۆلۆژی، ڕێچكەسازی | طريقة البحث | Methodology |
| ن | | |
| ناسادە | مركب | Compound |
| نەرێ | حالة النفي | Negation |
| نەگۆر | ثابت | Invariable |
| نارێك | غير منتظم | Irregular |
| ناوگر | اللاحقة الوسطية | Infix |
| نیازداری | الحالـــة الانشـــائية (حالة | Subjunctive |
| نیشانە | العلامة | Sign |
| ناتەواو | ناقص | Defective |
| نابووت | معيوب | Defective |
| هـ | | |
| هێز ، برشت | القوة | Potential |
| هاندەر | دافع | Motive |
| هەرەمەكی | عشوائي | Random |
| هاوكێشە، ڕێسا | معادلة | Equation, formula |
| و | | |
| وشەسازی | الصرف | Morphology |
| وەرچەرخاندن | التحويل | Transformation |
| واتاسازی | علم الدلالة | Semantics |
| واتا | المعنى، المغزي | Meaning |
| ورد | ناعم | Soft |
| واتاگۆر | مغير المعنى | Meaning changer |
| واتاگۆری | نغيير المعنى | Meaning changing |

## بلاَوكراوەكانی نووسەر لە بواری ئەندازیاری دا

**یەکەم: بە زماني فەرەنسی**

**١– بەشدار بوون لە كۆنگرەی پایزانەی كۆمەڵەی فەرەنسا بۆ زانستی كانزاكان، پاریس ١٨–٢٠ ت١ ١٩٨٣، بە لێكۆلینەوەیەك لەسەر:**

*Etude de la resistance a lendommagement des galets de laminoire a chaud...*

**بلاَوكراوەتەوە لە كارنامەی كۆنگرەكە، لە پاریس، لە گۆڤاری:**

*Revue de metallurgie, No 9 80$^{e}$ annee paris septembre 1983 page 487*

المشاركة فى المؤتمر الخريفى للجمعية الفرنسية لعلم المعادن و البحث منشور في وقائع المؤتمر في مجلة (علم المعادن)، العدد ٩ ، السنة الثمانون، باريس، ايلول ١٩٨٣ ص (٤٨٧ ).

2 **لێكۆلینەوەیەك لەسەر:**

*Importance de phenomenes eletrochimique dans lendommagement dun acier peu allie.*

**بلاَوكراوەتەوە لە نۆیەم كۆنفراسي جیهاني بۆ دارزیني كانزاكان، لە شاري تورەنتو– كەنەدا، ٣–٧ حوزەیران ١٩٨٤ ،لا(١٧١–١٧٦).**

البحث منشور في وقائع المؤتمر العالمي التاسع لتأكل المعادن، مدينة تورنتو–كندا، ٣–٧ حزيران ١٩٨٤، ص(١٧١–١٧٦).

*Proceeding of 9th international congress on metallic corrosion Toraonto canada, june 3-7-1984 page 171- 176.*

**3– پێش كەش كردنی سیمینارو بەشدار بوون لە حەوتەم كۆنفراسي جیهاني بۆ بەرهەڵستي كانزاكان، لە شاري مۆنتریال– كەنەدا، ١٢–١٦ ئاب ١٩٨٥، بۆ بلاَوكردنەوەي لێكۆلینەوەیەك لەسەر:**

*Etude de lendommagement Sous Sollicitation multiple de super alliage recharges.*

(المشاركة و الحضور والقاء البحث في المؤتمر العالمي السابع لمقاومة المواد المنعقد في مدينة مونتريال في كندا ١٢–١٦ آب ١٩٨٥، منشور في وقائع المؤتمر ص (١٥٦٩–١٥٧٤ ).

*Proceeding of 7th interuational conference on the strength of metals and alloys montreal- Canada 12-16 Augest 1985 page 1569-1574*

**٤– لێكۆڵینەوەیەك لەسەر:**

*Etude de levolution micro-structural dun alliage base Cobalt sollicite en cyclage thermique.*

**بلاَوكراوەتەوە لە پاریس لە كۆنكرەی:**

*SFM - Fatigue a hante temperature, Paris , Jun. 1986*
(مؤتمر الكلال في درجات الحرارة العالية، الجمعية الفرنسية لعلم المعادن، باريس ١٩٨٦)

**دووەم: بەزمانی ئینكلیزی**

**٥– لێكۆڵینەوەك لەسەر:**

*Study of hard faced steels under thermal and tribological strains, Application to Copper- rolling.*

**چوارەم كۆنگرەي كۆنتیرۆد، لە شاري ئۆزاگا لە ژاپۆن ساڵي ١٩٨٥.**

(مؤتمر كونتيرود الرابع المنعقد في مدينة اوزاكا في اليابان–١٩٨٥)

**٦– لێكۆڵینەوەیەك لەسەر:**

*Surface morphology and contact nature in abrasion processes*

**گۆڤاري كۆلیجي پەروەردە بەرگي (٤) هەولێر ١٩٩٤**

(مجلة التربية المجلد ٤ العدد ٤، اربيل ١٩٩٤)

7– **لێكۆڵینەوەیەك لەسەر:**

*Effect of low values of surface roughness in abrasive wear mechanism*

**گۆڤاري زانكۆ،بەرگي (٦) ژمارە (٣) هەولێر ١٩٩٤**

(مجلة زانكو المجلد ٦ العدد ٣، اربيل ١٩٩٤)

**سێیەم: بەزماني عەرەبي**

**٨–لێكۆڵینەوەیەك لە گۆڤاري زانكۆ، بەرگی (٥) ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٢ لە ژێر ناوی:**

(تطوير سبانك الالمنيوم المستخدمة في تصنيع مكوك الغزل في مكائن الغزل والنسيج)
مجلة زانكو المجلد (٥) العدد (٢)، اربيل ١٩٩٤

**٩– لێكۆڵینەوەیەك لەسەر:**

(دراسة تأثير الاجهاد المسبق على مقاومة التآكل الميكانيكي لصلب منخفض الكاربون)

**كۆنگرەي زانكۆي تكریت، كانووني دووەم ١٩٩٢.**

**١٠– لێكۆڵینەوەیەك لەسەر:**

(مدى استخدام رمل ارضم في تهيئة قوالب السباكة بواسطة ماكنة الرج والعصر)، مؤتمر جامعة صلاح الدين، اربيل ١٩٩٣)

**لێکۆڵینەوە زانستییەکانی نووسەر لە بواری زمانەوانیدا**

**١–جیّ گۆرکێی جێناوی لکاو، رۆڵی بکەر و بەرکار، گۆڤاری کاروان ژمارە (٢)، ١٩٩٢.**

**٢– بلاوکردنەوەی پوختەی پرۆژەکە :**

*Programmable grammar of the Kurdish langnage*

**لە بلاوکراوەکانی زانکۆی ئەمستردام، پەیمانگای مەنتیق و زمان و کۆمپیوتەر، ژمارە** (Lp-95-02)

**٣–دەنگی کپ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١١٦)، هەولێر ١٩٩٧.**

**٤–رێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٢٠)، هەولێر ١٩٩٨**

**٥–برِشتی خانە رێزمانییە بۆشەکان لە نێو بیردا،گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (٩)، هەولێر ١٩٩٨.**

**٦–رەگەزە رێزمانییە ستوونییەکان، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١١٨)، هەولێر ١٩٩٨.**

**٧–لێکدانەوەی رستە بە ژمارە، گۆڤاری (نووسەری نویّ)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٨.**

**٨–پێنج پێشنیار بۆ زمانی رۆژنامەگەری، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٠)، هەولێر ١٩٩٨.**

**٩–چێوەی برِگەی دەنگسازی، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٦)، دهۆك ١٩٩٨.**

**١٠– جێناوی نادیار، گۆڤاری (نووسەری نویّ)، ژمارە (٣)، هەولێر ١٩٩٨.**

**١١–کۆلکە رێزمانییە دوو رەگەزەکان، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٠)، هەولێر ١٩٩٨**

**١٢–کێشەی کاری (هاویشتن) لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٨)، دهۆك ١٩٩٨.**

**١٣– ئامرازی پەیوەندی (ە) ، لە زمانی نووسیندا،گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٢٢)، هەولێر ١٩٩٨.**

**١٤– خشتەی لێکدانی بزوێن ،گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٤)، هەولێر ١٩٩٨.**

١٥– شێوەزاری گەرمیان بەبەراورد ، گۆڤاری (هاواری کەرکووك)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٨.

١٦– پانۆرامای مۆرفیمی ئێستایی (ـە)،گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١١)، هەولێر ١٩٩٨.

١٧– کێشەی روخساری جێناو، گۆڤاری (رواندز) ، ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٨.

١٨– بەرەو زمانی نووسین: مەکینەی وشە رۆنان، گۆڤاری (رامان) ، ژمارە (٢٨)، هەولێر ١٩٩٨.

١٩– میکانیزمی وەرچەرخان، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٨١)، دهۆك ١٩٩٨.

٢٠– میکانیزم لە بزاڤی جێگۆڕکێدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٧)، هەولێر ١٩٩٨ .

٢١–چەند نهێنییەك لە رێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)دا، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (٦)، هەولێر ١٩٩٨.

٢٢–کێشەی جێناوی کەسی دووەمی تاك لە زمانی نووسیندا،گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٨٣)، دهۆك ١٩٩٨.

٢٣– رێزمانی پاشکۆی (یەتی)، گۆڤاری (پەیڤ) ، ژمارە (٩)، دهۆك ١٩٩٨.

٢٤–کێشە و کەڵك لە رێزمانی کەسی سێیەمی تاکدا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٢)، هەولێر ١٩٩٨، ژمارە (١٣)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٥– بڕگەی دووبارە لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٨٧)، دهۆك ١٩٩٩.

٢٦–رێزمانەکە خۆی خۆی راست دەکاتەوە، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (٩)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٧–نەخشەی دابەشبوون لە رێزمانی بوون و هەبووندا، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٨– میکانیزمی زەبری بزوێن، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٣٢)، هەولێر ١٩٩٩.

٢٩– دوو رەگەزی رێزمانی بە بەراورد، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٩.

٣٠– ڕێژەی فەرمان، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٤)، هەولێر ١٩٩٩.

٣١– پاشگری دووپات کردنەوە (ەوە) لە شیتەڵکاری‌دا، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٩٠)، دهۆك ١٩٩٩.

٣٢– گەمەیەك لە گەڵ ئامرازی (ی)دا، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٤٠)، هەولێر ١٩٩٩/٨/٢٠.

٣٣– دەنگی کپ و دەنگی نیمچە کپ لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (١٠)، هەولێر ١٩٩٩.

٣٤– گەشتێك لە گەڵ جێناوی کەسی سێیەمدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٣٦)، هەولێر ١٩٩٩.

٣٥– جێناوی لکاو بە بەراورد، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٣٩)، هەولێر ١٩٩٩.

٣٦– تایبەتمەندێتی لە ڕێزمانی بوون و هەبووندا، گۆڤاری (بیاڤ)، ژمارە (٢)، هەولێر ١٩٩٩.

٣٧– ئامرازی بار و سەربار " ی"، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا) ، ژمارە (١٥)، هەولێر ١٩٩٩.

٣٨– لە ئەلبوومی نیمچەبزوێندا، گۆڤاری (پەیڤ) ، ژمارە (١٢)، دهۆك ١٩٩٩.

٣٩– جەبر و ڕێزمانی کوردی، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٤٨)، هەولێر ١٩٩٩/١٠/١٥

٤٠– واتاسازی لە پاشگری ( ەوە)دا، گۆڤاری ( ڕۆشتبیری کوردستانی)، ژمارە (١)، هەولێر ١٩٩٩.

٤١– لە پەراوێزی مۆرفیمی ئێستاییدا، گۆڤاری (هەڵەبجە)، ژمارە (٣)، هەولێر ١٩٩٩.

٤٢– گرێی دەنگسازی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٣٩)، هەولێر ١٩٩٩

٤٣– ڕێزمانی ئامرازی گەیێنەر، ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ( ١٥٧ )، هەولێر ١٩٩٩.

٤٤– ئامرازی ئاماژە ئامرازی‌گەیێنەر، گۆڤاری (مەتین) ، ژمارە (٩٥)، دهۆك

.١٩٩٩
٤٥- ئامـرازی ناسـاندن (ەکـە)، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (١٦)، هەولێر
.٢٠٠٠
٤٦- پلەی پۆلە جێناوەکان، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٤٢)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٧- گەشـتێك بە ناو واتای کاری سووتاندا، گۆڤاری ( رۆشتبیری کوردستانی)، ژمارە (٢)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٨- گەمەبـەك لـەناو ئامـرازەکانی ناساندندا، رۆژنامەی برایـەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٧٣)، هەولێر ٢٠٠٠.
٤٩- روخسارەکانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) ، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە ( ١٣)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٠- گەمەیـەك لـە گـەڵ مۆرفـیمی بۆشـدا، گۆڤـاری (کاروان)، ژمارە (١٤٤)، هەولێر ٢٠٠٠
٥١- بـنجایەتی لە هێزی تێپەڕین دا، رێزمانی بنەڕەت، گۆڤاری (رامان) ژمارە ( ٤٧)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٢- گەمەیـەك لەگـەڵ ئامرازی ئاماژەدا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (١٧ )، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٣- دۆخەکانی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (١٠١)، دهۆك .٢٠٠٠
٥٤-جێناوی سادە و جێناوی نسادە، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٠)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٥-تایـبەتمەندی لە جێناوی کەسی سێیەم دا، رۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٩٠)، هەولێر ١٨/٨/ ٢٠٠٠.
٥٦-رێـژەی نائاشـکرا لـە نیـازداری و گومـانداری دا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٤٨)، هەولێر ٢٠٠٠.
٥٧-نموونەیەك لە چاکسازی لە زمانی نووسیندا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (١٨)،

هەولێر ۲۰۰۰.
٥٨– بەرەو ڕێزمانی بڕگە ، گۆڤاری (ڕۆشنبیری کوردستانی)، ژمارە (۳)، هەولێر ۲۰۰۰.
٥٩– دەنگی (ت) لە روخساری جێناودا بە بەڵگە، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٢)، هەولێر ۲۰۰۰.
٦٠–چەند نهێنییەك لە ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی(ـە)دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٥٢)، هەولێر ۲۰۰۰.
٦١–ڕێژەی بکەر نادیار و چەند سەرنجێك، گۆڤاری(رامان)، ژمارە(٥٥)، هەولێر ۲۰۰۰ .
٦٢– ئامرازی پەیوەندی(بۆ) لە چەند سەرنجێك دا، رۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٢١٦)، هەولێر ٢٠٠١.
٦٣–رامانێك لەئاستی ناوی واتایی لە زمانی نووسین دا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٧)،، هەولێر ٢٠٠١.
٦٤–سێ میکانیزم بۆ دەرکەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (١٠٩)، دهۆك ٢٠٠١.
٦٥–گەمەیەك لەنێو بڕگەی دەنگسازی دا، گۆڤاری (پەیامی مامۆستا)، ژمارە (٢٠)، هەولێر ٢٠٠١.
٦٦–گەشتێك لە ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی دا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٥٥)، هەولێر ٢٠٠١.
٦٧– ڕێزمانی کەرەستەی (هەر) بەلێکدراوی، گۆڤاری (یەکبوون)، ژمارە (١٧)، هەولێر ٢٠٠١.
٦٨– کەرەستەی (هەر) لە شرۆڤەکاری ڕێزمانی دا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە (٥٩)، هەولێر ٢٠٠١.

# پاشکۆ

## کاکڵەی کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

لە ئەم پاشکۆیەدا، کاکڵەی زانستی ئەو شەش کتێبە دخەینەروو، کە لە پێش ئەم کتێبەی بەردەستدا بڵاو کراونەتەوە. لە ئەم پاشکۆیەدا، کتێبەکان دەناسێنین بە ڕێزمانووسان و بە ئارەزوومەندانی ڕێزمانی کوردی، ئەوانەی کە کەسانی هەڵبژاردەن و بابەتی ڕێزمان بووە بە کێشە لە بیریاندا. لە راستیدا، هەندێك لە کتێبەکان زۆر بە کەمی چاپ کراون و نەگەیشتوون بە بازاری فرۆشتن و هەر لە کتێبخانە و لەلای پسپۆرانی زمانی کوردی پارێزراون.

بە هیواین کە بتوانین بە شێوەیەکی جوانتر بابەتەکە بناسێنین بە خوێنەری ئازیز. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئەو چەند لاپەرەیەدا تەنها کاکڵەی بابەتەکان باسکراوە و زۆر بابەتی دیکەی پەیوەندیدار هەیە بەڵام پێویست ناکات هەر هەمووی ریز بکەین.

******

## کتێبی یەکەم

# ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی

شوێن وبەروار : هەولێر ١٩٩٦

ژمارەی چاپکراو: ٢٠٠دانە

ژمارەی لاپەڕە: ٢٢٦ لاپەڕە.

پوختەی ناوەڕۆکی کتێبەکە:

لـە ئـەم کێـبەدا بـاری بیردۆزیـی لێـك دراوەتـەوە لە ڕێزمانی کاردا. بۆ ئەم مەبەستە ڕسـتەی سـادەی یـەك کـاری و بـیٚ ئاوەڵکـارو ئـاوەڵگوزارە وەرگـیراوە و لەسـەری شـیتەڵکاری زانستی ئەنجام دراوە. لە ئەو کردەوەیەدا، هەر ڕستەیەك وردکراوەتەوە هەتا گەیشتووین بە ئەو کۆلکانەی کە خۆبەشن و ئیدیدابەشکردن پەسەند ناکەن. واتە، هەر نموونەیـەك داژەنـراوە بـۆ ڕەگەزە ڕێزمانی‌یەکانی و پاشان هەڵ بەستراوەتەوە بۆ ڕستەکە خۆی.

لـە ئـەم توێژیـنەوەیەدا، گەیشـتووین بە ئەو بۆچوونەی کە لە هەر ڕستەیەکدا (کار) یێـك هەیـە و ئـەو کارە بریتی‌یە لە ناوکی ڕستەکە. پاشان، لەهەر (کار) یێکدا (بنج) یێك هەیـەو ئـەو بنجە بریتی‌یە لە ناوکی کارەکە. واتە، نە ڕستە بەبیٚ (کار) چیٚ دەبێت و نە (کـار) یش بەبیٚ بنجەکەی خۆ دەگرێت. بە واتایەکی دیکە، لە هەر ڕستەیەکدا کارەکە بریـتی‌یە لـە (کوانـوو) و ئـەو کـارەش چـەند رووت بکرێـتەوە و هـەڵ سـووڕێنرێت پارچەیەکی هەر دەمینێتەوە، کە بریتی‌یە لە (بنج) ی ڕێژەی ڕانەبردوو لە کارەکەدا.

بـە ئـەم پیٚیـە (بنج)ی کار لە ڕستەدا کراوە بە خاڵی (سفر) ی بیرکاری و بەهەردوو دیوی ئەو خاڵە نەگۆڕەدا ڕەگەزە ڕێزمانی‌یەکان ڕیز کراون، وەك:

| | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ... | ٧- | ٦- | ٥- | ٤- | ٣- | ٢- | ١- | **سفر** | ١+ | ٢+ | ٣+ | ٤+ | ٥+ | ٦+ | ٧+ | .. |

لە ئەو ریز کردنەدا، خانەکانی لای راست نیشانەی کۆ (+) یان وەرگرتووە و خانەکانی لای چەپ نیشانە کەم (–) یان وەرگرتووە. پاشان، دەرکەوتووە کە هەر خانەیەك چەند ئاکارێکی هەیە وەك:

یەکەم: هەر خانەیەك ئەرکی ڕێزمانی خۆی هەیە.

دووەم: هەر خانەیەك لە ئەرکەکەیدا، بۆی هەیە چەند بارگەیەکی هەبێت، بەڵام هەر یەکێکیان پەسەندە لە یەك رستەدا.

سێیەم : جێگەی ئەندازیارانەی ئەو خانانە هەرەمەکی نییە، چونکە ناتوانرێت ریزی ئەو ژمارانە تێك بدرێت ، هەر ئاوهاش، ناتوانرێت جێی خانەکان تێکەڵ و پێکەڵ بکرێت.

چوارەم: ئەو نەخشەیە و ئەو خانانە بریتین لە نەخشەی خانەکانی نێو بیر و هەموو رستەی زمانەکە مل کەچن بۆی. واتە، هەر رستەیەك کە لەدەمی منداڵێکەوە دەردەچێت بەئەو شانەیە شانەکراوە و ئەوسا لەبیریدا چێ بووە .

پێنجەم: ئەو خانانە بە ئەو ریز بوونەوە، هەر هەموویان پێکەوە لە رستەیەکدا ریز نابن. واتە، ئەگەر خانەیەك پێوست نەبوو، ئەوا لادەچێت و ئەگەر هاتەوە ئەوا جێیەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، بەبێ بەرهەڵستی.

شەشەم: خانەکانی لای راست (+) پێنج بگۆری دەرەکی هەڵ دەگرن و خانەکانی لای چەپ پێنج بگۆری ناوەکی هەڵ دەگرن لەرەگی کاردا. واتە، سنووری پلیکانەی کار یازدە خانەیە و لەو خانانە بترازێت خانەی کۆلکەکانی دیکەی رستە دەست پێ دەکات.

حەوتەم: لەئەو ریزەدا، هەموو خانەکان جێ نەگۆڕن، تەنها خانەی (–٦) نەبێت کەریزە جێناوی (م،ت،ی،مان،تان،یان) هەڵدەگرێت. ئەم بارگەیە، هەر چەند جێگۆڕ بێت، بەڵام میکانیزمی جێگۆرکێی زۆر زۆر ئەندازیارانەیە و هیچ بارێکی هەرەمەکی پەسەند ناکات.

سەبارەت بەپلیکانەی خانەکانی لای راست (+)، (پلیکانەی پێشکار) دروست دەکەن بۆ ئەو پێنج رەگەزەی کە دەکەونە پێش رەگی کار بە ریزە، کەبریتین لە (پێشکاری بەردەوامی ، پێشکاری نەرێ، پێشگری واتاگۆڕ،بەکاری ناراستەوخۆ، بەکاری جودا). ئەو خانانەی لای چەپ پلیکانەی رەگی کار ) پێك دەهێنن بەریزە، کە بریتین لە ( رەگەزی تێ پەراندن ، رەگەزی بکەر نادیار، نیشانەی رابردوو، رابردووی دوور و تەواو ، مەبەست رستە لەنیاز و گومان).لە پاشتردا، ئەم دوو پلیکانەیە پێکەوە (پلیکانەی کار ) پێك دەهێنن. پاشان، بەسەر بارکردنی خانەکانی بکەری جوداو بکەری لکاو و بەکاری لکاو پلیکانەکە دەبێت بەپلیکانەی رستە. ئەمجار، ئەو کەرەستە رێزمانی‌یە دەبێت بەفلتەرێك، یان بە شانەیەکی بیرکاری‌یانە، بۆ پالاوتن و بۆ شانەکردنی رستەی زمانی کوردی. ئەم کەرەستەیە لە هەموو کتێبەکاندا لە پێشەوەدا بەکارهێنراوە و هەموو نموونەکانی پێ لەخشتبڕ دراوە. لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، ئەو کەرەستە رێزمانی‌یە بیردۆزەیی‌یە، تا ئێستا کاریگەری خۆی پیشان دراوە. لە ساڵی **١٩٩٣**دا توانرا کە بە پرۆگرامی کۆمپیوتەر رستەی زمانی کوردی رۆبنێن و هەڵی بسورێنین بەرووبەری زمانەکەدا. لە ساڵی **١٩٩٤**دا داوەتی زانستی کراین بۆ فاکولتی ماتماتیك و زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی ئەمستردام. لەئەوێ بابەتەکە پێش کەش کراو و بە پلەی( رەسەن، أصیل) دەرچوو. ئەمجار تۆمار کراو وبلاوکرایەوە بەسەر مەڵبەندە جیهانی یەکانی زمانەوانی‌دا. پاشان بۆ ئێمە نووسرا ( ئێمە چشتی زۆر فێر بووین لە ئەم دیدەنەدا ).

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئەو کەرستە رێزمانی‌یە پێش کەش کراوە بە وردی و بە جوانی و بازەکانی جێ گۆرکی لە سەری نیگارکراوە.

سەرنج: ئەم بابەتە بە زمانی ئینگلیزی، لە زانکۆی ئەمستردام پارێزراوە و خوێنەر دەتوانێت بە رێگای (ئەنتەرنێت)، یان بە رێگای (ئیمێل)، پێ بگات. ناونیشانەکە لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا، تۆمار کراوە.

### کتێبی دووەم

## میکانیزمە بنەڕەتی‌یەکانی رستە سازی

### رێزمانی بوون و هەبوون

شوێن و مێژوی بڵاوکردنەوە: هەولێر ١٩٩٧

ژمارەی چاپکراو : ٢٠٠ دانە

ژمارەی لاپەڕە : ٢٢٠ لاپەڕە

پوختەی ناوەڕوکی کتێبەکە:

لە پاش دانانی کتێبی یەکەم و گەیشتن بە چێوە رێژە کردنی باری بیردۆزەیی لە رێزمانی کارو رستەدا، تێ گەیشتن کە نهێنی رێزمانەکە لە رێزمانی ( بوون و هەبوون) دایە. ئەو رووبەرە زۆربەی میکانیزمە بنەڕەتی‌یەکانی رستەسازی لە ئامێز دەگرێت. بەتایبەتی، دوو میکانیزمی رستەسازی زۆر گرنگ:

میکانزمی یەکەم: میکانزمی وەرچەرخان. واتە، میکانیزمی وەرچەرخانی ئەرکی (بکەر) وئەرکی (بەکار) بە ( جێناوی لکاو)، لەنێوان رێژەی رانەبردوو رابردوودا، وەك:

ئێمە دە (ت) نێر (ین)

تۆ دە (ت) نارد (ین)

لەرستەی یەکەمدا جێناوی (ت) بریتی‌یە لە (بەکار) و جێناوی (ین) بریتی‌یە لە (بکەر). لە رستەی دووەمدا، بە تەواوی باری پێچەوانە دەچەسپێت. واتە جێناوی (ت) بریتی‌یە لە (بکەر) و جێناوی (ین) بریتی‌یە لە (بەرکار). بێ‌گومان، ئەم دیاردەیە زۆر لە رێزمانووسان هەستیان پێ‌کردووە، بەڵام نهێنی‌یەکەی و میکانیزمەکەی لە رێزمانی (بوون و هەبوون)دایە.

میکانیزم دووەم: میکانیزمی رۆنان. واتە میکانیزمي رۆنانی رێژەی رابردوو

بەریێژەکانی کاری (بوون). لە ئەم دیاردەیەدا، دەست داگیراوە لە سەر دەرکەوتەکانی کاری بوون لە روخساری ریێژەی رابردوودا، وەك:

ئەو رۆیشتووە (ـە)

ئەو رۆیشت (بوو)

بریا ئەو برۆیشت (با)

رەنگە ئەو رۆیشت (بێت)

لەراستیدا ، ئەو پارچۆلکانەی کەوانە ریێژکراون، دەگەرێنەوە بۆ کاری (بوون) و نهێنی ئەو دیاردەیە لە ریێزمانی کاری (بوون) دایە و بە دیاری کراوی لە ( میکانیزمی رۆنان ) دایە. هەر لەبەرە ئەوە، یەك بەش لە کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ ئەم میکانیزمە و بەشێکی دیکە بۆ میکانیزمی وەرچەرخان.

لەگەڵ هەموو ئەوەدا، دەرخراوە کە ریێژەی رانەبردوو بریتییە لە ( ریێژەی بنەڕەت ) و ریێژەی رابردوو بریتییە لە (ریێژەی رۆنراو ) لەسەر (ریێژەی بنەڕەت). ئەم بنەمایەش بووە بە چرای ریێگای ئێمە، لە گشت لێکۆڵینەوەکاندا. هەر لەبەر ئەوە، دووبەش لە کتێبەکەدا تەرخان کراوە بۆ ئەو دوو جۆرە ریێژەیە و بە وردی و بە جوانی هەموو نموونەکانی ورد کراونەتەوە و داژەنراون بۆ کۆلکە خۆبەشەکان، لە چەندین خشتەدا.

پاشان، ریێزمانی کەسی سێیەمی تاك بووە بە ریێنیشاندەری ئێمە بۆ گەڕان لە نێو بێشەی چڕی ریێزمانەکەدا. لە ئەم گەشتەدا ریێزمانی کەسی سێیەمی تاك و هەندێك لە نهێنییەکانیدا بین کراوە. هەر لەبەر ئەوە بەشی کۆتایی تەرخان کراوە بۆ ئەو بابەتە.

لە ڕاستیدا، لە بەر گرنگی ئەو بابەتانەی سەرەوە، کاری (بوون و هەبوون) پڕ بایەخ بوون لە ئیشەکەدا. واتە، کتێبەکە ناونرا (میکانیزمە بنەڕەتییەکانی رستە سازی: ریێزمان بوون هەبوون). بێ گومان ئەرکی (بوون و هە بوون) و رۆڵی لە ریێزماندا زۆر زۆر گرنگە و جێی ئەو دوو میکانیزمە سەنگین و رەنگینە دەکەنەوە.

سەبارەت بە (بوون و هەبوون) خۆیان، دەرخراوە کە (هەبوون) لە پەراسووی (بوون) دەرهێنراوە، بۆ واتای تایبەتی (هەبوون). پاشان هەر دوو کارەکە بە وردی و بە سفتی دراون لە پلیکانەی رستە و شیتەڵ کراونەتەوە بۆ رەگەزە ریێزمانییەکان.

لە ئەم کردەوەیەدا کاری (بوون) دابەش کراوە بۆ سێ جۆر، وەك:

جـۆری یـەکـەم: بوونـی بوونایـەتی. واتـە، ئـەو بوونـەی کـە پاشـگری دووپـاتی (ەوە) وەردەگرێت وجودا دەبێتەوە لە (بوون)ی ئاسایی و لە (هەبوون).

جـۆری دووەم: بوونـی ئاسـایی، واتـە ئـەو جـۆرە بوونەی کە بە هیـچ جۆرێك پاشگری دووپاتی وەرناگرێت.

جۆری سێیەم: کاری (هەبوون). واتە ئەو بوونەی کە پێشگری (هە)ی وەرگرتووە و لە (بوون)ی ئاسایی (جۆری دووەم) جودا بووەتەوە بۆ واتایەکی تایبەتی.

لەگـەڵ هـەموو ئـەوەدا، دەرخـراوە کـە هەرسێ جۆرەکەی ( بوون) وەدەرچەرخێنین بەرەو ( تێپەڕ) و هەر لەبەر ئەوە ( میکانزمی وەرچەرخان) یان داهێناوە و چەسپاندویانە بەسـەر زمانەکەدا. لەئەم ئاستەدا، پێوستە کەخشتەیەك پێش کەش بکەین بۆ جۆرەکانی ( بوون ) و بـۆ ( هێـزی تـێ پـەرین) و بۆ نموونە رێژکردن. ئەمەش، بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز رابهێنین لەگەڵ بابەتەکەدا، لەئەم پوختە چڕو پڕو دژوارەدا.

| جۆرەکانی بوون | هێزی تێپەڕین | دەمکات | |
|---|---|---|---|
| | | رانەبردوو | رابردوو |
| بوونی بوونایەتی | تێنەپەڕ | ئەو دەبێت | ئەو بوو |
| | تێپەڕ | ئەو دەی بێت | ئەو بووی |
| بوونی ئاسایی | تێنەپەڕ | سەرمایە | سەرمابوو |
| | تێ پەڕ | ئێمە سەرمامانە | ئێمە سەرمامان بوو |
| هەبوون | تێ نەپەڕ | پارە هەیە | پارە هەبوو |
| | تآپەر | من پارەم هەیە | من پارەم هەبوو |

لەراسـتیدا، بابەتەکـە زۆر سـەخت و ئـاڵۆزە و ئێمـە هـەر ئـەو هەندە دەتوانین لەئەم پوختەیـەدا پێش کەش بکەین.

### کتێبی سێیەم

## دانیامیزمی جێناوی لکاو لەرستەسازیدا

شوێن و بەروار : هەولێر ١٩٩٧

ژمارەی چاپکراو: ٣٠٠ دانە

ژمارەی لاپەڕە : ٢٢٧ لاپەڕە.

پوختەی ناوەرۆکی کتێبەکە:

لەپاش ئەوەی هەردوو کتێبی پێشوو نووسرانەوە، ریزێك، یان بڵێن، خەرمانێك لە زانیاری دەربارەی جێناوی لکاو کۆکرایەوە. واتە، زانرا کە رۆڵی جێناو چەند کاریگەرە لە رێزمانی رستەدا.

لەئەم کتێبەدا، لە داینامیزم و چالاکی جێناو دەکۆڵینەوە، لە رێژەی تێنەپەڕ و رێژەی تێپەڕی زمانەکەدا. یان، لە رانەبردوودا و لە رابردوودا و لە رێژەی فەرماندا. لە یەکەم هەنگاودا، دابین کردنی هێزی تێنەپەڕین باس دەکەین ولە دووەم هەنگاودا دوو کۆمەڵە جێناو دیاری دەکەین لەرێژەی بنەرەت (رانەبردوو)دا، وەك:

پۆلی یەکەم: ( م، یت ، ین ، ن ، ن)

پۆلی دووەم (م، ت، ی، مان، تان، یان)

پۆلی یەکەم لەرۆڵی بنەرەتی ( بکەر ) دایە و هەر لەبەر ئەوە ناو نراوە بە ( پۆلی یەکەم) و پۆلیدووەم لە رۆڵی بنەڕەتی ( بەرکار) دایە. ئەم پۆلەی دوایی ( پۆلی دووەم) لەرووبەری زمانەکەدا جێگۆڕاوە، چونکە دەبێت بەبارگەی خانەی [-٦] لەبەرانبەردا، پۆلی یەکەم جێ نەگۆرە و لەخانەی (-٧)دا دادەنیشێت.

لەپاشتردا، دەرخراوە کە چۆن ریزە جێناوی پۆلی یەکەم، لەرانەبردووی کاری (بوون)دا، دەگۆڕێت، بە ئەم شێوەیە:

یەکەم: جێناوی کەسی سێیەمی تاك(ێت) دەبێت بە (نادیار).

دووەم: هەرشەش جێناوەکە مۆرفیمێکی ئیستایی(ـە) دەشارنەوە، وەك:

پۆلی یەکەم : (م/ ـــە، یت/ ـە، –/ ـە، ین/ ـە، ن/ ـە، ن/ ـە)

سێیەم: ئاشکرابوونی مۆرفیمی(ـە) لەکەسی سێیەمی تاکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە جێناوەکە نادیارە.

ئەوەی باسکرا تەنیا( بوون و هەبوون)ی تێنەپەڕ دەگرێتەوە. لە دیوی تێپەڕدا، میکانزمی دەرچەخان دەچەسپێت و ئەرکی هەردوو پۆلە جێناوەکە دەبێت بە پێچەوانەی تەواو، وەك:

پۆلی یەکەم : (م/ ـە، یت/ ـە، –/ ـە، ین/ ـە، ن/ ـە، ن/ ـە)

دەبێت بە (بەرکار) بەئەو ئارایشتەوە.

پۆلی دووەم: ( م، ت، ی ، مان، تان، یان) دەبێت بە(بکەر)

ئەوەی تا ئێستا گوترا، بریتیبوو لە (ڕێژەی بنەڕەت). لەرابردوودا، رابردووی تەواو جودا دەکەینەوە لەرابردووی ( نزیك، بەردەوام، دوور)، چونکە گیانی ئێستایی هەڵدەگرێت. ئەمەش بریتییە لە نەخشەی دابەشبوونی جێناو لە رابردودا.

یەکەم: رابردووی تەواوی تێنەپەڕ:

پۆلی یەکەم=(بکەر) : (م/ ـە، یت/ ـە، –/ ـە، ین/ ـە، ن/ ـە، ن/ ـە)

دووەم: رابردووی تەواوی تێپەڕ:

پۆلی یەکەم= (بەرکار): (م/ ـە، یت/ ـە، –/ ـە، ین/ ـە، ن/ ـە، ن/ ـە)

پۆلی دووەم=( بکەر )؛ ( م، ت، ی ، مان، تان، یان)

سێیەم: رابردووی ( نزیك، بەردەوام، دوور ): تێنەپەڕ:

سەرنج: تەنها لە پۆلی یەکەمدا مۆرفیمی ئێستا(ـە) دەردەهاوێژرێت.

پۆلی یەکەم=(بکەر) : (م/ –، یت/ –، –/ –، ین/–/ ن/ –، ن/ –)

چوارەم: رابردووی ( نزیك، بەردەوام، دوور) :تێپەڕ

پۆلی یەکەم : ( بەرکار) : (م/ –، یت/ –، –/ –، ین/–،/ ن/ –،ن/–)

پۆلی دووەم: ( بکەر) : (م، ت، ی، مان، تان، یان)

بەئەم چەشنە، ڕێزمانی جێناوی لکاو لە ڕۆڵی ( بکەر ) و ( بەرکار) داپین دەبێت. لەرووبەری زمانەکەدا.

لەئەم کتێبەدا، لەچەندین جێدا مکانیزمی وەرچەرخان، لەئەرکی جێناودا، نیگارکراوە ولەچەند جێیەکی دیکەدا، مکانیزمی ڕۆنان لە ڕێژەی رابردوودا نیگارکراوە .ئەمانەش هەر بۆ ئەوەی کە بتوانین ( سووڕی جێناو لە ڕستە سازیدا) دیاری بکەین و ڕێچکەی نادیاری لە روخساری جێناوی کەسی سێیەمی تاکدا نیگار بکەین. لە لایەکی دیکەوە، یەك بەشێکی تەواو تەرخان کراوە بۆ جێناوی تەواوکەر لە چەشنی (م، ت، ی، مان، تان، یان). لە پاشتردا، بە شتێکی فراوان تەرخان کراوە بۆ تێکچوونی روخساری جێناوی لکاو لە گوفتار و لە ڕێنووسدا. بێگومان، داکۆشان لە سەر ئەوە کراوە کە نابێت دەنگی (ت) لە هەردوو جێناوی (یت) و ( ێت)دا بکرتێنرێت.

سەرەرای گشت ئەوە، میکانیزمی جێگۆرکێ لە پۆلی دووەمدا (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە چەندین جێگە و لە چەند دەروازەدا باس کراوە و هەموو بازەکانی بەسەر پلیکانی رستەدا لە خشتێ دراوە و ڕێزمانەکەی نیگارکراوە بە جوانی. لەبەشی کۆتاییدا، بەشێك تەرخان کراوە بۆ چەند پاشکۆیەك بۆ جێناو و تێیدا ئەم بابەتانە باس کراوە: (جێبازەکانی جێگۆرکێ، گیرفانی خانە ڕێزمانییەکان، هێزی جێ گۆرکێ، پلەی ئاڵۆزێتی جێگۆرکێ، پۆلین کردنی رستە بەپێی جێگۆرکێ، ئاخاوتنی گەرمیان، پۆلین کردنی دەمکاتیڕێژە، پۆلین کردن لە نێوان ڕێژە و جێناودا).

بە ئەم شێوازە، ئەم کتێبە ئەم ڕەگەزە ڕێزمانییە چالاکە گەمارۆ دەدات و پەی دەبات بەزۆربەی زۆری نهێنییەکانی.

## کتێبی چوارەم

# نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار

**شوێن و بەروار : هەولێر ١٩٩٩**

**ژمارەی چاپکراو: ٩٠٠ دانە**

**ژمارەی لاپەڕە : ١٦٠ لاپەڕە**

**پوختەی ناوەڕۆکی کتێبەکە:**

**ئەم کتێبە لە ڕێژە دەکۆڵێتەوە لە رووی ڕۆنانەوە و نەخشە دادەڕێژێت بۆ هەموو رووبەرەکانی ڕێژەو پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات. زاراوەی ڕێژە لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو روخسارە چالاکەی کار دەگرێتەوە کە جێناوی لکاوی وەرگرتووە. کەواتە، ئەم کتێبەش لە ئاستی رستەسازی دەکۆڵیتەوە، چونکە جۆرە ڕێژەی ئاوها، خۆی لە خۆیدا بریتییە لە رستەیەکی زۆر کورت. لە ئەم توێژینەوەیەدا، زمانی کوردی شوبهێنراوە دارستانێکی ئەستوور فراوان و دژوار. لە رووبەری ئەو دارستانە چڕەدا ڕێگا هەیە وشارو شارێ هەیە، رووبار هەیە ئەشکەوت هەیە پرد و خەرەند هەیە. واتە ، هەموو چشتێك هەیە کە ڕێی ڕێبوار لێڵ بکات و نەتوانێت نەخشەیەك لە بیری خۆیدا ئامادە بکات وەك ئەندازیارێك، کە بتوانێت لە هەموو رووبەرەکە شارەزا بێت. لە ئەم دارستانە ئەستوور و پڕ جەنگەڵەدا دەبێت دەروازەی سەرەکی و ڕێگا سەرکییەکان و پردەکان دیاری بکرێن تا بتوانین وردە وردە هەموو رووبەرەکە تەی بکەین.**

**سەبارەت بە گەمارۆ دانی ئەو جەنگەڵستانە ئەستوورە، لەیەکەم هەنگاودا رووبەری ڕێژەی زمانەکە دوولەت کراوە بۆ دوو بەش. واتە ، بۆ (رووبەری رانەبردوو) و بۆ (رووبەری رابردوو) . لەئەم دابەش کردنەدا، بڕشتی زانستی هەرسێ کتێبەکەی پێشوو چەسپێنراوە و هەموو زانیاری یەکان یەکلایی کراونەتەوە بە شرۆڤەکاری زانستی.**

**پاشان لەئەو دوو رووبەرەدا، رووبەری (رانەبردوو) وەرگیراوە چونکە بنەڕەتییە و رۆنراو نییە. واتە ، لەئەو دیوە وە چووینە نێودارستانەکە، کە ( رانەبردوو)ە . لەئەم**

رووبەرەشدا ، ریێژەی زمانەکە دابەش کراوە بۆ دوو ژێر بەش، ژێر بەشی یەکەم بریتی‌یە لە ( ریێژەی هەموو کاری زمانەکە). ژێربەشی دووەم بریتی‌یە لە ( ریێژەی کاری بوون و دارشتەکەی هەبوون). ئەمجار، ژێر بەشی یەکەم وەرگیراوە، جونکە کێشەی (بوون ) لە ئارادا نی‌یە. لەئەو رووبەرەدا، روخسار و ئەرکی بنەرەتی جێناوەکان دابین کراوە و هەنگاوی سەرەتا دیاری کراوە لە رووبەری رانەبردووی هەموو کاری زمانەکەدا ، بێجگە لە بوون. پاشان، لەئەو رووبەرەوە روو کراوە لە ژێر بەشی دووەم کە تەنها و تەنها ریزمانی ( بوون و هەبوون ) هەڵ دەگرێت. لە پردی نێوان ئەم دوو رووبەرەدا ، چەند دیاردەیەك دەچەسپێت و روخساری جێناوی بنەرەتی ( بکەر) دەشێوێت . لە لایەکەوە جێنای کەسی سێیەمی تاك ( ێت) دەبێت بە (نادیار) و لە لایەکی دیکەوە هەرشەش جێناوەکە ئاوەژوو دەبن بەریێژەی کاری (بوون) ە وە و مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هەڵ دەگرن، بە پەنهانی. لەئەم کردەوەیەدا، لەکەسی سێیەمی تاکدا، مۆرفیمی (ـە) ئاشکرا دەبێت چونکە جێناوەکە بووە بە ( نادیار) و نادیاریش ناتوانرێت هیچ داپۆشێت. لەئەم رووبەرەدا ، باجگەی یەکەم ئەو هەڵ و مەرجەی سەپاند بەسەر ریێژەی کاری (بوون)دا، بەڵام کاتێك کە دەمانەوێت لەژێر بەشی کاری (بوون)دا، بۆ رووبەری ( تێپەر) بگەرێین، پردێکی دیکە دەهێتە ریمان، کە زاڵگەیەکی لەسەرە و ئەو زاڵگەیەش هەل و مەرجی خۆی دەچەسپێنێت . ریزە جێناوی (بکەر) بە ئەوە هەل و مەرجەوە، کە لە زاڵگەی یەکەمدا سەپێنراوە بە سەری‌دا، جارێکی دیکە زاڵگەی دووەم ئەرکەکەی دەگۆرێت لە ( بکەر) وە بۆ ( بەرکار) . پاشان ، ئەرکی بنەڕتی ریزە جێناوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) دەگۆرێت بۆ ( بکەر) . کەواتە، وەرچەرخاندنی ئەرکی جێناوی لەسەر پردی دووەم روودەدات و هەر لە بنەڕتی زمانەکەوە ( لەرانەبردوودا) دەچەسپێت بەسەر کاری (بوون)دا.

لە پاش ئەوەی لەرووبەری رانەبردوودا دوو پردو دوو زاڵگە دۆزراونەوە، هەموو نهێنی یەکان ئاشکرا بوون. ئەمجار، کاتی ئەوە هاتووە رووبکەین لەنیوەی دووەمی

**دارستانەکە کەبریتی‌یە ( رووبەری ڕێژەی رابردوو). لە پاش گەڕانێکی زۆر، زانرا کە دوو پرد هەیە بۆ پەرینەوە، لەنێوان ژێربەشی ( بوون و هەبون ) لەدیوی رانەبردوودا، ولە نێوان رووبەری فراوانی رابردوودا. ئەم دوو پردە یەکیکیان لە رووبەری رانەبردووی بوونی دەرچەرخاودایە. بێ گومان پردی یەکەم تەرخان کراوە بۆ رابردووی تێ پەر و پردی دووەم تەرخان کراوە بۆ رابردووی تێ نەپەڕ. لەسەر هەردوو پردەکە بۆ هەر ڕێژەیەك یەك مەرج هەیە بۆ پەرینەوە بەرەو ( رابردوو). هەر ڕێژەیەك کە بروات بۆ رابردووی تەواو، چی تێنەپەرو چی تێنەپەر بەخشراوە و هەڵ و مەرج نای گرێتەوە. یان، هەر ڕێژەیەك رووبکات لە رابردووی نزیك و بەدەوام و دوور دەبێت مۆرفیمی ئێستایی فرێ بدات، پێش ئەوەی هەنگاو بنێت بەرەو ئەو سێ جۆرە رابردووە. بە ئەم چەشنە، رووبەری فراوانی رابردوو ئاشکرا دەبێت کە زۆر زۆر سادەیە بەڵام ڕێگاکە پێچاو پێچە بەئاسانی نادرۆزێتەوە.**

**سەرەڕای ئەوەی کە گوترا، پلیکانەی روخساری ڕێژە و دوو دیاردەی ڤایرۆسی پێشاندراوە لە ڕێزمانی ڕێژەدا. لە پاشتردا، پوختەیەکی بە پێز لە سەر شێوەزاری گەرمیان پێش کەش کراوە. لە بەشەکانی کۆتاییدا، بەشێك تەرخان کراوە بۆ بابەتە پەراوێزی‌یەکان. لە کۆتاییدا ، بەرئەنجامی باسەکە پێش کەش کراوە و نەخشەی ئەو ڕێچکە سنیاکسی‌یانە نیگار کراوە لە رووبەرەکانی ڕێژەوە دەگەن بە (رستەسازی). لەگەڵ ئەوەشدا ، چەند بەلگەیەك پێش کەش کراوە بۆ هەبوونی ( میکانزمی وەرچەرخان) و ( میکانزمی رۆنان).**

## کتێبی پێنجەم

# بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین

| | |
|---|---|
| شوێن بەروار : | هەولێر ٢٠٠٠ |
| ژمارەی چاپکراو: | ٥٠٠ دانە |
| ژمارەی لاپەرە: | ١١٨ لاپەرە |

**پوختەی ناوەرۆکی کتێبەکە:**

**ئەم کتێبە زۆر سادەو ساکارە و هەر بە ساکاری ڕوو دەکات لە (٥٠) وردە کێشە لە ڕێزمانی کوردی و لە زمانی نووسیندا. کەواتە، ناوەرۆکی کتێبەکە فرە بابەتە و ئاستەکانی زمان وزمانی نووسین و ڕێنووس دەگرێتەوە. لە ئاستی هەر کێشەیەکدا شیکارێکی ڕێزمانی پێش کەش کراوە و لەبەر ڕووناکی ئەو شیکارە پێشنیاری بەجێ پێش کەش کراوە بە ئەو هیوایەی کە کەڵکی هەبێت، چی بۆ ڕێزمانی کوردی بە گشتی و چی بۆ زمانی نووسین بەتایبەتی. بۆ نموونە، لە کێشەیەکدا دەرخراوە کە کارەکانی (بەستن، بیستن، پەرستن) بریتین لە (بەستتن، بیستتن، پەرستتن).هەر لەبەر ئەوە لە ڕێژەی (بەستترا، بستترا،پەرستترا)دا ڕێزمانووسان دەپەشۆکێن و دەڵێن ڕێژەی (بکەر نادیار) بە ڕەگی رابردوو ڕۆدەنرێت، کەواش نییە. لەروبەرێکی دیکەدا، لەچەند کێشەیەکی دیکەدا، دەرخراوە دەنگی کپ هەیە لە ئەلبوومی زمانەکەدا و دەبێت بۆچوونەکان ڕاست بکەینەوە لەسەر دەرکەوتنی دەنگی (ت) لە (ڕۆیشتووەتەوە)دا. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم بابەتانە ڕاستییەکی ئاشکران و دەبێت ڕێزمانی کوردی خۆی بسازێنێت لەگەڵیاندا، نەك ئەو نموونانە بسازێنێت بە زۆر، بۆ ئەوەی دڵی ڕێزماننووسان نەشکێت. لەئاستی زمانی نووسیندا، لەچەند جێیەکدا (یەکخستن) و (هاورخساری)و (ڕاست کردنەوەی ڕوخسار) و ( دەرهاوێشتنی ڕوخساری نامۆ) پێش کەش کراوە. بە ئەم شێوەیە، لە ڕووبەری کتێبەکەدا (٥٠) کێشەی ئاوها دەرخراوەو زۆربەی زۆری**

بابەتەکانی، یان تازەن، یان، بەرێبازێکی نوێ سەودا کراون.

لە کۆتایی کتێبەکەدا، دوو دەروازە دانراوە بۆ بەرەنجامی ئەو پەنجا کێشەیەی کە باس کران. لە دەروازەیەی یەکەمدا ، دۆسیەیەك کراوەتەوە بە ناوی (بەرەو ڕێزمانێکی دروست و گەڵاڵە کراو). لە ئەم فایلەدا پانۆرامایەك بۆ ئەم خاڵانە پێش کەش کراوەکە ڕێزمانی کوردی دەبەن بەرەو پوختەسازی و بەرەو شرۆڤەکاری زانستی. لە دەروازەی دووەمدا، پانۆرامایەك پێش کەش کراوە بۆ ئەو خاڵانەی کە زمانی نووسین و ڕێنووسەکەی دەبەن بەرەو (ڕێزمان). ئەم دەروازەیە بریتییە لە (بەرەو زمانی نووسینی ڕێزماندار).

سەرنج: لە ئەم کتێبەدا هەندێك هەڵەی چاپی دەرکەوتوون داوای لێ بووردن دەکەین.

******

### کتێبی شەشەم

## لەمۆرکە تایبەتیەکانی ڕێزمانی کوردی

شوێن و بەروار : هەولێر ٢٠٠٠

ژمارەی چاپکراو: ٥٠٠ دانە

ژمارەی لاپەڕە : ١٥٠ لاپەڕە

پوختەی ناوەڕۆکی کتێبەکە:

ئەم کتێبە لە سێ بەشی سەربەخۆ پێك هاتووە کە بریتین لە:

دەروازەی یەکەم : پوختەیەکی بیردۆزەیی لە ڕێزمانەکەدا.

دەروازەی دووەم: لە مۆرکە ڕەسەنەکانی ڕێزمانی کوردی.

دەروازەی سێیەم: زمانێکی بەبڕشت و ڕێزمانێکی ڕەسەن.

لە دەروازەی یەکەمدا، پوختەیەکی تێرو پڕ پێش کەش کراوە بۆ ئەو بیردۆزەیەی کە ئێمە دامان ناوەو لە هەموو کتێبەکان و لێکۆڵینەوەکاندا دەی چەسپێنین. جوانترین بابەت لە ئەم بەشەدا بریتی یە لە نەخشەی (کارتە ڕێزمانیەکانی ڕستەسازی). ئەو کارتانەی دەشێت وەربگیرێن بۆ بەرنامەی کۆمپیوتەر بۆ ڕۆنان و وەچەرخاندنی ڕستە بە کۆمپیوتەر. لە پاش ئەوە، چەند نموونەیەك لە چەشنی (ڕاهێنان) شرۆڤە کراون، بە ئەو مەبەستەی کە خوێنەری ئازیز نزیك بکەینەوە لە بیر و بۆ چوونەکان.

لە دەروازەی دووەمدا : ڕووکراوە لە مۆرکە تایبەتیەکانی ڕێزمانی کوردی ، وەك:

مۆرکی یەکەم: دیاردەی جێ گۆڕکێی جێناو.

مۆرکی دووەم: میکانیزمی وەرچەرخان.

مۆرکی سێیەم : جیاوازی ڕابردووی تێ نەپەڕ و تێپەڕ.

مۆرکی چوارەم : ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی.

مۆرکی پێنجەم : شەبەنگی کەسی سێیەمی تاك.

لە مۆرکی یەکەمدا، ئاشکرایە کە لە ئەو زمانانەدا کە ئێمە شارەزاین تێیاندا، یان دەیان زانین، جێ گۆڕکێی جێناو نییە. واتە ، هیچ رەگەزێکی رێزمانی نییە ئاوها دایناميکی بێت و بەریزەبازێکی بنەمادار باز بدات بەسەر پلەکانی رستەدا.

لە مۆرکی دووەمدا ، دەرخراوە کە تایبەتکاری هەیە لە وەرچەرخانی ئەرکی جێناودا. واتە لەنەبردوودا رێزە جێناوی (م، یت ،ێت، ین، ن،ن) لە بنەڕەتدا لە رۆڵی بکەردایە و رێزە جێناوی (م،ت،ی،مان،تان،یان) لە رۆڵی بەرکار دایە. لەبەرانبەردا، لە رابردوودا ئەو دوو ئەرکە دەبن بە پێچەوانە و هیچ کون و کەلێنێك پەسەند ناکەن. بێ گومان، جۆرە دیاردەیەکی ئاوها دەگمەن، وا دەکات کە رێزمانەکەمان جودا ببێتەوە لە رێزمانی زمانانی دیکە.

لە مۆرکی سێیەمدا، دەبینین کە جێناوی بکەر جیاوازە لە رێژەی تێ نەپەڕدا، بە بەراوورد لە گەڵ رێژەی تێ پەڕدا. بۆ نموونە، لە (هاتین)دا جێناوی (ین) بریتییە لە (بکەر)، کەچی لە (گرتمان)دا جێناوی (مان) بکەرە. لە ئەم ئاستەدا ناتوانین بڵێین (هاتمان)، یان بڵێین (گرتین)، بێ گومان ئەم مۆرکە بریتییە لە یەکێك لە ئەنجامەکانی مۆرکی دووەم.

لە مۆرکی چوارەمدا، رووکراوە لە رێزمانی مۆرفێمی ئێستایی (ـە) وخۆ شاردنەوە و دەرکەوتنی لە رووبەرە جیاوازەکانی زمانەکەدا. لە ئەم دیاردەیەدا نەخشەی دابەشبوون خراوەتە بەر تیل. لە راستیدا، رەنگە زمانانی دیکە یەکسان بن لە رێزمانەکەیدا، بەڵام یەکسان نین لە ئەو ئەرکەدا کە لە رێزمانی کوردیدا بووە بە چرای رێگامان لە داستانە ئەستوورو تاریکەکەی زمانەکەدا.

لە مۆرکی پێنجەمدا، پەنا براوە بۆ شەبەنگی کەسی سێیەمی تاك، کە وەك (بکەر) هەیە و دەمێنێەوە لە هەر رێژەیەکی رابردووی تێ نەپەڕدا. یان ، وەك (بەرکار) هەیە و دەمێنێتەوە لە هەر رێژەیەکی رابردووی تێ پەڕدا. لە راستیدا رستەی رابردوو دەرباز نابێت لە شەبەنگی کەسی سێیەمی تاك، لە هیچ بارێکدا. هەر لەبەر ئەوە، ئەم

تایبەتکاری‌یە ڕێزمانەکەمان جودا دەکاتەوە لە ڕێزمانی دیکە.

کەواتـە، ئـەم مۆرکانە وەك هەبن لە ڕێزمانەکەدا ، چۆن پێویـست نابین بە ڕێزمانێکی ڕەسەن و تایبەتی.

لە دەروازەی سێیەمدا، باری بەبرِشتی و باری دژواری ڕێزمانەکە پێش کەش کراوە. لـە پاشتردا، دەرخراوە کە ئەو پێنج مۆرکەی دەروازەی دووەم و چەندین مۆرکی دیکە، ناشـێت و نـابێت بـە زمـانی دیکـە لێك بدرێنەوە. هەر لەبەر ئەوە ، ئەو ڕێزمانانە ئەگەر بـتوانن دادی ئێمـە بـدەن لـە ڕووی (عمومیات) ەوە، ناتوانن دادی ئێمە بدەن لە ڕووی (خصوصیات)ەوە. کەواتە ڕێزمانێکی ڕەسەن و خۆماڵی پێویـستە و دەبێت هەبێت.

لـە ئـەم ئاستەدا، نموونەیـەك پێشـکەش کـراوە ، وەك : (ئـەو ناردوونەتی و ئەم نەی نـاردوون). لـە ئـەم نموونـە سادەیەدا، چەندین میکانیزم و دیاردەی ڕێزمانی هەیە و ئەو میکانیزمانە زۆربەی زۆریان لە ڕێزمانی زمانانی دیکەدا بەرچەستە نین، وەك : میکانیزمی وەرچـەخان، میکانیـزمی جێگۆرِکـێ، جێـناوی یاسا بەزێن جێناوی نادیار، ڕاوێشکەی مۆرفـیمی ئێسـتایی، مۆرفـیمی ئێسـتایی داپۆشـراو، میکانیـزمی دەرکەوتـنی مۆرفـیمی ئێستایی. هتد.

بێگومـان، ڕێـزمانی ئـەم جـۆرە بابەتانـە دەتوانـن ڕێزمانێکی تایبەتی بۆ زمانەکە چێ بکـەن. لـە ڕاسـتی‌دا، دەبێـت ئەو نموونەیە، بەرێزمانێك سەودا بکەین کە لە پەراسووی زمانەکەوە دەرهێنرابێت.

******

### کتێبی حەوتەم

## شرۆڤەکاری ڕێزمانی لە زمانی نووسین دا

شوێن و بەروار : هەولێر ۲۰۰۰

ژمارەی چاپکراو : ۱۰۰۰ دانە

ژمارەی لاپەڕە : ۲۱۰ لاپەڕە

بە تەریبی لەگەڵ کتێبی پێنجەم (بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو زمانی نووسین)، ئەم کتێبەش پەنجا شرۆڤەکاری ڕێزمانی دەخاتە روو. واتە، پەنجا هەنگاو نراوە بەرەو زمانی نووسین لە چەندین دیاردەدا کە بە ڕێزمانی کوردی چارەسەر دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کتێبە بە شێوەیەکی فراونتر و کاریگەر تر روو دەکات لە کێشەکان. هەر لە بەر ئەوە، دەتوانین ئەو خاڵانە دیاری بکەین کە تەوەری بابەتەکانی لە سەر دەگەڕێت:

– پاراستن و دیاری کردنی روخساری ڕەگەزە ڕێزمانیی‌یەکان.

– لابردنی هەر دیاردەیەك کە بە هەڕەمەکی هاتبێتە نێو زمانی نووسینەوە.

– فەرامۆش نەکردنی هەندێك لە ڕەگەزە ڕێزمانیی‌یە وردەکان لە ئاستی ڕێنووسدا.

– دەست پاراستن لە ئاستی هەندێك روخساری چەواشە و جێگرەوە.

– کۆنترۆڵ کردنی هەندێك دەنگ کە بە سەربار دەردەکەون و لابردنی هەر نارێکی‌یەك کە لێیانەوە پەیدابووبێت.

– کلۆر نەکردنی دەنگی (د) و دەنگی (هـ) لە گۆکردن دا و لە نووسین دا.

– جودا کردنەوەی هەندێك ڕێژەکە هەر بە روخسار لە یەکتری دەچن و بەرچاو لێڵ دەکەن.

– دیاری کردنی ڕەگەزە بنجی‌یەکانی پرسیار و دیاری کردنی ئەو جۆرە رستانەی کە

شایستەی ئەوەن کە نیشانەی پرسیار (؟) بپۆشن.

– لابردنی ئەو مۆرفیمە بۆشانەی کە بە ڕێگای زار و ئەتیکێتی ناوچەیی دەگەن بە زمانی نووسین.

– ڕاست کردنەوە ڕێژەی چەوتی هەندێك لە کاری زمانەکە، وەك هاتن، هێنان، ژیان، گریان، هتد).

– دانانی خشتبڕێك بۆ داتاشینی وشەی ڕۆنراو لە (کار) ەوە.

– لابردنی هەندێك ڕێژە کە گیرفان دەکەنەوە و ڕستەکە ئاڵۆز دەکەن. یان، بە ڕستەی درێژکراوەی ناوچەیی زمانی نووسین پەرپووت دەکەن.

– بەکارهێنانی چەند ئەندازەیەك بۆ ناسینەوەی ڕێژەکانی بوون و هەبوون، بۆ جودا کردنەوەیان لە کارەکانی دی.

– ڕاست کردنەوەی هەندێك هەڵە کە هەر هەموومان بەبێ ئاگایی پیادەی دەکەین.

– جەخت کردن لە سەر دانانی دوو فۆنیمی بێ ڕوخسار لە زمانی نووسین دا، کە بریتیین لە بزوێنی بزرۆکە ( i ) و نەبزوێنی دالی کلۆر یان هێی سووك ( h).

– داناتی نەخشەیەك بۆ ڕێنووسی ڕێژەی کار. واتە، نەخشەیەك بۆ پێوەلکان و پێوەنەلکانی ئەو ڕەگەزانەی کە بریتین لە پێکهاتەکانی ڕوخساری ڕێژەی کار.

– داژەندنی نموونەیەکی چڕ و پڕ و ئاڵۆزکاو، کە بە پردی زمانی ئاخاوتنی ناوچەیی گەیشتووە بە زمانی نووسین. لە ئەو نموونەیەدا، ڕەگەزە ڕێزمانییەکان خراونەتە بەر پاشەکشێ، تا گەیشتوونەتەوە بە ڕوخساری ڕەسەنی خۆیان.

لە بەشی کۆتاییدا، تەرازووی زمانی نووسین دانراوە و هەموو ئەو بەرەنجامانە ریز کراون کە کەڵك و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە زمانی نووسینەوە. لە لایەکی دییەوە، ڕووبەرێکی فراوان تەرخان کراوە بۆ دەنگسازی لە زمانی نووسین دا و لە ئاستی کێشەی (گۆ کردن) و (ڕێنووس) دا چەندین هەڵوێست دەرخراوە. بۆ نموونە، دەگووترێت:

**– دەنگ هەیە دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە.**

**– دەنگ هەیە دەنووسرێت و ناخوێنرێتەوە.**

**– دەنگ نانووسرێت و دەخوێندرێتەوە.**

**– یان، دەنگ هەیە نانووسرێت و ناخوێنرێتەوە.**

**بێگومان، ئەم چوار هەڵوێستە بە جوانی نموونە ڕێژکراون.**

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر لە بواری زمانەوانیدا

١– کتێبی یەکەم (رستە سازی و شێتەڵکاری زانستی) هەولێر ١٩٩٦.

٢–کتێبی دووەم (میکانیزمە بنەڕەتی‌یەکانی رستەسازی) هەولێر ١٩٩٧.

٣– کتێبی سێیەم (دایнامیزمی جێناوی لکاو لە رستەسازیدا). هەولێر ١٩٩٧.

٤– کتێبی چوارەم (نەخشەی رۆنانی رێژەی کار). هەولێر ١٩٩٩.

٥– کتێبی پێنجەم ( لە مۆرکە رەسەتەکانی رێزمانی کوردی )، هەولێر ٢٠٠٠.

٦– کتێبی شەشەم ( بەرەو رێزمانی‌کوردی : بەرەو زمانی نووسین) ، هەولێر ٢٠٠٠.

٧– کتێبی حەوتەم (شرۆڤەکاری رێزمانی لە زمانی نووسیندا)، هەولێر ٢٠٠٠.

٨–کتێبی هەشتەم (رێزمانی پاشگری دووپاتی ەوە)، هەولێر ٢٠٠١.

بەرهەمی دادێ:

کتێبی نۆیەم (رێزمانی کەسی سێیەمی تاك).